ژمارە
49

# پێشمەرگە

گۆڤارێکی وەرزییە، وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات

## فەرماندەیی دەڤەرەکان..

### ستراتیژیەتێکی نوێ بۆ یەکخستنی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ لە ناو هێزی پێشمەرگەدا



بەهار 2026

# سەروتار



لیوا عوسمان محەمەد

## ((شەهیدانمان لەبیر ناکەین))
## رۆڵی دامەزراوە سەربازیەکان لەپاراستنی ئاسایشدا

ڕووداوەکانی شەڕی نێوان ئەمریکا و ئێران کاریگەریی زۆری بە سەر ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبوو، بەشێوەیەک بەشێکی زۆری وڵاتان توشی زیانی ماددی و مرۆیی بونەوە ، لەناو ئەوانیشدا هەرێمی کوردستان پریشکی ئاگرەکەی بەرکەوت و بە زیاتر لە ٨٠٠ موشەک و درۆنی بۆمبڕێژکراو پەلاماردرا و بەوهۆیەوە تووشی زیانێکی زۆری گیانی و ماددی بۆوە.

ئەو هێرشە بێپاساوانە ناخۆشترین دیمەنەکانی ئەم ڕووداوانەبون بۆ ئێمە . تا ئێستاش، بەشێک لە ئەنجام و کاریگەرییەکانی هەرماون.

شەهیدبوونی پۆلێک پێشمەرگە و ژمارەیەک هاووڵاتی، کارەساتگەلێکی گەورە و ناخۆش بوون ، ئەو شەهیدانە نەبەشداری شەڕیان کردبوو نە لە ناوچەی ئۆپەراسیۆنی لایەنە دژ بەیەکەکان بوون و بەبێ تاوانی کرانە ئامانجە شەڕانگێزەکانی دوژمنانی ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری کوردستان .

لە چەندین بۆنەی جیاوازدا، هەرێمی کوردستان بە تەواوی دامەزراوە دەستووری و یاساییەکانییەوە، بەردەوام دووپاتی کردووەتەوە کە بەشێک نییە لەو جەنگەی لە ناوچەکەدا هەڵگیرساوە و دەخوازێت لە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکاندا سنوور، خاک، خەڵک و دامەزراوەکانی پارێزراو بن ، بۆ ئەم مەبەستەش هیچ پەرچەکردارێکی نەبوو! تەنانەت پێشمەرگە دانی بە خۆیدا گرت و وەڵامی ئەو کردەوە ناڕەواو قێزەونانەی نەدایەوە کە لە زۆر حاڵەتدا دەیتوانی کردەی دژ بە گروپە تیرۆرستەکان ئەنجامبدات .

ئاشکرایە  کە زۆر لەو موشەک و درۆنە بۆمبڕێژکراوانەی ئاراستەی کوردستان کران لەلایەن هاوپەیمانان و بەشێکیشیان لەلایەن پێشمەرگەوە پوچەڵکرانەوە و نەیانهێشت قوربانی و زیانەکان زیاتر بین.

لە چەندین بۆنە و ڕاگەیاندراوی تایبەتدا سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پێشمەرگە بەرپرسیارانی ئەم کردەوانەیان ئاشکرا کردون و ئۆباڵی شەهید و  برینداربوونی پێشمەرگە و  هاووڵاتیانیان  خستە ئەستۆی گروپە تیرۆرستیەکان .

لای خەڵکی کوردستان و دامودەزگا فەرمیەکانی تەواوی ئەو نەیار و دوژمنانەی کورد ناسراون کە دەستیان لە کردەوە تیرۆریستییەکاندا هەبووە . جیا لەوە، بەرپرسیارەتی پاراستنی ئاسایشی عێراق و ئەو ناوچانەی کە گرووپە تیرۆریستییە لە یاسا دەرچووەکان کردەی هاویشتنی درۆن و مووشەکەکانیان تێدا ئەنجام دەدا ئەرکی حکومەتی عێراقە کەبیپارێزێت و ڕێگە لە ئەنجامدانی کردە تیرۆرستیەکان بگرێت .

گەرچی ئەرکێکی پیشەیی و یاساییان لە سەر شانبوو بەڵام هەڵوێست و لێپرسینەوەی  جدیان  نەبووە .
ئێستاش دوای ئەو ئەزمونە خراپەی کە لە بەرژەوەندی هیچ لایەک نەکەوتەوە  ، تەنیا زیانی بەسەرەوەری دەوڵەت گەیاندو بێهیوایی خەڵکی لەسەر پرسی ئاسایشی عێراق زیاترکرد .

دۆخەکە دەخوازێت و پێویستە ئەو گروپە لەیاسا دەرچوانە لەناو کایەی سیاسی و ئەمنی و یاسایی عێراق دەربکرێن .

لە ئێستادا و ئاییندەش پێشمەرگە دڵنیایی دەدات کە خوێنی شەهیدانمان بەفیڕۆ ناچێت ولەکات و شوێنی گونجاودا قسەی خۆی دەکات ؟!

هاوکات پەیام دەداتە هەموو لایەنەکان کە قۆناغی داهاتوو پێویستی بە ئارامی و سەقامگیری و پاراستنی  ئاسایش هەیە، بۆیە خوازیارە ناوچەکە ئاشتی بەخۆیەوە ببینێت و کۆتایی بە هەموو جۆرە پەلامار و دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان و سەنگەرو بارەگاکانی پێشمەرگە بهێنرێت.

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

# پێشمەرگە

گۆڤارێکی وەرزییە وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز:
وەزارەتی پێشمەرگە

ژمارەی مۆڵەتی (٤٤٢)ی سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستانی دراوەتێ

سەرنووسەر:
لیوا عوسمان محەمەد مستەفا (ریشە)

جێگری سەرنووسەر:
عمید شوان مەحمود ئەحمەد

سەرپەرشتیاری بەشی راگەیاندن:
عمید ستارعبدالکریم عزیز

سەرپەرشتیاری بەشی هۆشیاری نیشتیمانی:
عمید محەمەد صدیق حەمەد

بەڕێوەبەری نووسین - راگەیاندن:
عقید رەنج جەعفەر ئەحمەد

بەڕێوەبەری نووسین - هۆشیاری:
عقید قارەمان مەهدی محەمەد

دیزاین : بلال بکر سید غریب

پەیوەندییەکان بۆ گۆڤار و ماڵپەڕی وەزارەتی پێشمەرگە لەرێگای سەرنووسەر و ئەم ئیمەیل و ژمارە تەلەفۆنانەوە دەبێت

(+964) 750 466 1364 | Data@mopa.gov.krd | (+964) 772 531 5240


فەرماندەیی دەڤەرەکان.. ستراتیژییەکی نوێ بۆ یەکخستنی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ لە ناو هێزی پێشمەرگەدا
٢


ستراتیژییەت پێناسە، رەهەندە زانستییەکان پرۆسەکانی دارشتن و جێبەجێکردن
٤١


هەرێمی کوردستان لەبەردەم شەپۆلێکی بێ وێنەی هێرشی گرووپە چەکدارە لە یاسا دەرچووەکاندا
٦


جەنگا راگەهاندنێ بریڤەبرنا رووداو و بویەران بۆ دروستکرن و ئاڤاکرنا رامان و واتایان
٥٥


نەخۆشخانەی پێشمەرگە؛ ناوەندێکی مۆدێرن بۆ چارەسەر
٣٠


شۆڕشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان چەکی هەژان و شکستی سیستەمە گرانبەهاکان
٧٠



# فەرماندەیی دەڤەرەکان..

## ستراتیژیەتێکی نوێ بۆ یەکخستنی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ لە ناو هێزی پێشمەرگەدا

● ئامادەکردنی: رەنج جەعفەر

### پەیڕەوکردنی فەلسەفەی نوێی سەربازی

لە کاروانی چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگەدا، ساڵانی ٢٠٢٥ و ٢٠٢٦ وەک قۆناغی زێڕینی گواستنەوە بۆ دامەزراوەیەکی سەربازیی مۆدێرن تۆمار دەکرێن. ئەم پرۆسەیە کە بە پشتیوانیی ڕاوێژکارانی نێودەوڵەتی و تیمی هاوپەیمانان بەڕێوەدەچێت، تەنها ڕێکخستنەوەی کارگێڕی نییە، بەڵکو دارشتنەوەی پڕەنسیپی "فەرماندەیی و کۆنترۆڵ"ە (Command and Control) کە بڕبڕەی پشتی هەر سوپایەکی پڕۆفیشناڵە لە جیهاندا. ئەم وەرچەرخانە مێژووییە لە چەندین وێستگەی ستراتیژیدا گەڵاڵە بوو، کە هەموویان ئامانجیان دروستکردنی زنجیرەیەکی یەکگرتووی فەرماندەیی بوو بۆ بەهێزکردنی توانا سەربازییەکان.

### یەکخستنی ژێرخانی دارایی وەك بنەمای کۆنترۆڵ

سەرەتای ئەم وەرچەرخانە لە دەستبردن بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی یەکخستن و ڕێکخستنەوەی لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە دەستی پێکرد. ئەوە بوو لە پایزی ٢٠٢٥دا بە بڕیارێکی بوێری دارایی دەستی پێکرد، کاتێک وەزارەتی پێشمەرگە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران، یەک یەکەی ژمێریاریی سەربازیی یەکگرتووی بۆ سەرجەم هێزەکان جێگیرکرد. ئەم هەنگاوە کۆتایی بە سیستەمی دارایی جیاوازی هێزەکانی ٧٠ و ٨٠ هێنا و تەواوی میلاکاتی خستە ژێر یەک چەتری دارایی نیشتمانی. ئەمە بناغەیەکی پتەو بوو بۆ چەسپاندنی "کۆنترۆڵ"، چونکە لە زانستی سەربازییدا فەرماندەییەکی کارا بەبێ یەکخستنی سەرچاوە و بودجە مەحاڵە و ئەم بڕیارە متمانەیەکی گەورەی لای هاوپەیمانان دروست کرد.

### بنیاتنانی دەڤەرەکان و پەرەپێدانی توانای لۆجستی

لە دوای ڕێکخستنە داراییەکان، وەزارەت و سەرۆکایەتی ئەرکان سەرنجیان خستە سەر بنیاتنانی "فەرماندەیی دەڤەرەکانی یەک و دوو" و فیرقەکانی پیادە. لێرەدا چەمکی "فەرماندەیی و کۆنترۆڵ" لە ئاستی تیۆرییەوە گوازرایەوە بۆ قۆناغی جێبەجێکردنی مەیدانی. بە هاوکاریی ڕاوێژکارانی ئەمریکی و بەریتانی، نەخشەی میلاکات و هەیکەلی فەرماندەیی دەڤەرەکان بە جۆرێک دارێژرا کە توانای هەماهەنگی و جوڵەی هێزیان لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکاندا بەرزبکاتەوە. نۆژەنکردنەوەی کۆگاکانی چەک و پەرەپێدانی سیستەمی لۆجستی لەم قۆناغەدا، ئامرازێکی گرنگ بوون



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



بۆ ئەوەی فەرماندە مەیدانییەکان بتوانن کۆنترۆڵێکی وردیان بەسەر جوڵەی هێزدا هەبێت.

## چەسپاندنی دەسەڵاتی یاسایی و دامەزراوەیی

وێستگەیەکی تری ئەم پرۆسەیە لە شوباتی ٢٠٢٦دا بوو، کاتێک ئەنجوومەنی وەزیران ڕاپۆرتی گشتگیری وەزیری پێشمەرگەی پەسەند کرد، کە تێیدا ئەرک و تایبەتمەندییەکانی دەڤەرەکان دیاریکرا بوون. لووتکەی ئەم کاروانە بە واژۆی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، مەسروور بارزانی گەیشت، کە شەرعییەتی یاسایی و فەرمی بەخشییە دەسەڵاتە کارگێڕی، دارایی، یاسایی و پەیوەندییەکانی فەرماندەیی دەڤەرەکان. ئەم بڕیارە گەورەترین ئاستەنگی بەردەم ”زنجیرەی فەرماندەیی“ بڕی، چونکە بە فەرمی مەرجەعییەتی بڕیاردانی بۆ دەڤەرەکان لە ژێر ڕێنماییەکانی وەزارەتدا چەسپاند و ڕێگەی بۆ بڕیاردانی خێرا لە کاتی هەڕەشە ئەمنییەکاندا خۆشکرد.

## کاریگەریی فەرماندەیی دەڤەرەکان لە سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنەکاندا

لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا، گرنگیی ئەم فەرماندەییانە لەوەدایە کە “فەرماندەیی مەیدانی” و ”پابەندیی دامەزراوەیی“ پێکەوە گرێ دەدەن. کاتێک فەرماندەی دەڤەرێک خاوەن دەسەڵاتی دارایی و کارگێڕی بێت، دەتوانێت بە خێرایی پێداویستییە لۆجستییەکانی بەرەکانی جەنگ دابین و هەماهەنگییەکی تۆکمە لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان و سوپای عێراقدا بکات. ئەمە ئەو مۆدێلە مۆدێرنەیە کە هاوپەیمانان لە ڕێگەی “یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن”ەوە داوایان دەکرد؛ هێزێک کە تێیدا فەرماندەکان لە ڕێگەی سیستەمێکی پەیوەندیی پێشکەوتووەوە، ئۆپەراسیۆنەکان بە وردی بەڕێوەبەرن.

## پەیامی نێودەوڵەتی و گەرەنتی ئایندە

لە کۆتاییدا، کۆدەنگیی نێودەوڵەتی لەلایەن جەنەڕاڵ و پاشکۆ سەربازییەکانی وڵاتانی وەک ئەمریکا، بەریتانیا و نەرویج، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم چاکسازییە، پێشمەرگەی بردووەتە قۆناغێکی نوێی متمانەپێکردن. ئێستا وەزارەتی پێشمەرگە خاوەنی سیستەمێکی ”فەرماندەیی و کۆنترۆڵ“ی نیشتمانییە کە تێیدا هەموو ئۆپەراسیۆنەکان لە ژێر یەک ستراتیژیی پاراستنی خاکدا جێبەجێ دەکرێن. ئەمەش نەک تەنها پێشمەرگە بەهێزتر دەکات، بەڵکو گەرەنتییەکی پۆڵایینە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی سوپایەکی یەکگرتوو و بڕیاری یەکلاکەرەوە بێت.

> ” ئەم چاکسازییە پێشمەرگەی بردووەتە قۆناغێکی نوێی متمانەپێکردن. ئێستا وەزارەتی پێشمەرگە خاوەنی سیستەمێکی “فەرماندەیی و کۆنترۆڵ”ی نیشتمانییە “

# هەرێمی کوردستان

## هەڵوێستی ئاشتیخوازانە لە گەرمەی جەنگدا

● ئامادەکردنی: سەرباز محەمەد

> سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەریمی کوردستان لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا جەختی کردووەتەوە کە کوردستان نابێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی کێشە هەرێمییەکان

ئەو دۆخە سەربازییەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت، بەشێکی زۆری ناوچەکە و زۆربەی بوار و ئاستەکانی گرتووەتەوە و هەرێمی کوردستانیش لە پڕیشکی ئەم کەشە نەخوازراوەدا بەدوور نەبووە، بەڵام سەرباری هەڕەشەکان و تەنانەت زیانە ماددی و گیانییەکانی ئەم بارودۆخە، کەچی هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی فیدراڵی پابەندی نیەت و ستراتیژیەتی ئاشتیخوازانەی خۆی بووە و هەوڵی تێپەڕاندنی هەڕەشەکانی داوە و داوای کردووە لە لێکەوتە زیانبەخشەکانی ئەم پەرەسەندنە سەربازییە بەدوور بێت.

لەم هەلومەرجە هەستیارەدا، هەرێمی کوردستان لە ئاستی باڵا و لە ڕێگەی پەیامە فەرمیەکانییەوە جەختی لەسەر مافی پارێزراوی هەرێمی کوردستان کردووەتەوە و بە دانبەخۆداگرتنێکی زۆر و بە پەرۆشیوە بۆ ئاشتی، داکۆکی لە چارەسەری ناسەربازی کێشەکان و کۆتاییهێنان بە گرژییەکان کردووە و هەوڵیداوە هەرێمی کوردستان زیانی زیاتری پێنەگات.

لێرەدا بۆ مێژوو بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی هەرێمی کوردستان بدەین و ئەو ئاراستە تەندروستە بخەینەڕوو کە سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان گرتوویەتیەبەر، بە هەموو پێوەرەکان خزمەت بە ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە و بەرژەوەندییەکانی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکات.

### سەرۆکایەتی هەرێم؛ دیپلۆماسییەتی دیالۆگ و چارەسەر

بەپێی پەیامە بەردەوامەکانی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەرێم هەمیشە وەک



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

> **مەسروور بارزانی: ستراتیژیی حکومەت لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نیشتمانی داڕێژراوە؛ واتە کارکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی**

فاکتەری سەقامگیری خۆی پێناسە کردووە. سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا جەختی کردووەتەوە کە کوردستان نابێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی کێشە هەرێمییەکان. ئەم دیدگایە تەنها دروشم نییە، بەڵکو سیاسەتێکی واقیعییە بۆ دوورخستنەوەی جەنگ لە خاکی هەرێم. سەرۆکایەتی هەرێم پێی وایە کە بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان لەوەدایە کە پەیوەندییەکی هاوسەنگ و دۆستانەی لەگەڵ هەموو دراوسێکاندا هەبێت، بە مەرجێک ڕێز لە قەوارەی دەستووریی هەرێم و سەروەریی خاکی عێراق بگیرێت. ئەم جۆرە لە دیپلۆماسییەتە وایکردووە هەولێر ببێتە ناوەندێکی بڕواپێکراو بۆ هێورکردنەوەی گرژییەکان.

## حکومەتی هەرێم؛ پاراستنی قەوارە و ڕەتکردنەوەی دەستێوەردان

هاوکات، مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە، پاراستنی ئاسایشی هەرێم هێڵی سوورە. حکومەتی هەرێم لە بەیاننامە فەرمییەکانیدا هەمیشە ئەو پەیامەی داوە کە خاکی هەرێم بۆ هێرشکردنە سەر هیچ وڵاتێک بەکارنایەت، بەڵام لە بەرامبەریشدا بە توندی دژی هەر هێرشێکی مووشەکی یان درۆنی وەستاوەتەوە کە سەروەریی خاکەکەی دەبەزێنێت. ستراتیژیی حکومەت لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نیشتمانی داڕێژراوە، واتە بە ئیرادەی کوردستانیانەوە کارکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی، لە هەمان کاتدا پاراستنی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ.

هەروەها قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیران، ئەم هێرشانە وەک بەزاندنی سەروەریی عێراق و هەڕەشە بۆ سەر بژێوی و ئاسایشی وزە پێناسە دەکات و بەردەوام داوا لە بەغدا دەکات وەک لایەنی بەرپرسیار سنوورێک بۆ ئەو گروپانە دابنێت. هاوکات هەوڵ دەدات لە نێوان پاراستنی پەیوەندییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان و پاراستنی قەوارەی هەرێم هاوسەنگییەک ڕابگیرێت، بە جۆرێک کە نایەوێت هەرێم ببێتە مەیدانی یەکلاکردنەوەی ململانێ هەرێمییەکان، هاوکات بە توندی سەرکۆنەی ئەم هێرشانەی کردووە، جگە لەوەش داوای یەکڕیزیی ناوخۆیی کردووە بۆ بەرپەرچدانەوەی فشارە ئەمنی و ئابوورییەکان.

## وەزارەتی پێشمەرگە؛ هێزی پارێزەر و دۆکتۆرینی بەرگری

وەزارەتی پێشمەرگە وەک دامەزراوەیەکی نیشتمانی، دۆکتۆرینی سەربازیی خۆی لەسەر بەرگریی ڕەوا جێگیر کردووە. پەیامی وەزارەتی پێشمەرگە ڕوونە: پێشمەرگە پارێزەری خاک و خەڵکی کوردستانە. هەماهەنگییەکانی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی تەنها لە چوارچێوەی شەڕی دژی تیرۆر (داعش) و چاکسازییەکانی ناو وەزارەتدایە. ئەم هێزە بە هیچ شێوەیەک لەو ململانێ چەکدارییانەی لە ناوچەکەدا هەن، تێوەنەگلاوە. ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە پێشمەرگە هێزێکی دیسپلینکراوە و پابەندی بڕیارە سیاسییەکانی هەرێمە بۆ پاراستنی ئاشتی. بوونی پێشمەرگە وەک هێزێکی کاریگەر، گەرەنتییە کە بۆ ئەوەی پێگە و ڕۆڵی هەرێم پارێزراو بێت.

> **قوباد تاڵەبانی: هێرشی گرووپە چەکدارەکان، بەزاندنی سەروەریی عێراق و هەڕەشە بۆ سەر بژێوی و ئاسایشی وزەیە**

## هەرێم وەک چەقی هاوسەنگیی عێراق

سەقامگیریی هەولێر، کلیلی سەقامگیریی بەغدایە. بێلایەنیی ئەرێنی هەرێمی کوردستان یارمەتیدەری حکومەتی فیدراڵیش بووە بۆ ئەوەی عێراق بە گشتی لە مەترسیی تێوەگلان لە جەنگێکی ناوچەیی گشتگیر بپارێزرێت. بەیاننامە هاوبەشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە کاتی قەیرانەکاندا، نیشانەی تێگەیشتنی هاوبەشە بۆ ئەوەی خاکی عێراق نەکرێتە گۆڕەپانی تۆڵەکردنەوە. هەرێم لێرەدا وەک تەرازووییەک دەردەکەوێت کە نایەڵێت کێشی ململانێکان، لایەک بەلاکەی دیکەدا بخات.

## پەیامی ئاشتی لە ناو جەرگەی شەڕدا

هەڵوێستی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر سێگۆشەی ململانێی (ئەمریکا، ئیسرائیل و ئێران)، هەڵوێستێکی بەرپرسانە و مێژووییە. بە خوێندنەوەی گشتگیری پەیامەکانی سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەت و وەزارەتی پێشمەرگە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەرێمی کوردستان بژاردەی ئاشتی و دیالۆگی وەک تەنها ڕێگە بۆ مانەوە و گەشەپێدان هەڵبژاردووە. ئەم سیاسەتە نەک تەنها قەڵغانێکە بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان، بەڵکو وانەیەکی سیاسییە بۆ ناوچەکە کە چۆن دەکرێت لە نێوەندی گەورەترین ململانێی جیهانیدا، قەوارەیەکی سیاسی بتوانێت بە حیکمەت و دووربینی و ئیرادەی کوردستانیانەوە، خاک و ئاسایش و ژیانی هاووڵاتیانی خۆی بپارێزێت.

# هەرێمی کوردستان

## لەبەردەم شەپۆلێکی بێ وێنەی هێرشی گرووپە چەکدارە لە یاسا دەرچووەکاندا

● ئامادەکردنی : ئەحمەد فەرید

لەژێر سایەی ململانێیەکی توندی ناوچەیی کە جەمسەرەکانی ئەمریکا، ئیسرائیل و ئێران تێیدا لە کێبڕکێیەکی بەردەوامدان، هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە بووەتە ئامانجی سەرەکیی ئەو گرووپە لە یاسادەرچووانەی کە دەیانەوێت ململانێکان پەلکێشی ناو خاکی هەرێم بکەن. ئەو واقیعە تاڵەی کە ئەمڕۆ ئامارە فەرمییەکان نیشانی دەدەن، گوزارشت لە شەڕێکی سەخت و نائاسایی دەکات کە دژی قەوارەی هەرێم بەرپاکراوە. تاوەکو سەرەتای نیسانی ساڵی ٢٠٢٦، ئاسمانی کوردستان بە زیاتر لە ٨٠٠ هێرشی درۆنی و مووشەکی تەنراوە.




ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

> گرووپە لەیاسادەرچووەکان دەیانەوێت بە هەموو شێوەیەك سەقامگیریی هەرێم تێکبدەن و وەك ناوچەیەکی مەترسیدار بە جیهانی بناسێنن

**پێشینەی هێرشەکان.. ستراتیژیی "مقاوەمە" بۆ تێکدانی دۆخی ئارام**

پێش ئەوەی ناوچەکە بکەوێتە ناو جەنگێکی کراوە و ڕاستەوخۆ، گرووپە چەکدارەکانی ناو "مقاوەمەی ئیسلامی لە عێراق" بۆ ماوەی چەندین ساڵ ستراتیژییەکی پلان بۆ دارێژراویان دژی هەرێمی کوردستان پەیڕەو کرد. ئەم گرووپانە، بە بیانووی جیاجیا وەک بوونی بنکەکانی ئەمریکا یان تۆمەتی بێ بنەما، هەرێمی کوردستانیان کردبووە گۆڕەپانی تاقیکردنەوەی چەک و درۆنەکانیان.

لەو قۆناغەدا، هێرشەکان وەک "جەنگی هەراسانکردن دەبینران؛ ئامانجیان تەنها زیانی سەربازی نەبوو، بەڵکو تێکدانی سەقامگیریی سیاسی و ئابووریی هەرێمیش بوو. بە ئاراستەکردنی مووشەکەکان بۆ سەر کێڵگەی گازی کۆرمۆر، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و بارەگا سەربازییەکان، ئەو گرووپانە پەیامی سیاسییان بۆ بەغدا و واشنتۆن دەنارد، بەڵام باجە ڕاستەقینەکەی تەنها خەڵکی کوردستان دەیدات. هەر

ئەم هێرشانە هۆکاری زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بوون.

**باجی خوێناویی هێرشەکان و پەرەسەندنەکانی نیسانی ٢٠٢٦**

ئەم شاڵاوە تەنها زیانی ماددی و تێکدانی ژێرخانی ئابووری نەبووە، بەڵکو باجێکی مرۆیی قورسیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. لە ئەنجامی ئەم هێرشانەدا دەیان هاووڵاتی بێتاوان و کارمەندی کەرتی خزمەتگوزاری شەهید بوون و زیاتر لە ٩٥ کەسی دیکەش بریندار بوون. یەکێک لە وەرچەرخانە مەترسیدارەکانی ئەم دواییە لە مانگی نیسانی ٢٠٢٦دا بوو، کاتێک تەنها لە ماوەی یەک شەوی پڕ لە دڵەڕاوکێدا، ١٧ درۆنی بۆمبڕێژکراو لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە ئاراستەی سنووری پارێزگای هەولێر کران، کە ئەگەر بێتو سیستمە بەرگرییەکان زۆربەیانیان تێکنەشکاندایە، کارەساتێکی مرۆیی گەورەیان لە شارەکەدا دەقەوماند.

**ستراتیژیی تێکدانی سەقامگیری و ئاراستەکردنی ململانێکان بۆ ناو هەرێم**

ئامانجە سیاسی و ستراتیژییەکانی پشت ئەم هێرشانە زۆر ڕوون و ئاشکران؛ گرووپە لەیاسادەرچووەکان دەیانەوێت بە هەموو شێوەیەک سەقامگیریی هەرێم تێکبدەن و وەک ناوچەیەکی مەترسیدار بە جیهانی بناسێنن. ئەوان بە ئاراستەکردنی مووشەک و درۆنەکانیان بۆ سەر کێڵگە نەوتییەکان و ناوچە ستراتیژییەکانی سلێمانی و دهۆک، دەیانەوێت گوشار بخەنە سەر بڕیاری سیاسیی هەرێم و قەوارە دەستوورییەکەی لاواز بکەن. ئەم گرووپانە بێباکانە هەوڵ دەدەن هەرێم لە شەڕی وڵاتانی ناوچەکە تێوەبگلێنن و خاکی کوردستان بکەنە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی بێگانە. تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی کە شوێنی نیشتەجێبوونی بەرپرسانی باڵا و هاووڵاتیانی مەدەنی وەک ئامانجێکی سەربازی سەیربکەن، ئەمەش بەزاندنی هەموو هێڵە سوورە دیپلۆماسی و مرۆییەکانە.

**بەرپرسیارێتی نیشتمانی و پێویستیی هەرێم بە سیستەمی بەرگریی پێشکەوتوو**

لەبەرامبەر ئەم هەموو هێرش و پیلانانەدا، دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان پێویستی بە سیستمێکی بەرگریی ئاسمانیی پێشکەوتوو هەیە کە بتوانێت سنوورێک بۆ ئەو دەستدرێژیانە دابنێت. حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا ناتوانێت چیتر لەبەرامبەر ئەم هێرشانە بێدەنگ بێت کە خاکی عێراق و گرووپە چەکدارە ناوخۆییەکان بۆ تێکدانی ئاسایشی هەرێم بەکاری دەهێنرێن.

هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بەردەوام وەک قەڵغانێکی پۆڵایین لە ئامادەباشیدان، بەڵام ئەم جەنگە نوێیەی کە گرووپە لەیاسادەرچووەکانی "مقاوەمە" لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای درۆن و مووشەکەوە بەرپایان کردووە، پێویستی بە هەڵوێستێکی نێودەوڵەتیی ڕاشکاو و پشتیوانییەکی سەربازیی زیاتر هەیە. کاتی ئەوە هاتووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگری بکات لەوەی خوێنی هاووڵاتیانی کوردستان ببێتە سووتەمەنی ململانێی هێزە هەرێمییەکان و گرووپە وەکیلەکانیان.





# یەکخستنی زاراوە سەربازییەکان

## یەکگرتوویی هێز و ئیرادە
## هەنگاوە ستراتیژییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ وەدیهێنانی فەرهەنگی سەربازی

● ئامادەکردنی: خۆشی ستار

**زمان، تەنها ئامرازێک نییە بۆ لێکتێگەیشتن، بەڵکو کۆڵەکەی سەرەکیی ناسنامە و مانەوەی هەر نەتەوەیەکە. لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی گەلی کورددا، هێزی پێشمەرگە نەک تەنها پارێزەری خاک بووە، بەڵکو قەڵغانێک بووە بۆ پاراستنی زمان و کولتووری نەتەوەیی لە بەرامبەر شاڵاوەکانی توانەوە. ئەمڕۆش، لە قۆناغی بونیادنانی هێزێکی نیشتمانیی یەکگرتوودا، پاککردنەوە و پەرەپێدانی زمانی دایک لە نێو دامەزراوە سەربازییەکاندا، بووەتە ئەرکێکی حەتمی. لەم ڕوانگەیەوە، وەزارەتی پێشمەرگە لە چوارچێوەی بەرنامەی گشتگیری چاکسازییدا، هەنگاوێکی مێژوویی ناوە بە ناوی «پڕۆژەی یەکخستنی زاراوە سەربازییەکان»، کە بە پڕۆژەی ژمارە (٢٨) ناسراوە.**

### پاشخانێکی مێژوویی و پێویستی چاکسازی

سەرەڕای ئەوەی لە دوای ڕاپەڕینەوە و دواتریش لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥دا، زمانی کوردی بووە زمانی فەرمی، بەڵام کایەی سەربازی لە کوردستان بەهۆی پاشماوەی کولتووری سەربازیی ڕژێمەکانی پێشووی عێراق، بەردەوام لە ژێر کاریگەریی زاراوە و دەستەواژەی عەرەبیدا بووە.

لە ڕابردوودا، هەوڵەکان بۆ بەکوردییکردنی مەیدانی سەربازی پچڕپچڕ بوون. لە ئێستاشدا کە وەزارەتی پێشمەرگە سەرقاڵی پرۆسەیەکی گەورەی چاکسازی و یەکخستنەوەی هێزەکانە، بوونی «فرە زاراوەیی» و جیاوازیی شێوەزارەکان لە نێو یەکە سەربازییەکاندا، بەربەستێکە لە بەردەم دروستبوونی دۆکتۆرینێکی سەربازیی یەکگرتوو. لێرەوە، پڕۆژەی ژمارە (٢٨) وەک چارەسەرێکی زانستی لەدایک بوو.

### پڕۆژەی (٢٨)ی چاکسازی چییە و سوودەکانی چین؟

ئەم پڕۆژەیە بریتییە لە پرۆسەیەکی ورد بۆ کۆکردنەوە، ڕێکخستن و یەکخستنی تەواوی ئەو زاراوە و کورتکراوە سەربازییانەی لە دامەزراوەکانی وەزارەتی پێشمەرگەدا بەکاردێن (بۆ نموونە: جێگیرکردنی کورتکراوەی پ.م بۆ پێشمەرگە).

ئامانجی پڕۆژەکە تەنها گۆڕینی وشە نییە، بەڵکو پاککردنەوەی فەرهەنگی پێشمەرگەیە لە وشەی نامۆ و هاوتاکردنی زاراوە کوردییەکانە لەگەڵ ستانداردە سەربازییە نێودەوڵەتییەکان، کە ئەمەش ئاسانکارییەکی گەورە لە پرۆسەی مەشقی هاوبەش لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان دەکات. بە جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە، هێزی پێشمەرگە دەبێتە خاوەنی یەکەمین فەرهەنگی سەربازیی یەکگرتوو، کە ئەمەش مۆرکێکی نەتەوەیی پێ دەبەخشێت و لەڕووی مەیدانی و ئەکادیمیشەوە پرۆسەی وەرگێڕان و فێرکردن لە کۆلێژە سەربازییەکان یەکدەخات.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## بەرەو دامەزراوەییکردن: پێشنیازی دامەزراندنی «سەنتەری توێژینەوە و زاراوەسازیی سەربازی»

بۆ ئەوەی ئەم پڕۆژەیە تەنها لە چوارچێوەی کەمپینێکی کاتیدا نەمێنێتەوە و ببێتە کارێکی دامەزراوەیی بەردەوام، تیمی پڕۆژەکە پێشنیازێکی ستراتیژییان خستووەتەڕوو. پێشنیازەکە خۆی لە دامەزراندنی ناوەندێکی تایبەتمەند دەبینێتەوە لەناو وەزارەتی پێشمەرگە بە ناوی «سەنتەری توێژینەوە و زاراوەسازیی سەربازی»، کە دەکرێت سەر بە (بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕاگەیاندن و هۆشیاریی نیشتمانی، یان بەڕێوەبەرایەتیی مەشقی سەربازی، یان بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازی) بێت.

میکانیزمی کاری سەنتەرەکە: ئەم ناوەندە ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە نوێکردنەوەی زمانی کوردی لە بواری سەربازییدا دەگێڕێت. بە هەماهەنگی لەگەڵ پسپۆڕانی زمانەوانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی)، وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەزارەتی خوێندنی باڵا و ئەکادیمیای کوردی، کار لەسەر زاراوەکان دەکات.

لەلایەکی دیکەوە، سەنتەرەکە دەبێتە ناوەندێکی ئەرشیفی دیژیتاڵی و بانکێکی زانیاری، کە تێدا توێژینەوەی ستراتیژیی بۆ پاڵپشتیکردنی بڕیاردەرانی وەزارەت ئەنجام دەدرێت. بەمەش دەبێتە پردێکی ئەکادیمی لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و ناوەندە سەربازییەکانی جیهان بۆ گواستنەوەی نوێترین زانستەکان بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان.

## نەخشەڕێگای زانکۆی سەلاحەدین، پاڵپشتییەکی بەهێزی ئەکادیمی

سەرکەوتنی ئەم پڕۆژەیە پێویستی بە تێکەڵکردنی ئەزموونی مەیدانیی سەربازی و زانستی ئەکادیمی هەیە. لەم سۆنگەیەوە، نوێنەرانی لیژنەی زمانەوانیی زانکۆی سەلاحەدین (پ.د. نەریمان عەبدوڵلا کەریم، د. ڕێبین خالید خدر و م. میدیا موراد محەممەدئەمین) بە فەرمی پاڵپشتیی تەواوی خۆیان بۆ پڕۆژەکە ڕاگەیاندووە و بە «هەنگاوێکی بوێرانە و کوردپەروەرانە» بۆ پاراستنی هەرێم لە پەرتەوازەیی وەسفیان کردووە.

تیمە ئەکادیمییەکەی زانکۆی سەلاحەدین گرنگیی پڕۆژەکە لە چوار خاڵی ستراتیژیدا کورت دەکەنەوە:

١. ئەزموونێکی بوێرانەیە بۆ پاراستنی بواری هەستیاری سەربازی.

٢. دەبێتە نەخشەڕێگا و مۆدێلێک نەک تەنها بۆ بوارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، بەڵکو بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لە داهاتوودا.

٣. دەبێتە بناغەیەکی پتەو بۆ دروستکردنی زمانی ستانداردی کوردی و پاراستنی وشە ڕەسەنەکان لە فەوتان.

٤. بەرهەمهێنانی فەرهەنگێکی سەربازیی گشتگیر، کە هەم زمانەکە دەوڵەمەند دەکات و هەم دەبێتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ ئەفسەران و پسپۆڕان.

## هۆشداری و هەنگاوە پراکتیکییەکان

لەگەڵ ئەم پاڵپشتییەدا، شارەزایانی ئەکادیمی دوو تێبینیی زۆر گرنگ و هۆشدارییان خستووەتەڕوو:

یەکەم: کات زۆر گرنگە: «ئەم کارە تا زوو دەستپێبکرێت درەنگە» و پێویستی بە پشوودرێژی و تیمی فراوان هەیە.

دووەم: قۆناغی جێبەجێکردن: دوای ئەوەی پڕۆژەکە پەسەند کرا، دەبێت ڕێکاری توندی کارگێڕی بگیرێتەبەر بۆ ناچارکردنی دامەزراوەکان بە کارپێکردنی، تاوەکو هەوڵ و ماندووبوونی تیمەکە بەفیڕۆنەچێت.

هەروەها تیمە ئەکادیمییەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە، نەخشەڕێگایەکی (٨) هەنگاوییان بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکە داڕشتووە کە بریتین لە:

١. کۆکردنەوەی زاراوە سەربازییەکان.

٢. دروستکردنی لیستی زاراوەکان.

٣. پێداچوونەوەی زانستی بە لیستەکەدا.

٤. هەڵبژاردنی زاراوەی سەربازیی بناغە.

٥. دانانی فەرهەنگی زاراوەی سەربازی.

٦. پەسەندکردنی فەرمی پرۆژەکە.

٧. ناردنی فەرهەنگەکە بۆ دامودەزگا سەربازییەکان بۆ کارپێکردن.

٨. پرۆسەی بەردەوامی زیادکردن و نوێکردنەوەی زاراوەکان.

پڕۆژەی ژمارە (٢٨)، تەنها ئاڵوگۆڕپێکردنی چەند وشەیەک لە کاغەزە فەرمییەکاندا نییە، بەڵکو شۆڕشێکی ڕۆشنبیری و کارگێڕییە. تێکەڵبوونی ئیرادەی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ پاڵپشتییە بەهێزەکەی ناوەندە ئەکادیمییەکانی وەک زانکۆی سەلاحەدین و پێشنیازی دروستکردنی سەنتەرێکی تایبەت، ئەوە مسۆگەردەکات کە ئەم پڕۆژەیە سەربکەوێت. پێشمەرگە وەک چۆن بە چەکەکەی پارێزەری خاکی کوردستان، بە جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیەش دەبێتە قەڵغانی پاراستنی زمان و شوناسی نەتەوەیی.



# نەخشەڕێگای نوێی مەشق و ڕاهێنانی پێشمەرگە بۆ ساڵی ٢٠٢٦

## چۆن هێزی پێشمەرگە بە شێوازێکی زانستی و سەردەمیانە پەرەی پێدەدرێت

ئامادەکردنی: هیوا فاتیح محەممەد
فۆتۆ: بەدیع یاسین

لە چوارچێوەی پلاندانانی ستراتیژی و پەرەپێدانی تواناکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازی لە وەزارەتی پێشمەرگە، پلانی مەشقی ساڵی ٢٠٢٦ی بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی و سەرکردایەتی ئەفسەران، پلەداران و پێشمەرگە ئامادە کردووە. ئەم پلانە بە شێوەیەکی زانستی و هاوچەرخ داڕێژراوە تاوەکو لەگەڵ پێویستییەکانی قۆناغی ئێستا و گۆڕانکارییە نوێکانی بواری سەربازی لە جیهاندا گونجاو بێت.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەوانامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## سێ ئاستی سەرەکی پلانی مەشقی ٢٠٢٦

گۆڤاری پێشمەرگە لە بەدواداچوونێکی میدیاییدا تیشک دەخاتە سەر ئەو پلانانەی لە ساڵی نوێدا دەچنە نێو پرۆگرامی مەشق و ڕاهێنانی پێشمەرگەوە. عەمید نیزام عەلی موتەڵب، بەڕێوەبەری مەشقی سەربازی، ڕوونکردنەوەی زیاتری لەسەر ئامانج و شێوازەکانی مەشق و ڕاهێنانی ئەفسەران و کارمەندانی یەکە، دەڤەر، فیرقە و لیواکان لە وەزارەتی پێشمەرگە دا و ڕایگەیاند کە پلانی مەشقی ئەمساڵ سێ ئاستی سەرەکی دەگرێتەوە:

1. خولی بنەڕەتی: ئەم خولە تایبەتە بە دامەزراندنی بنەمای سەربازی، ڕێوشوێنی یەکە، پەروەردەی جەستەیی، بنەماکانی بەکارهێنانی چەک و تاکتیکە سەرەتاییەکان. مەبەست لێی دامەزراندنی بناغەیەکی بەهێزە بۆ پەرەپێدانی داهاتوو.

2. خولی ڕشتەیی: بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ڕشتەکان ئەنجام دەدرێت. بەشداربووان بەپێی پسپۆڕی و ڕشتەی خزمەتگوزارییەکانیان فێری بابەتە تایبەتەکان دەکرێن، وەک سیستەمەکانی پەیوەندی، فریاکەوتنی مەیدانی، ئەندازیاری سەربازی و بوارە پیشەییە تایبەتەکان، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی شارەزایی لە شوێنی کاردا.

3. خولی پەرەپێدان: ئەم قۆناغە تایبەتە بە پەرەپێدانی سەرکردایەتی، پلاندانانی ئۆپەراسیۆن، شیکاری سەربازی و شێوازە نوێکانی شەڕکردن. هەروەها بۆ زیادکردنی ئامادەیی جەنگی و توانای بڕیاردان لە بارودۆخی جۆراوجۆردا، گرنگی بە ڕاهێنانی مەیدانی و مەشقە ڕاستەوخۆکان دەدرێت.

## ستراتیژیی گشتیی پلانی مەشقی ٢٠٢٦

بەڕێوەبەری مەشقی سەربازی ئاماژەی بەوە کرد کە پلانی ساڵی ٢٠٢٦ پشت بە چەند بنەمایەکی سەرەکی دەبەستێت، لەوانە: نوێکردنەوەی زانیارییە سەربازییەکان بەپێی پێشکەوتنە جیهانییەکان، بەرزکردنەوەی کوالێتی مەشق لە هەردوو لای (بابەت و ئاست)، گونجاندنی سیستەمی مەشق لەگەڵ پێویستییەکانی مەیدان و شێوازە نوێکانی شەڕکردن و بەهێزکردنی ڕۆحی هاوکاری و یەکڕیزی لە نێوان یەکەکاندا. چاوەڕوان دەکرێت بەپێی ئەم پلانە، ئاستی کارامەیی و ئامادەیی جەنگی یەکەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبکرێتەوە.

## گۆڕانکارییەکان لە پرۆگرامەکانی مەشق و ڕاهێنان

سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان، عەمید نیزام ڕایگەیاند کە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو، لە پرۆگرامی ئەمساڵدا هەندێک گۆڕانکاری گرنگ ئەنجامدراون. گرنگترینیان بریتییە لە زیادکردنی بایەخ بە خولەکانی تاکەکەسی بۆ ئەفسەران و کارمەندانی پێشمەرگە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی و سەرکردایەتییان. پرۆگرامەکان بە





عمید / نیزام علی



عمید روکن / هێمن حەسەن



عقید / سەردار حسێن

شێوەیەکی نوێ ڕێکخراونەتەوە تاوەکو لەگەڵ پێویستییەکانی مەیدان هاوتابن، بە جەختکردنەوە لەسەر کوالێتی ڕاهێنان و بەرزکردنەوەی توانای تاکەکەسی هاوتەریب لەگەڵ کارکردنی تیمی.

### مەشقی نوێ و هەماهەنگی و هاوکارییەکان

دەربارەی مەشقە نوێیەکان کە پێشتر ئەنجام نەدرابن، بەڕێوەبەری مەشقی سەربازی ئاماژەی بە مەشقی (دووربینی شەو)ی ئەڵمانی لەسەر چەکی G3 و چەکی RPM57 کرد. هەروەها جەختی لە بەردەوامی هاوکارییەکان لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان کردەوە بۆ گۆڕینەوەی ئەزموون و هاوتاکردنی شێوازەکانی مەشق لەگەڵ ستاندارده نێودەوڵەتییەکان. هاوکات، هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق لە ڕێگەی لیژنە هاوبەشەکانەوە بۆ یەکخستنی بینین و گۆڕینەوەی شارەزایی لە بوارەکانی پلاندانانی ئۆپەراسیۆن و مەشقە هاوبەشەکاندا بەردەوامە.

### کەرەستە و پێداویستییە مەشقییەکان

عەمید نیزام عەلی موتەڵب ئەوەشی خستەڕوو کە کەرەستە و پێداویستییە مەشقییەکان تا ڕادەیەک لەبەردەستن، بەڵام پێویستی بە دابینکردنی زیاتر و نوێکردنەوەی هەندێک ئامێر بۆ گەیشتن بە ستاندارده بەرزەکان هەیە. وەزارەت هەوڵ دەدات لە چوارچێوەی پلاندانانی دارایی و هاوکارییەکاندا، کەموکوڕییەکان چارەسەر و ژینگەیەکی باشتر بۆ مەشق دابین بکات.

### خولەکانی مەشقی ئەمساڵ: وردەکاری و ئامانجەکان

لە لایەکی دیکەوە، عەمید هێمن حەسەن حەمەد، جێگری بەڕێوەبەری مەشقی سەربازی، تیشکی خستە سەر خولە پراکتیکییەکانی ئەمساڵ کە بریتیین لە:

- خولی تاکتیکی: پلاندانانی ئۆپەراسیۆنی لە ئاستی سریە و فەسیل، ڕێوشوێنەکانی جووڵە، هێرش و بەرگری.
- خولی شەڕی ناو شار: شێوازەکانی شەڕکردن لە ناوچە شارستانییەکان، پاککردنەوەی بیناکان و پاراستنی مەدەنییەکان.
- خولی دژە بۆمبی چێندراو: ناسینەوەی جۆرەکانی تەقەمەنی، ڕێنمایی پاراستن و ڕێکخستنی تیمی دژە بۆمب.
- خولی قەناس بەدەست: نیشانەگرتنی پێشکەوتوو، هەڵبژاردنی شوێن، کارکردن لە شەو و مەودای دوور.

هەروەها خولەکانی دامەزراندنی بازگە، پاراستنی کاروانی سەربازی و ڕاهێنانی سەرکردایەتی بەشێکی سەرەکین لەم پلانە.

### هەماهەنگی و میکانیزمی هەڵسەنگاندن

عەمید هێمن دووپاتی کردەوە کە هەماهەنگی یەکەکان لە ئاستێکی زۆر باشدایە. پرۆسەی هەڵسەنگاندنیش لە ڕێگەی ناردنی ڕاپۆرتی فەرمی دوای کۆتایی هەر خولێک ئەنجام دەدرێت، کە تێیدا خاڵە بەهێز و لاوازەکان دیاری دەکرێن. ئەم ڕاپۆرتانە دەبنە بنچینەی بڕیاردان بۆ پەرەپێدان یان پلەبەرزکردنەوە. ستراتیژییەتی وەزارەتی پێشمەرگە بریتییە لە بەرزکردنەوەی ئاستی تاکتیکی، فیزیکی و پیشەیی یەکەکان بۆ پاراستنی خاک و ڕێکخستنی هێزەکان.

### شێوازەکانی دروستکردنی بڕیار (عملیة صنع القرار)

باسی لەوەش کرد کە مەشق و ڕاهێنان لەسەر شێوازەکانی دروستکردنی بڕیار یەکێکە لە تەوەرە نوێیەکان، کە ئامانجی بەهێزکردنی توانای فەرماندەکانە بۆ گەیشتن بە بڕیاری ڕاست لەژێر فشاری مەیدانیدا. ئەم شێوازە، لەگەڵ پلاندانانی ئۆپەراسیۆنی، یارمەتی بەهێزکردنی توانای پیشەیی بە شێوەیەکی زانستی دەدات.

### پرۆسەی دارشتنی پلانی ساڵانە و پەرەپێدانی ڕاهێنەران

عەقید سەردار حسێن سابیر، بەڕێوەبەری بەشی پلان و مەشقی ناوخۆ ڕایگەیاند کە دارشتنی پلانی ٢٠٢٦ بە وردی و لەژێر ڕێنمایی وەزیری پێشمەرگە و سەرۆکی ئەرکان و جێگرەکانیان ئەنجامدراوە. هەروەها پەرەپێدانی توانای مامۆستایانی هەر سێ بنکەی مەشق (سلێمانی، دهۆک و کەرکووک) لە ڕێگەی خولی (ئەفسەری پۆل)ەوە دەبێت، تاوەکو باشترین تاکتیکەکان بگەیەننە یەکەکان.

لە بنکەکانی مەشق، سەرجەم خولەکان بەپێی ئاستەکانی (بنەڕەتی، ڕشتەیی و پەرەپێدان) دابەش دەکرێن، تاوەکو دڵنیایی بدرێت لەوەی هێزی پێشمەرگە بە شێوەیەکی سیستەماتیک و هاوچەرخ ئامادە دەبێت.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# پێشمەرگە لە کاروانی مەشق و راهێناندا

## چالاکییەکانی بنکەکانی مەشقی پیادە لە وەرزی یەکەمی ٢٠٢٦دا

● ئامادەکردنی: زانا عەزیز

مەشق و ڕاهێنان کۆڵەکەی سەرەکی و بنەمای بەهێزبوونی هەر هێزێکی سەربازیی سەردەمیانەیە. هێزی پێشمەرگەی کوردستان، وەک هێزێکی نیشتمانی و پارێزەری دەستکەوتەکان، هەمیشە لە هەوڵی نوێکردنەوەی تواناکانیدایە. لە دەسپێکی ساڵی ٢٠٢٦دا، بنکەکانی مەشقی پیادە لە سنوری (کەرکوک، دهۆک، و سلێمانی) بوونە ناوەندی گەورەی پێگەیاندن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و تکتیکی پێشمەرگە.

### خولەکانی مەشق و راهێنان

لە ماوەی مانگەکانی یەک و دووی ساڵی ٢٠٢٦، ئەم بنکانە شایەدی وەرزێیکی زێڕینی مەشق بوون. بنکەی مەشقی پیادەی کەرکوک، بە کردنەوەی ١١ خولی جیاواز، توانی ٢٠٣ پێشمەرگە لە بوارەکانی فەرماندەیی دەستە و بەکارهێنانی چەکەکانی وەک M240، MK19، و R.B.M57 ڕابهێنێت، کە ئەمە دەستکەوتێکی گرنگە بۆ یەکەکانی فرقەی ٣، ٤، و ٦.

هاوکات، بنکەی مەشقی پیادەی دهۆک کاروانەکەی بە ئاراستەی مەشقی بنەڕەتی و هۆشیاری سەربازی برد. لەوێدا جەخت لەسەر لایەنە هەستیارەکانی وەک دژە تەقەمەنی و عەبوە کرا بۆ یەکەکانی فرقەی ٧ و ٩، شانبەشانی مەشقی چەکەکانی هاوەن و دۆشکە و قەناس، کە ئەمەش نیشانەی ئامادەباشی هێزەکانە بۆ هەر ئەگەر و ڕووداوێکی نەخوازراو.

لە لایەکی ترەوە، بنکەی مەشقی پیادەی سلێمانی گەورەترین پشکی لەم پرۆسەیەدا بەرکەوت. بە هەوڵی بێوچانی ئەفسەران و مامۆستایانی مەشق، ١٥ خولی جیاواز بۆ ٢٩٩ ئەفسەر و پێشمەرگە کرانەوە. ئەم خولانە تەنها سنووردار نەبوون بە بەکارهێنانی چەک، بەڵکو بوارە گرنگەکانی وەک (شەڕی ناوشار، پزیشکی مەیدانی، و پلانی تکتیکی بۆ ئەفسەران)ی گرتەوە، کە ئەمە ئاستی لێهاتوویی هێزەکانمان بۆ شەڕی جەنجاڵ و پاراستنی گیانی سەربازان بەرز دەکاتەوە.

ئەنجامدانی ئەم هەموو خولە چڕوپڕانە لە ماوەیەکی کورتدا، دووپاتی ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە وەزارەتی پێشمەرگە و فەرماندەیی مەشقەکان، باوەڕی تەواویان بەوە هەیە کە ئەم پێشمەرگە ڕاهێنراوانەی ئەمڕۆ لەم بنکانە دەردەچن، دەبنە قەڵغانێکی قاییمتر بۆ پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستان، و بە زانست و بازووی بەهێزەوە بەرەو داهاتوویەکی گەشتر هەنگاو دەنێن.





"لە شەڕی ناو شارەوە تا دروستکردنی بڕیار؛
ستراتیژییەتی نوێی وەزارەت بۆ
بەرزکردنەوەی توانای جەنگیی یەکەکانە."



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku


1600
1700
1800
الأوقات



# بەڕێوەبەرایەتیی پشکنینی گشتی

## وەرچەرخانی جۆری لە سیستەمی پشکنینی سەربازیدا؛ نەخشەڕێگەی پشکنین و لوتکەی پلاندانان بۆ ٢٠٢٦

● ئامادەکردنی: بارزان روستایی

بەڕێوەبەرایەتیی پشکنینی گشتی یەکێکە لە پایە هەرە گرنگەکانی وەزارەتی پێشمەرگە کە ساڵانە بەپێی بەرنامەیەکی تۆکمە، پشکنین بۆ سەرجەم یەکە سەربازییەکان ئەنجام دەدات. ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٥دا هەنگاوێکی نوێی بۆ پێشخستنی هێزەکانی پێشمەرگە نا، کاتێک لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٥ کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی بە ئامادەبوونی وەزیری پێشمەرگە، سەرۆکی ئەرکان و ڕاوێژکارانی هاوپەیمانان ساز کرد.

لەو کۆنفرانسەدا، وێڕای پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی کارەکانی ٢٠٢٥، گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لەبارەی شێوازەکانی پشکنین و پلانی ساڵی ٢٠٢٦ ئەنجام درا، کە ئامانجی سەرەکییان بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتوویی جەنگی و دەستنیشانکردنی ئەفسەرانی بەتوانا بوو بۆ کارکردن لە پشکنەرایەتیدا.

بەڕێوەبەرایەتییەکە لە چوارچێوەی پلانی نوێدا، جەخت لەسەر چوار جۆری پشکنین دەکاتەوە؛ ئەوانیش: (پشکنینی فێرکاری، پشکنینی بەدواداچوون، پشکنینی تاقیکاری و پشکنینی لەناکاو) کە بوارەکانی مەشقی جەستەیی، لایەنی هونەری، کارگێڕی و تاکتیکی دەگرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش لە کۆتایی ٢٠٢٥ و سەرەتای ٢٠٢٦دا، زنجیرەیەک چاکسازیی کارگێڕی و تەکنیکی ئەنجام دراون؛ لەوانە چالاککردنی دەستەکانی پشکنەرایەتی (هیئات) و دابینکردنی نووسینگەی سەربەخۆ و پێداویستیی تەکنیکی وەک چاپکەر، بەتایبەت بۆ دەستەی پلاندانان. هەروەها بایەخێکی زۆر بە لایەنی مرۆیی دراوە لە ڕێگەی بەشدارپێکردنی پشکنەران لە خولەکانی کۆمپیوتەر و خولە ناوخۆییەکان کە تایبەت بوون بە شێوازی نووسینی ڕاپۆرت، ئامادەکردنی بنەماکانی پشکنین و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکەکاندا.

لە ڕووی مەیدانیشەوە، ساڵی ٢٠٢٦ بە چالاکییەکی چڕ دەستی پێ کردووە؛ لە مانگی شوباتدا پشکنین بۆ فرقەی ٢ و لیواکانی ٣٠ و ٦ ئەنجام دراوە، و لە مانگی ئازاریشدا بەڕێوەبەرایەتییەکانی گرێبەستەکان و پلاندانان پشکنینی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

> چوارچێوەی نوێی پشکنین: لە تیۆرییەوە بۆ پراکتیك؛ پۆلێنکردنی جۆرەکانی پشکنین و ئامانجە مەیدانییەکان

فێرکارییان بۆ کراوە. هەروەها کارکردن لەسەر "فەرمانە جێگیرەکان"ی بەڕێوەبەرایەتییەکە تەواو کراوە و ڕەوانەی وەزارەت کراوە. بۆ داهاتووش، پێشنیاری دروستکردنی سێ زومرەی نوێ (ئامادەکردنی ڕاپۆرت، ئامادەکردنی بنەماکانی پشکنین، و پشکنینی مەشقی جەستەیی) کراوە. لە دوایین هەنگاویشدا، لە ٢١ی نیسانی ٢٠٢٦ سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی مەشق و ڕشتەکان کراوە بۆ زیاترکردنی هەماهەنگی و خۆئامادەکردن بۆ پشکنینەکانی مانگی ئایار، کە ئەمەش نیشانەی بەردەوامی و جدییەتی بەڕێوەبەرایەتییەکەیە لە جێبەجێکردنی ئەرکە نیشتمانییەکانیدا.

لە ئەنجامی کۆتاییدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە کار و ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتیی پشکنینی گشتی، کۆڵەکەیەکی سەرەکییە بۆ بەرەوپێشبردنی کاروباری یەکەکانی سەربە وەزارەتی پێشمەرگە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە نیشتمانییانە، پێویستە کار لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

هۆشیاری و بەرپرسیارێتی: هاوتەریب لەگەڵ گەشەی زانستی سەربازی، پێویستە بایەخێکی زیاتر بە بەهێزکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانی لەناو گشت یەکەکاندا بدرێت، بە جۆرێک کە هەر تاکێکی ناو دامەزراوەکە هەست بە بەرپرسیارێتییەکی باڵا بکات.

پشتیوانی و ژێرخان: پێویستە سەرجەم پێداویستییە لۆجستی و کارگێڕییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی پشکنینی گشتی دابین بکرێت. ئەم پشتیوانییە لەبەر ڕۆشنایی پرۆسەی چاکسازی و زیادبوونی ژمارەی هێزەکان لە ساڵی نوێدا، پێویستییەکی هەنووکەییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئەرکە قورسانەی دەکەونە ئەستۆیان.

ئامانجی ستراتیژی: ئامانجی کۆتایی و بنەڕەتیی کۆنفرانسی پشکنین، بنیادنانی هێزێکی یەکگرتوو، خاوەن دیسپلین و ئامادەیە، کە بتوانێت بە باشترین شێوە پارێزگاری لە خاک و دەستکەوتە نیشتمانییەکانی هەرێمی کوردستان بکات.



# بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خانەنشینی پێشمەرگە و کەمئەندامان

## ڕێکخەری مافە یاساییەکانی تێکۆشەران

ئامادەکردنی: عەمید ستار عەبدولکەریم

**بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خانەنشینی پێشمەرگە و کەمئەندامان، یەکێکە لەو دامەزراوە گرنگانەی کە ئەرکی خانەنشینکردنی تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان و یاساکانی عێراقی فیدراڵ لەئەستۆ دەگرێت. ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئەرکێکی گەورەی نیشتمانی و نەتەوەیی دەکەوێتە ئەستۆی، چونکە گوزارشتە لە وەفاداری و بەرپرسیارێتیی حکومەت بەرامبەر بەو تێکۆشەرانەی کە لە پێناو پاراستنی خاک و نیشتماندا، تەمەنی خۆیان لە خەبات و بەرخوداندا بەخشیوە. گۆڤاری پێشمەرگە بە پێویستی زانی ڕاپۆرتێکی ورد لەسەر کار و چالاکییەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە و ئەو گۆڕانکارییە یاساییانەی کە هاتوونەتە ئاراوە، ئامادە بکات.**

### چوارچێوەی یاسایی و پرۆسەی خانەنشینکردنی ئەفسەران و کارمەندان

لەبارەی پرسی خانەنشین و کەمئەندامانی پێشمەرگە لیوا حاجی مەلا ئەمین ، بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین چەند زانیاری و ڕوونکردنەوەیەکی بە گۆڤاری پێشمەرگە ڕاگەیاند و وتی: کاروبارەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە ئێستادا لە چوارچێوەی کۆمەڵێک یاسا و ڕێنمایی تایبەتدا ڕێکخراون، کە دیارترینیان بریتین لە: یاسای ژمارە ٣٣ی ساڵی ٢٠٠٧ی ڕێزلێنانی پێشمەرگە، یاسای ژمارە ٣٤ی ساڵی ٢٠٠٧ی کەمئەندامانی سەنگەر و یاسای ژمارە ٣٨ی ساڵی ٢٠٠٧ی ڕاژە و خزمەت و خانەنشینی پێشمەرگە. ئەم یاسایانە لە ڕابردوودا ڕۆڵی سەرەکییان لە خانەنشینکردنی ئەفسەران و کارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگە و هەموو یەکە سەربازییەکاندا بینیوە.

بەپێی ئامارەکان، لە ساڵی ٢٠١٠ تا ٢٠٢٣، نزیکەی (٧٨٩٦) ئەفسەر و پلەدار دوای تەواوکردنی ڕێکارە یاساییەکان خانەنشین کراون و دۆسیەکانیان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خانەنشینی وەزارەتی دارایی و ئابووری کراوە. هەروەها، لە ساڵانی ٢٠٢٤، ٢٠٢٥ و سەرەتای ٢٠٢٦دا، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە کاری لەسەر دۆسیەی زیاتر لە (٣٤) هەزار ئەفسەر و پلەدار کردووە کە لە هەردوو فەرماندەیی یەکەکانی ٧٠ و ٨٠ـەوە هاتوونەتە سەر ئەم بەڕێوەبەرایەتییە و دوای چارەسەرکردنی کێشە کارگێڕییەکانیان، گواستراونەتەوە سەر میلاکی وەزارەتی دارایی بۆ وەرگرتنی شایستە داراییەکانیان.

### چارەسەرکردنی پرسی کەمئەندامانی سەنگەر و کاتنامەی مووچە

سەبارەت بە دواکەوتنی مووچەی کەمئەندامانی سەنگەر، بەڕێوەبەرایەتییەکە ڕوونکردنەوەی داوە کە دۆسیەی نزیکەی (٨٢٠٠) کەمئەندام لە مانگی ١٠ و ١١ی ٢٠٢٥ لە یەکەکانی ٧٠ و ٨٠ـەوە گەیشتوونەتە دەستیان. دوای وردبینی و دەرکردنی فەرمانی وەزاری و تەمویلکردنی مووچە و پاداشتی کۆتایی خزمەت، پرۆسەی وەرگرتنی مووچەکانیان بەم شێوەیە دابەش بووە:

1. لە مانگی ٢٠٢٦/١دا (٢٥٦٩) ئەفسەر و پلەدار مووچەکانیان وەرگرت.
2. لە مانگی ٢٠٢٦/٢دا (١٦٠٣) ئەفسەر و پلەدار مووچەکانیان وەردەگرن.
3. لە مانگی ٢٠٢٦/٣دا (١٣٠٦) کەمئەندامی کۆچکردوو (وارسەکانیان) مووچەکانیان وەردەگرن.

تەواوی دۆسیەکانی کەمئەندامانی سەنگەر کۆتاییان هاتووە، تەنها


لیوا / حاجی مەلا ئەمین

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە



کەمئەندامانی فەرماندەیی زێرەڤانی ماون کە بڕیارە لە مانگی ٢٠٢٦/٤دا کارەکانیان تەواو بێت و بگوازرێنەوە سەر میلاکی گشتیی خانەنشینی.

## مۆدێرنکردنی پرۆسەی دارایی و پرۆژەی "هەژماری من"

لە ئێستادا، پرۆسەی وەرگرتنی مووچە لە ڕێگەی بانکەکان و پرۆژەی "هەژماری من"ـەوە ڕێکخراوە. دوای تەمویلکردنی دۆسیەکان، خانەنشینان یان وارسەکانیان لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانەنشینی هەولێر و سلێمانییەوە ناسنامەی خانەنشینی و کۆدی تایبەتیان بۆ دروست دەکرێت. ئەوانەی پێشتر هەژماریان هەبووە پێویستیان بە دروستکردنەوەی هەژمار نییە و ڕاستەوخۆ مووچەکانیان لەو ڕێگەیەوە وەردەگرن، ئەمەش شەفافییەت و خێرایی لە گەیاندنی شایستە داراییەکاندا فەراهەم دەکات.

## لیژنە پزیشکییەکان و چارەنووسی کەمئەندامانی سەنگەر

بەپێی فەرمانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بڕیار دراوە تەواوی کەمئەندامانی سەنگەر دووبارە لە لایەن لیژنەی باڵای پزیشکی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی وەزارەتی پێشمەرگەوە ببینرێنەوە. هەندێک لەو کەمئەندامانە بەهۆی وەرگرتنی چارەسەر یان تێپەڕبوونی کات، باری تەندروستییان باش بووەتەوە و لە لیژنەکە دەرنەچوون، بۆیە پێویست بووە دۆسیەکانیان بگوازرێتەوە بۆ ژێر کاریگەریی یاسایەکی تر، وەک خانەنشینی ئاسایی یان گەڕانەوە بۆ ڕاژە لە یەکە سەربازییەکاندا بۆ بەردەوامبوونیان لە خزمەت.

## هۆکارەکانی دواکەوتنی دۆسیەکان و هاوتاکردنی یاساکان

دواکەوتنی هەندێک لە دۆسیەکان بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەوانە: گۆڕانکاری لە یاساکانی نێوان هەرێم و عێراقی فیدراڵ، وەک یاسای ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٤. دوای کۆبوونەوەی چڕ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان،




سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری دا کە لەڕووی تەمەنەوە بە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ی وەزارەتی بەرگریی عێراق مامەڵە بکرێت، بەڵام بۆ ئەژمارکردنی خزمەت یاسای ژمارە ٣٨ی ساڵی ٢٠٠٧ و بۆ مووچە بە هاوتاکردنی (معادلەی حسابی) یاسای ٩ی ساڵی ٢٠١٤ پەیڕەوبکرێت. هەروەها هۆکارێکی تری دواکەوتن بۆ نەبوونی دۆسیەی تەواو لە یەکە سەربازییەکان (بەتایبەت پێش دروستبوونی دەڤەرەکان) و بارودۆخی شەڕی داعش دەگەڕایەوە.

## تەمەنی یاسایی بۆ خانەنشینبوونی زۆرەملێ (ئیجباری)

بەپێی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ی وەزارەتی بەرگریی عێراق کە لە هەرێم پەیڕەو دەکرێت، ڕێکارەکان بەم شێوەیەن:

- هەر (سەرباز و پێشمەرگەیەک) تەمەنی گەیشتبێتە ٥٢ ساڵ و ١٥ ساڵ خزمەتی هەبێت، خانەنشین دەکرێت. ئەگەر خزمەتی لە ١٥ ساڵ کەمتر بێت، پاداشتی خانەنشینی پێدەدرێت.
- پێشمەرگە و پلەدارە هونەری و پسپۆڕەکان لە تەمەنی ٥٧ ساڵیدا بە ئیجباری خانەنشین دەکرێن.
- ٣- لە ماددەی 46 بڕگەی یەك، وەزیری پێشمەرگە بۆی هەیە درێژە بدات بە خزمەتی سەربازیی هونەری یان پسپۆڕی لە بەرژەوەندیی گشتی بەمەرجێك تەمەنی لە (60) ساڵ تێنەپەڕێت.
- بۆ ئەفسەران بەپێی پلەکانیان، تەمەنی خانەنشینبوون بەم شێوەیەیە:
- ملازم، ملازمی یەک و نەقیب: ٥٠ ساڵ.
- ڕائید: ٥١ ساڵ.
- موقەدەم: ٥٥ ساڵ.
- عەقید: ٥٧ ساڵ.
- عەمید: ٦٠ ساڵ.
- لیوا: ٦٢ ساڵ.
- فەریق و فەریق ئەوەل: ٦٣ ساڵ.

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خانەنشینی پێشمەرگە و کەمئەندامان دوپاتی دەکاتەوە کە هەوڵەکانیان بۆ چارەسەرکردنی هەموو گرفتەکان بەردەوامە و لە ئایندەیەکی نزیکدا هیچ جۆرە دواکەوتنێک لە ڕاییکردنی مامەڵەکاندا نامێنێت، تاوەکو مافی هەموو ئەو تێکۆشەرانە بە شێوەیەکی یاسایی و شایستە پارێزراو بێت.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

# وەرزش و مەشقی جەستەیی لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا

## بنیاتنانی سوپایەکی تۆکمە و ئامادەیە

● ئامادەکردنی: گۆران ڕەشید

بەڕێوەبەرایەتیی مەشقی جەستەیی و یارییە سەربازییەکان، وەک یەکێک لە جومگە هەرە گرنگ و چالاکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، کە سەر بە دائیرەی ئۆپەراسیۆن و مەشقی سەرۆکایەتیی ئەرکانە، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ئامادەکردنی هێزەکاندا. ئەرکی سەرەکیی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە تەنیا بەسەربردنی کاتێکی وەرزشی نییە، بەڵکوو سەرپەرشتیکردنی مەشقی جەستەییە پێش دەستپێکردنی هەر مەشقێکی سەربازی، لەگەڵ ڕێکخستنی یارییە سەربازی، جەنگی و وەرزشییەکان، تاوەکو پێشمەرگە لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە لەوپەڕی ئامادەباشیدا بێت.

### دروستکردنی یاریگایەکی مۆدێرنی فوتسال؛ هەنگاوێك بەرەو نوێگەری

لە چوارچێوەی پلانی گشتیی وەزارەتدا بۆ پەرەپێدانی چالاکییە وەرزشییەکان و بەهێزکردنی توانای جەستەیی و دەروونیی هێزەکان لە ناو دامەزراوە سەربازییەکاندا، بەڕێوەبەرایەتییەکە بڕیاری دروستکردنی یاریگایەکی مۆدێرنی فوتسالی داوە بۆ پێشمەرگەکان. ئەم یاریگا نوێیە بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی فوتسال دروست دەکرێت و سەرجەم پێداویستییە بنەڕەتییەکانی وەک: قەبارەی گونجاوی ڕووبەر، سیستەمی ڕووناکیی پێشکەوتوو، هۆڵی گۆڕینی جلوبەرگ و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی تێدا دابین دەکرێت.

ئامانج لەم پڕۆژەیە، ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبارە بۆ مەشق و ڕێکخستنی پێشبڕکێ ناوخۆییەکانی نێوان یەکەکانی پێشمەرگە. وەک کاربەدەستانی سەربازی ئاماژەی پێ دەدەن، وەرزشێکی وەک فوتسال ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لە کەمکردنەوەی فشاری دەروونی، زیادکردنی گیانی هاوکاری و یەکگرتوویی، و بەرزکردنەوەی متمانە بەخۆبوون. چاوەڕوانیش دەکرێت کارەکانی ئەم پڕۆژەیە لە ماوەیەکی دیاریکراودا تەواو ببن و لە داهاتووشدا پڕۆژەی هاوشێوەی تریش جێبەجێ بکرێن.

### نەخشەڕێگای ساڵی ٢٠٢٦ بۆ بەشی مەشقی جەستەیی

بۆ بەکردەییکردن و درێژەدان بەم ستراتیژییە، بەڕێوەبەرایەتییەکە پلانی گشتگیری ساڵی ٢٠٢٦ی داڕشتووە. لە بەشی مەشقی جەستەییدا، بڕیارە دوو خولی سەرەکی بەڕێوەبچن. خولی یەکەم کە پێی دەوترێت (خولی مەشقی جەستەیی ژمارە ٦ لە جۆری ڕشتە)، لە سەرەتای مانگی نیسان (٤) تا کۆتایی مانگی ئایار (٥) بەڕێوەدەچێت. خولی دووەمیش (خولی پەرەپێدانی مەشقی جەستەیی)ـە، کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم (١٠) تا سەرەتای مانگی تشرینی دووەم (١١) ئەنجام دەدرێت.

هەردوو خولەکە تایبەتن بە یەکەکانی بنکەی مەشقی پیادەی (سلێمانی، دهۆک، کەرکووک)، فەرماندەییی هێزەکانی پشتیوانیی یەک و دوو، لەگەڵ سەرجەم فیرقەکانی ١ تاوەکوو ١١. مەرجی بەشداریکردن لە خولی یەکەمدا ئەوەیە کە بەشداربوو ئەفسەری مەشقی جەستەیی بێت، و بۆ خولی دووەمیش



پێویستە پێشتر لە خولی مەشقی بنەڕەتیدا بەشدار بووبێت.

## ساڵنامەی پڕچالاکیی بەشی یارییە سەربازییەکان لە ٢٠٢٦

لە بواری یارییە سەربازییەکاندا، ساڵی ٢٠٢٦ ساڵێکی پڕ لە جووڵە و پێشبڕکێ دەبێت و چەندین چالاکیی جۆراوجۆر ڕێکدەخرێن. لە کۆتایی مانگی ئاداردا (٣)، چالاکیی ڕاکردنی مەودادرێژ (ضاحیة) بۆ سەرجەم فیرقەکان، هێزەکانی پشتیوانی، بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەت، بنکەکانی مەشق، ئینزیباتی سەربازی، فەوجی بەرگری و کۆلێژی ئەرکان ئەنجام دەدرێت، کە پێویستە ئەفسەری مەشق لەگەڵ سێ بەشداربوودا ئامادە بێت. بەدوای ئەمەدا و لە کۆتایی مانگی نیسان (٤)، چالاکیی سەرکەوتن بەسەر چیادا بۆ گشت یەکە و بنکەکانی وەزارەت بە هەمان مەرجی بەشداریکردنەوە ڕێکدەخرێت.

بۆ پاڵەوانێتییە وەرزشییەکانیش بەرنامەیەکی چڕ دانراوە؛ لە مانگی نیساندا (٤) خولی تێنسی سەرمێز بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیوانی وەزارەت دەکرێتەوە. خولی تۆپی پێی فوتسال بەسەر دوو قۆناغدا دابەش کراوە: قۆناغی یەکەم لە سەرەتای مانگی ئایار (٥) تا ناوەڕاستی حوزەیران (٦) بۆ فیرقەکان، هێزەکانی پشتیوانی، بنکەکانی مەشق و یەکەکانی تر دەبێت، قۆناغی دووەمیش لە سەرەتای تەمموز (٧) تا ناوەڕاستی ئاب (٨) بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیوانی وەزارەت ئەنجام دەدرێت.

لە وەرزی پاییزیشدا، لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلول (٩) خولێکی تری تێنسی سەرمێز بۆ فیرقە، لیوا، هێزەکانی پشتیوانی و بنکەکانی مەشق بەڕێوەدەچێت. پاشان لە مانگی تشرینی یەکەمدا (١٠) خولی تۆپی باڵە بۆ فیرقە و یەکە سەربازییەکان ڕێکدەخرێت. لە سەرجەم ئەم یارییانەدا مەرجە ئەفسەری مەشق وەک سەرپەرشتیاری تیپ یان بەشداربوو ئامادە بێت.

بۆ سەرخستنی ئەم چالاکییانەش، بڕیارە لە مانگی ئاداردا (٣) تەواوی پێداویستییە وەرزشییەکان بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان، کۆلێژی ئەرکان، ئینزیباتی سەربازی، فەوجی بەرگری و بنکەکانی مەشق دابین بکرێت، و لە مانگی حوزەیرانیشدا (٦) هەمان پێداویستی بۆ سەرجەم فیرقە و یەکە سەربازییەکان دابین دەکرێت.

## ئامانج و ناوەڕۆکی زانستیی خولەکان

ئەم خول و چالاکییانە خاوەنی ناوەڕۆکێکی زانستی و مەیدانین. بەهۆی گرنگییان لە ئامادەسازیی سەربازیدا، تیشک دەخەنە سەر بەرزکردنەوەی ئاستی لەشجوانی، و پەرەپێدانی توخمە بنەڕەتییەکانی وەک: هێز، بەرگەگرتن، خێرایی و چالاکی. لە پاڵ ئەمانەشدا، فێرخوازان ئاشنا دەکرێن بە بنەماکانی دەروونناسیی وەرزشی، کۆنترۆڵکردنی فشار و دروستکردنی متمانە بەخۆبوون کە کۆڵەکەی سەرەکیی ژیانی سەربازین. لە ناوەڕۆکی خولەکاندا گرنگی بە هەردوو جۆری وەرزشی بەکۆمەڵ (تۆپی پێ، فوتسال، باسکە و باڵە) و تاکەکەسی (تێنسی سەرمێز و ڕاهێنانی هێزی ماسولکەکان) دەدرێت. فێرخوازان تەنیا ڕاهێنانی پراکتیکی وەرناگرن، بەڵکوو یاسا و ستراتیژییەکان فێردەبن، بەشێکی تایبەتیش تەرخان کراوە بۆ فێرکردنی ڕێکخستنی پاڵەوانێتییەکان، تیروپشک، و بنەماکانی ناوبژیوانی، تاوەکو کارمەندی شارەزا لە بواری بەڕێوەبردنی وەرزشیدا پێبگەیەنرێت.

## میکانیزمی جێبەجێکردن و کاریگەرییەکان لەسەر توانای پێشمەرگە

ئەم نەخشەڕێگا فراوانە، بە شێوەی وتاری تیۆری، مەشقی مەیدانی، گفتوگۆ و کارلێکی ڕاستەوخۆ دەگوترێتەوە، لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆ ئاستی جەستەیی و تیۆریی بەشداربووان.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، وەک بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتییەکە جەختی لێ دەکەنەوە، ئەم هەنگاوانە تەنیا بۆ پڕکردنەوەی کات نین، بەڵکوو ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینن لە پەرەپێدانی تواناکانی سەرکردایەتی، کاری گرووپی و خۆڕاگری لە بەرامبەر ئاڵۆزییەکاندا. بەم جۆرە، وەزارەتی پێشمەرگە بنەمایەکی تۆکمە دادەنێت بۆ پێگەیاندنی سوپایەکی مۆدێرن و ئامادە، کە بتوانێت بە لووتکەی ورە و هێزەوە ئەرکە نیشتمانییەکانی جێبەجێ بکات.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# راگەیاندنی سەربازی

## کاریگەریەکانی لە ستراتیژیەتی نوێی وەزارەتی پێشمەرگەدا

ئامادەکردنی: محمد فاتیح



لە چوارچێوەی پلانی ستراتیژیی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ پەرەپێدانی توانای مرۆیی و بەهێزکردنی بنچینەی راگەیاندنی فەرمی، خولێکی تایبەتیی میدیایی بۆ ئەفسەران و کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی راگەیاندن و هۆشیاریی نیشتمانی بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات.

**چوارچێوە و سەرپەرشتیی خولەکە**

خولەکە لە رۆژانی ٢١ و ٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٦ لە «سەنتەری میدیا» بە سەرپەرشتیی راستەوخۆی بەڕێوەبەری گشتیی راگەیاندن و هۆشیاریی نیشتمانی بەڕێوەچوو، کە تێیدا نوێنەری راگەیاندنی (دەڤەری یەک) بە شێوەی فەرمی بەشدارییان لە خولەکەدا کرد. خاڵی جیاکەرەوەی ئەم خولە، بەشداریکردنی راوێژکارانی میدیایی هێزەکانی ئەڵمانیا بوو وەک بەشێک لە هەماهەنگییە نێودەوڵەتییەکان، کە رۆڵێکی کارایان لە رێنماییکردن و چاودێریکردنی بابەتە فێرکارییەکاندا هەبوو.

**مەشقێکی سەردەمیانە بۆ راگەیاندنی سەربازی**

ماوەی دوو رۆژی خولەکە تەرخان کرابوو بۆ پێشکەشکردنی چەندین بابەتی گرنگی بواری راگەیاندن کە پشتیان بە بنەما زانستییەکان و ئەزموونە پیشەییە نوێیەکان بەستبوو. تیشک خرایە سەر چۆنیەتیی دارشتنی پەیامی میدیایی، دیاریکردنی ئامانج، ناسینەوەی وەرگر (بینەر) و هەڵبژاردنی شێوازی گونجاو بۆ گەیاندنی زانیارییەکان.

لە بەشی پراکتیکیشدا، بەشداربووان لەسەر ستانداردە پیشەییەکانی وێنەگرتن، بەکارهێنانی تەکنیکی کامێرا و ئامرازەکانی دیکەی میدیا مەشقیان پێکرا. هەروەها بە شێوەیەکی زانستی لەسەر دروستکردنی کورتە ڤیدیۆ (ڤیدیۆ ستۆری)، نووسینی سیناریۆ و رێکخستنی ناوەڕۆک راهێنران، بۆ ئەوەی بتوانن پەیامێکی کاریگەر لە ماوەیەکی کورتدا بگەیەنن. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین نموونەی ڤیدیۆیی و کورتەفیلم شرۆڤە کران و هەڵسەنگاندن بۆ خاڵە بەهێز، لاوازی و شێوازی باشترکردنیان کرا.

**میدیا وەک چەکێکی کاریگەر**

ئەم خولە فێرکارییە وەک هەنگاوێکی گرنگ لە پرۆسەی نوێکردنەوەی کاری میدیایی لەناو دامەزراوە سەربازییەکاندا سەیر دەکرێت. بەو پێیەی لە سەردەمی ئێستادا، میدیا ئامرازێکی سەرەکی بۆ دروستکردنی رای گشتی، گواستنەوەی پەیامە نیشتمانییەکان و خستنەڕووی راستیی کار و تێکۆشانی هێزەکانی پێشمەرگەیە، بۆیە پێویستە ئەو ئەفسەر و کارمەندانەی لەم بوارەدا کار دەکەن، خاوەنی توانای پیشەیی گونجاو بن لەگەڵ سەردەمدا.

بەشداربووان جەختیان لەوە کردەوە کە ئەم جۆرە خولانە و ئاڵوگۆڕی ئەزموون لەگەڵ شارەزایانی نێودەوڵەتی، کاریگەریی ئەرێنییان لەسەر گونجاندنی تواناکانیان لەگەڵ پێشهاتە خێراکانی بواری راگەیاندندا هەیە و بۆ بەڕێوەبردنی کاری میدیایی سەربەخۆ، متمانەی زیاتریان پێدەبەخشێت.

ئەم هەنگاوەی وەزارەتی پێشمەرگە بەشێکە لە هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ دروستکردنی سیستەمێکی میدیایی بەهێز، پیشەیی و رێکخراو، کە بتوانێت وەڵامدەرەوەی پێداویستییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بێت و رۆڵێکی کارا لە بەرزکردنەوەی ورە، متمانە و وێنەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بگرێتە ئەستۆ.

# جەنگاوەری زانیاری

## یەکەیەکی چالاك بۆ شیکردنەوەی زانیارییەکان

● ئامادەکردنی: رائد ئارام ناسیح



لە دەیەکانی رابردوودا کە جەنگ هێشتا خەسڵەتە کلاسیکییەکانی خۆی لە دەست نەدابوو، زانیاری بەشێك بوو لەپایە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی هەر ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای سەربازیدا گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەسەر سروشت و فۆرمی جەنگدا هاتووە، چیدیکە جەنگ تەنیا لە مەیدانەکانی ڕووبەڕووبوونەوەوە و سنوورە جوگرافیەکاندا نییە، بەڵکوو فەزای زایارییەکان بوونەتە مەیدانی ڕاستەقینەی جەنگ، لێرەوە سەردەمی جەنگاوەرە ئازاکان بە کۆتا هات و شێوازی جەنگی کلاسیکی بوو بە بەشێك لە مێژوو.

ئەم پارادایمە نوێیەی جەنگ تێپەڕینە بەسەر بونیادە ماددی و فیزیکییەکان، چونکە جەنگ کار لەسەر دروستکردنی مانا، فاکتەرەکانی رەفتار و کۆنترۆڵکردنی بڕیاری مرۆڤەکان دەکات، لێرەدا زانیاری نەك تەنیا ئامراز ، بەڵکوو ئەرکێکی بنەرەتیە بۆ یەکخستنی هەموو مەیدانە جیاوازەکانی زەوی، ئاسمان و دەریا. جەنگ پڕۆسەیەکی عەقلانی و مەعریفیە و لەناو بونیادی عەقڵی ئینسانەوە سەرچاوە دەگرێت نەك لە ئاستە ماددی و فیزیکیەکان، لەبەرئەوە زانیاری ئەو گۆڕانکارییە قوڵەیە لە تێگەیشتن لە جەنگدا ڕوویداوە.

### سەنتەری ئۆپەراسیۆنی زانیاری گۆڕینی زانیاری بۆ چەکێکی کاریگەر

لەجەنگەکانی ئێستادا کە بە جەنگی تێکەڵ(Hybrid warfare) ناسراوە، زانیاری بووەتە بنەمایەکی سەرەکی باڵادەستی هێزی سەربازی لە بڕیار، پلاندانان و هێرشدا. سوپای ئەمریکا

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

نموونەیەکی باڵای ئەم گۆڕانکارییەیە کە لە کایەی جەنگدا لە پەیوەست بە ڕۆڵی زانیاری هاتوەتە کایەوە. لەناوەراستی نەوەدەکاندا یەکەیەکی تایبەتیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ژینگەی زانیاریەکان دامەزراند بەناوی(Land Information Warfare Activity ) دواتر لە ساڵی 2002 ناوی ئەم یەکەیە گۆڕدرا بۆ( Information Operation Command) ئەرکی ئەم یەکەیە بریتی بوو لە پلاندانان و شیکردنەوەی زانیارییەکان. لەم قۆناغەدا زیاتر جەخت کرایە سەر جەنگی دەروونی، جەنگی ئەلیکترۆنی و پڕوپاگەندە.

لە نیسانی 2026 ناوی ئەم یەکەیە گۆڕدرا بۆ Data Operations Center بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی لەبواری ژیری دەستکرد و زانیارییەکاندا هاتە کایەوە. لەمەودوا دروستکردنی داتای گەورەی زانیاری بووە بە پێویستییەکی ناچاری بۆ سووپاکان. لە ئەمڕۆدا زانیاری تەنیا مانا بەرهەم ناهینێت، بەڵکوو بڕیار دروست دەکات، دەتوانێت هەڵەکان کەم بکاتەوە و جوڵەی سەربازی خێرا بکات. ئەم ناوەندە تەنیا ڕەهەندی تەکنیکی نیە، بەڵکوو مەیدانێکە بۆ گۆڕینی داتا بۆ هێز و باڵادەستی لەبواری زانیاریدا کە کاریگەرترین بازنەی پەیوەندیە لەنێوان تەکنۆلۆجیا و عەقڵی سەربازیدا.

### ئەرکەکانی ئەم ناوەندە بریتین لە:

1- فەراهەم کردنی داتا و زانیاری متمانەپێکراوە بۆ ناوەندە سەربازییە بڕیادەرەکان کە فاکتەری سەرەکی بڕیاری دروست و ستراتیژیە.

2- جەنگی دەروونی و کۆنترۆڵکردنی بیرکردنەوەی دوژمن لەڕێگەی بەکارهێنانی داتای سۆشیال میدیا و ئینتەرنێت کە بەناردنی پەیام و بڵاکردنەوەی پڕوپاگەندە دەتوانێت ڕاستیەکان لە دوژمن بشێوێنێت.

3- ڕووبەڕووبوونەوەی پڕوپاگەندەی دوژمن بە ناسینەوەی هەواڵ و زانیاری چەواشەکارانە و پوچەڵکردنەوەیان لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاری دروست بەخێراییەکی زۆر.

داتاو زانیارییەکان ژێرخانێکی ستراتیژی گرنگن بۆ تێکدانی بیرکردنەوەی دوژمن و کۆترۆڵکردنی بڕیارەکانی. سەرکەوتنی سەربازی تەنیا بە تێکشکاندنی هێزی سەربازی نایاتە دی، بەڵکوو ئیفلیجکردنی توانای بیرکردنەوە و بڕیاردانی دوژمن بەشێکی سەرەکیە لەسەرکەوتن.

> دابینکردنی داتا و زانیاری دروست لەسەر سەرچاوەی هەڕەشەکان و پڕوپاگەندەکانیان دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ ببینێت لە ئۆپەراسیۆنی هێرشبردن

### ناوەندێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فیکری توندڕەوی

ناوەندەکانی ئۆپەراسیۆنی زانیاری ڕۆڵی گرنگ دەبینن لەڕووبەڕووبوونەوەی فیکری توندڕەویدا، چونکە بیری



تووندڕەوی دیاردەیەکی ئایدۆلۆژیە و کار لەسەر دابەشکردنی دونیا بۆ ڕەش و سپی دەکات، تووندوتیژی دەگۆڕێت بۆ پیرۆزی و دوژمنی وەهمی دەخوڵقێنێت. لەم سەردەمەدا گروپە توندڕەوەکان پشت بە پروپاگەندە و شەڕی دەروونی دەبەستن بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەکانیان و سوود لە ئامرازە جیاوازەکانی میدیا و سۆشیال میدیا دەبینن. ئەم ناوەندانەش دەتوانن بەشیوازی جیاواز لەدژیان بوەستنەوە:

کۆکۆدنەوەی داتا لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی وەك تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پێگەکانی ئینتەرنێت و تۆڕەکانی پڕۆپاگەندە، پاشان شیکردنەوەیان و پێشنیازکردنی ڕێگەی گونجاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان.

دابینکردنی داتا و زانیاری دروست لەسەر سەرچاوەی هەڕەشەکان و پڕوپاگەندەکانیان دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ ببینێت لە ئۆپەراسیۆنی هێرشبردن وەك داخستنی هەژمارەکان یاخود بڵاوکردنەوەی زانیاری پێچەوانە.

ئامادەکردنی داتاکان بۆ مۆدێلەکانی ژیری دەستکرد، ئەمەش یارمەتیدەرێکی گرنگە لە ناسینەوەی پڕۆپاگەندە و پەیامی دژبەر.

ناوەندەکانی ئۆپەراسیۆنی زانیاری بە بونیادنانی بالادەستی داتا و زانیاری بەشێوەیەکی کاریگەر ڕووبەڕووی فیکری توندڕەوی دەبنەوە.

## ئەنجام

دروستکردن و گەشەسەندنی ناوەندەکانی ئۆپەراسیۆنی زانیاری دەربڕی ئەو گۆڕانکاریە ڕیشەییە کە بەسەر شێوازی جەنگدا هاتووە. چیدیکە زانیاری ئامرازێکی لاوەکی نییە، بەڵکوو بنەمای سەرەکی بڕیاری ستراتیژی و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانە. لەو جەنگانەی لەم دواییانەدا ڕوویاندا ئەوەیان دەرخست کە ئۆپەراسیۆنی زانیاری زۆر گرنگترە لەو چەکە تەقلیدیانەی کە پێشتر سوپاکان بەکاریان دەهینا. ڕووبەڕووبوونەوەی پڕوپاگەندەکانی دوژمن، پوچەڵکردنەوەی هێرشە سایبەری و جەنگە دەرونییەکان کاری لەپێشینەی هەر سوپایەکە کە سەرچاوەکەی بوونی داتا و زانیارییە لەبەردەست یەکە سەربازییەکاندا، لەبەرئەوە پێویستە هەر سوپایەك بە گرنگییەوە بایەخ بە دروستکردنی سەنتەری ئۆپەراسیۆنی زانیاری بدات.

> زانیاری نەك تەنیا ئامراز، بەڵکوو ئەرکێکی بنەرەتیە بۆ یەکخستنی هەموو مەیدانە جیاوازەکانی زەوی، ئاسمان و دەریا.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# تەکنەلۆژیای زانیاری و ژێرخانی سەربازی..
# وەرچەرخانی دیژیتاڵی لە وەزارەتی پێشمەرگەدا

ئامادەکردنی: حەسەن شێخۆوسانی

**تەکنەلۆژیای زانیاری وەک بڕبڕەی پشتی دەوڵەتداریی مۆدێرن، دەکرێت وەک کۆمەڵێک ئامراز و پرۆسیس و ئامێری پێشکەوتوو بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی زانیارییەکان پێناسە بکرێت. ئامانجی سەرەکی ئەم بوارە، کۆکردنەوە و پرۆسێسکردن و هەڵگرتنی داتاکانە بە شێوەیەک کە خزمەت بە بڕیاردانی خێرا بکات. ئەم تەکنەلۆژیایە هەموو جومگەکانی وەک کۆدکردن، بەرنامەسازی، هەڵگرتن، وەرگرتنەوە و شیکاریی سیستمەکان لەخۆ دەگرێت. لەم چوارچێوەیەدا، وەزارەتی پێشمەرگە گرنگییەکی تایبەتی بەم بوارە داوە، نەک تەنها وەک ئاسانکارییەکی کارگێڕی، بەڵکو وەک بەشێکی سەرەکی لە پرۆژەی نیشتمانی بۆ ڕێکخستنەوە و یەکخستنی هێزەکان لەسەر بنەمایەکی زانستی و سەردەمیانە.**

## قەڵغانی دیژیتاڵی و ڕۆڵی تیمی پشتگیری تەکنیکی

سەبارەت بەم لایەنە ستراتیژییە، عەمید بەختیار خدادا حەسەن بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆژیای زانیاری تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە ڕۆڵی تیمی پشتگیری تەکنیکی لەناو وەزارەتدا گەیشتووەتە ئاستی "قەڵغانی دیژیتاڵی". بەو پێیەی وەزارەتی پێشمەرگە دامەزراوەیەکی سەربازییە، پاراستنی زانیارییەکان تێیدا ڕاستەوخۆ بە ئاسایشی نەتەوەییەوە بەستراوەتەوە. ئەم تیمە بەرپرسیارێتییەکی گەورەی لەسەر شانە کە تەنها لە چاککردنەوەی ئامێرەکاندا کورت نابێتەوە، بەڵکو دامەزراندن و پاراستنی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و پەیوەندییە وایەرلێسەکان لە نێوان سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکان و لیوا و یەکە سەربازییەکان لە ئەستۆ دەگرێت، تا گواستنەوەی فەرمانە سەربازییەکان لە کاتی شەڕ و ئاشتییدا بە بێ پچڕان بێت، ئەمەش لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گەیاندنی وەزارەتەوە ئەنجامدەدرێت.

عەمید بەختیار ئاماژە بەوەش دەدات کە لەبەر هەستیاریی زانیارییەکان، تیمەکەیان کار لەسەر سیستمە بەرگرییە سایبەرییەکان دەکات، وەک دانانی فایرووڵ و ڕێگریکردن لە هەر هەوڵێکی هاککردن یان دزەپێکردنی زانیارییە هەستیارەکان. تیمەکە ئەرکی دابینکردنی سیستمە نەرمەکاڵاکانی وەک بایۆمەتری و میلاکات و مووچەی لەسەر شانە و بەردەوام کار لەسەر کۆپییە یەدەگەکانی داتا دەکەن بۆ ئەوەی لە کاتی هەر ئەگەرێکی نەخوازراودا، ژێرخانی زانیاریی وەزارەت پارێزراو بێت. جگە لەمەش، خولەکانی ڕاهێنان بۆ ئەفسەران و کارمەندان بەشێکی سەرەکییە لە کارەکانیان بۆ ئەوەی کولتووری پاراستنی نهێنی و بەکارهێنانی دروستی تەکنەلۆژیا لەناو هێزەکاندا بچەسپێت.

## هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان و پرۆسەی چاکسازی

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە ماڵپەڕە فەرمییەکانی حکومەت و وەزارەتدا بڵاوکراونەتەوە، ئەم وەرچەرخانە دیژیتاڵییە بەشێکە لە پرۆژەیەکی گەورەی چاکسازی کە بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان بەڕێوەدەچێت. هێزە نێودەوڵەتییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دروستکردنی سوپایەکی یەکگرتوو پێویستی بە



عەمید / بەختیار خدادا



مقدم / وریا صدیق

> ئەم پرۆسەیە تەنها گۆڕینی ئامێرەکان نییە، بەڵکو مۆدێرنیزەکردنی ناسنامەی نیشتمانییە لەناو سیستەمی بەرگریدا

سیستمێکی داتابەیسی یەکگرتوو هەیە. لێرەوە تەکنەلۆژیای زانیاری دەبێتە پردی گواستنەوە لە سیستمە کلاسیکییەکانەوە بۆ سیستمێکی مۆدێرن کە تێیدا شەفافییەت لە مووچە و میلاکاتدا مسۆگەر دەبێت. ئەم پرۆسەیە پشتیوانییەکی زۆری تەکنیکی و لۆجستی لەلایەن وڵاتانی پێشکەوتووەوە لێ دەکرێت، تاوەکو پێشمەرگە ببێتە خاوەن سیستمێکی دیژیتاڵی هاوشێوەی سوپاکانی جیهان.

## بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان و ڕێکخستنەوەی میلاکات

لە لایەکی ترەوە، موقەدەمی ئەندازیار وریا سدیق حوسێن، جێگری بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆژیای زانیاری، باس لە گرنگیی سیستمی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان وەک بزوێنەری سەرەکیی ڕێکخستنەوەی هێزەکان دەکات. ئەم سیستمە تەنها بۆ تۆمارکردنی ناو نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی وردی پلاندانانە بۆ دیاریکردنی پسپۆڕییەکان و پێداویستییەکانی داهاتووی وەزارەت. لە ڕێگەی ئەم داتابەیسە ئەلیکترۆنییەوە، هەموو لایەنەکانی پەیوەست بە ئەفسەر و کارمەندان، لە پلەبەرزکردنەوە و گواستنەوە تا دەگاتە خانەنشینکردن و پاراستنی مافی شەهیدان، بە شێوەیەکی سیستماتیک و دوور لە ڕۆتینی کارگێڕی ڕایی دەکرێن.

جێگری بەڕێوەبەری تەکنەلۆژیا جەخت دەکاتەوە کە لەم سیستمە نوێیەدا، ئەرکی بەڕێوەبەرەکان گۆڕاوە بۆ دەرکردنی بڕیاری ستراتیژی و واژۆی ئەلیکترۆنی، نەک خەریکبوون بە وردەکارییە دەستییەکان. ئەمەش وای کردووە کە خزمەتگوزارییەکان بە خێراییەکی زۆرتر و بێ هەڵە بگەنە دەست کارمەندان. سیستمەکە مافی هەموو پێشمەرگەیەک دەپارێزێت و ئاسایشێکی کارگێڕی دابین دەکات کە ڕێگری لە هەر دەستکارییەکی نایاسایی دەگرێت.

## ئایندەی هەنگاوەکان

ئەرکی وەزارەتی پێشمەرگە لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیە تەنها گۆڕینی ئامێرەکان نییە، بەڵکو مۆدێرنیزەکردنی ناسنامەی نیشتمانییە لەناو سیستەمی بەرگریدا. لەم چوارچێوەیەدا، بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە؛ پرۆفایلی (٣٦٠) پلە،



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




بەمەش هەر ئەفسەر و پێشمەرگەیەک دەبێتە خاوەن ناسنامەیەکی دیژیتاڵی کە تێیدا مێژووی خزمەت، خولەکانی ڕاهێنان، پسپۆڕییەکان و پلەبەرزکردنەوەکانی پارێزراون. هاوکات، پەیڕەوکردنی واژووی ئەلیکترۆنی و نەهێشتنی مامەڵەی کاغەزیی، نەک هەر خێرایی بە ڕێکارەکان بەخشیوە، بەڵکو ڕەوایی یاسایی و چاودێرییەکی وردی خستووەتە سەر ڕێکارەکان، کە ئەمەش باشترین ڕێگەیە بۆ نەهێشتنی ڕۆتین.

ئاسۆی داهاتووی ئەم وەرچەرخانە، گەیشتنە بە ئاستی فەرماندەیی و کۆنترۆڵی ژێر (C4ISR)کە بوارەکانی (فەرماندەیی، کۆنترۆڵ، پەیوەندییەکان، کۆمپیوتەر، هەواڵگری، چاودێری و گەڕان) لەخۆدەگرێت. وەزارەت لە ڕێگەی کۆکردنەوە و شیکاری داتا گەورەکانەوە (Big Data) دەتوانێت پێشبینی پێداویستییەکان بکات و ستراتیژیی بەرگریی تۆکمە دابڕێژێت. لە پاڵ ئەمەشدا، بونیادنانی کولتوورێکی دیژیتاڵی و پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوێی ئەفسەران کە تەکنەلۆژیا وەک چەکێکی کاریگەر (هاوشانی تانک و مووشەک) دەبینن، گرنگترین دەستکەوتی ئەم قۆناغەیە. پێشمەرگەی سەدەی ٢١، بە داتا دەپارێزرێت و بە زانیاریی ورد سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت.

لە لایەکی ترەوە، بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆژیای زانیاری (IT) بەردەوامە لە بەهێزکردنی توانستی مرۆیی لە ڕێگەی خولە زانستییەکانەوە. ساڵانە دوو خولی پەرەپێدانی یەک مانگی بۆ کارمەندان لە بوارەکانی (هاردوێر و سۆفتوێر) ئەنجام دەدرێن، لەگەڵ خولی تایبەتی "ڕشتە" (Classify) بۆ ئەفسەرانی تازەپێگەیشتوو کە سێ مانگ دەخایەنێت. لەم خولانەدا، زانستی IT و ئەندازیاری لەگەڵ کایەی سەربازیدا یەکدەخرێن؛ بە شێوەیەک ئەفسەر وەک "نۆد"ێکی ناو تۆڕی جەنگی (-Net work Centric Warfare) ڕادەهێنرێت و فێری بەستنەوەی یەکەی سەربازی بە سێرڤەر و پاراستنی داتا دەبێت. هەروەها لەڕووی مەیدانییەوە، ئەفسەران ئاشنای ئەندازیاری بێتل، دانانی بورج و بەکارهێنانی وزەی جێگرەوە دەکرێن، بە هاوبەشی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گەیاندن ئەم ڕاهێنانانە ئەنجامدەدرێن. لایەنێکی تری گرنگی ئەم ڕاهێنانانە بریتییە لە "ڕێکخستنی سێنسۆرەکان" (Sensor Fusion) بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی سەربازی، وەک بەکارهێنانی سێنسۆری جووڵە، کامێرای دوورمەودا و سیستەمی ناسینەوەی دۆست و دوژمن (IFF). لە ساڵی ٢٠٢٥دا، تا ئێستا (٢) خولی پەرەپێدان و (٢) خولی "ڕشتە" بە سەرکەوتوویی جێبەجێ کراون، کە ئەمەش هەنگاوێکی کردارییە لە پرۆسەی کارکردندا.

## ئاسۆکانی داهاتوو

بە گشتی، تەکنەلۆژیای زانیاری لە وەزارەتی پێشمەرگەدا بووەتە پێویستییەکی حەتمی. یەکە جیاوازەکانی وەک بەشی پرۆگرامسازی، پاڵپشتی دۆکیومێنت و چاودێریی ئەلیکترۆنی، هەموویان پێکەوە بۆ کەمکردنەوەی تێچوو و لابردنی ڕۆتینە کۆنەکان کار دەکەن. ئەم هەوڵە نیشتمانییەی وەزارەت، بە پشتیوانیی ئەزموونی جیهانی، ئامانجی ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگە بکاتە خاوەن ژێرخانێکی زانیاریی بەهێز، کە تێیدا تەکنەلۆژیا وەک چەکێکی بێدەنگ بۆ پاراستنی نیشتمان و ڕێکخستنی هێزەکان بەکاربهێنرێت. ئەمە هەنگاوێکی گرنگە بەرەو حکومەتی ئەلیکترۆنی و دروستکردنی دامەزراوەیەکی سەربازی کە لەسەر بنەمای وردی، خێرایی و شەفافییەت بنیات نراوە.

# نەخۆشخانەی پێشمەرگە

## ناوەندێکی مۆدێرن بۆ چارەسەری

● ئامادەکردنی: گۆران ڕەشید

لەو کاتەوەی ئەرکی پیرۆزی پاراستنی نیشتمان کەوتووەتە سەر شانی پێشمەرگە، دابینکردنی ژیانێکی شایستە و تەندروستییەکی باش بۆ ئەو تێکۆشەرانە بووەتە سەرەتاکانی کاری حکومەت و وەزارەتی پێشمەرگە. لەم چوارچێوەیەدا، نەخۆشخانەی پێشمەرگە وەک یەکێک لە هەرە دامەزراوە تەندروستییە پێشەنگەکان، نەک تەنها وەک ناوەندێکی چارەسەر، بەڵکو وەک فریادڕەسێکی مرۆیی بۆ خزمەتکردنی پێشمەرگە، کەسوکاریان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان لە کارکردندایە.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## پرۆسەی کار و سیستەمی خزمەتگوزاری

هەموو بەیانییەک لەگەڵ کاتژمێر ٨دا، جوڵە لە نێو ڕێڕەوەکانی ئەم نەخۆشخانەیەدا دەستپێدەکات. پزیشکان و کادیرانی تەندروستی بە ڕۆحیەتێکی لێوانلێو لە بەرپرسیارێتی، پێشوازی لە نەخۆشان دەکەن. یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم دامەزراوەیە، بوونی ڕێکخستنێکی وردە؛ خشتەی کاری ڕۆژانەی پزیشکان بەردەوام لە ماڵپەڕی فەرمی وەزارەت بڵاودەکرێتەوە تاوەکو نەخۆشان بە کەمترین کات و ماندووبوون بگەنە لای پسپۆڕی پێویست. لێرەدا پزیشکان بە سیستەمێکی گۆڕاو کار دەکەن، بە جۆرێک ڕۆژانی یەکشەممە و چوارشەممە تەرخانکراوە بۆ نەشتەرگەرییە وردەکان، وەک گۆڕینی جومگە و نەشتەرگەرییە گشتییەکان، کە بە سەرکەوتووییەکی بەرچاو ئەنجام دەدرێن.

## گەشەپێدان و تەکنەلۆژیا، هەنگاو بەرەو ئایندە

ساڵی ٢٠٢٦ بۆ نەخۆشخانەی پێشمەرگە ساڵی دروێنەکردنی بەرهەمی پلانە ستراتیژییەکان بوو. دروستکردنی دەرمانخانەیەکی نوێ لە دەرەوەی بینای سەرەکی و دامەزراندنی وێستگەیەکی سووتەمەنی بۆ پشتیوانی لۆجستی، ئاماژەی ڕوونن بۆ گەشەکردنی ژێرخانی ئەم ناوەندە. لە ڕووی تەکنەلۆژیاوە، نەخۆشخانەکە تەنها پشت بە کاغەز نابەستێت، بەڵکو سیستەمی ئەلیکترۆنی بۆ تۆمارکردنی زانیارییەکان بەکار دەهێنێت، ئەمەش وردی و خێراییەکی زۆری بەخشیوە بە پرۆسەی چارەسەرکردن.

## ئامارەکان دەدوێن

ئەگەر سەیری داتا و ئامارەکانی سێ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٦ بکەین، قەبارەی ئەو ئەرکە گەورەیەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەسەر شانی ئەم دامەزراوەیەیە. لەم ماوە کورتەدا، ٦,٧٦٣ نەخۆش سوودمەند بوون، کە نزیکەی نیوەیان پێشمەرگە و نیوەکەی تریان کەسوکاریان بوون. لە بەشی ناوخۆییەوە کە پشکی شێری بەرکەوتووە (٢,٠٥٦ نەخۆش)، تا دەگاتە بەشەکانی تری وەک گورچیلە، ئێسک و شکان، مێشک و دەمار، دڵ و ئافرەتان، هەمووان بە یەک ئاست و بە ئامێری مۆدێرن خزمەت کراون. هەروەها ئەنجامدانی ٧٠ نەشتەرگەری سەرکەوتوو لەم ماوەیەدا، گەواهی لێهاتوویی ستافی پزیشکی نەخۆشخانەکەیە.

## فریاکەوتن و تاقیگە؛ چاوی بێداری تەندروستی

نەخۆشخانەکە تەنها لە کاتی دەوامدا کار ناکات، بەڵکو بەشی فریاکەوتنەکەی ٢٤ کاتژمێر بە ڕووی برینداران و نەخۆشە کتوپڕەکاندا کراوەیە. بە بوونی ٦ ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن و ستافێکی چاوکراوە، نەخۆشخانەکە هەمیشە لە ئامادەباشیدایە. لە لایەکی ترەوە، بەشەکانی تاقیگە، تیشک و سۆنار نوێترین تەکنەلۆژیای جیهانی بۆ دابین کراوە، ئەمەش وای کردووە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان لەم ناوەندەدا زۆر ورد و زانستی بێت.

لە کۆتاییدا، دەتوانین بڵێین نەخۆشخانەی پێشمەرگە تەنها ناوەندێکی تەندروستی نییە، بەڵکو وەڵامێکی کردەیی و وەفادارانەی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ خزمەتکردنی ئەو قارەمانانەی ژیانی خۆیان پێشکەش بە خاک و نەتەوە کردووە. سوپاس و پێزانینی بەڕێوەبەرایەتی و ستافی نەخۆشخانەکە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، دووپاتکردنەوەی ئەو ڕاستییەیە کە ئەم گەشەپێدانە بەردەوام دەبێت و ئامانج لێی گەیشتنە بە بەرزترین ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی.

# نەخشەی ئۆفلاین

## سەنگەرێکی نوێ بۆ سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنەکان

● ئامادەکردنی: بارزان رزگار روستایی

### گۆڕانکاری لە هاوکێشە سەربازییەکاندا

لە جیهانی مۆدێرنی سەربازیدا، سەرکەوتن تەنها لە ڕێگەی هێزی چەک و تەقەمەنییەوە بەدەست نایەت، بەڵکو "زانیاریی وردی جوگرافی" و توانای شیکردنەوەی خێرای زەوی، ئەو سنوورەیە کە سەرکەوتن و شکست لە یەکتر جیادەکاتەوە. بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کە لە جوگرافیایەکی سەختی وەک چیا سەرکەشەکان و دۆڵە قووڵەکانی کوردستاندا ئەرکی پاراستنی نیشتمانیان لەسەر شانە، پشتبەستن بە تەکنەلۆژیا بووەتە پێویستییەکی ژیانی. لەم چوارچێوەیەدا، تەکنەلۆژیای (Of-fline Maps) تەنها ئامرازێکی لاوەکی نییە، بەڵکو وەک بەشێکی سەرەکی لە پرۆسەی بڕیاردانی سەربازی (MDMP) هەژمار دەکرێت، کە زانیاریی دروست بۆ ڕووپێوکردنی مەیدانی دابین دەکات.

### هەنگاوێکی پێشەنگ و ئاماری خولەکان لە لیوای ٢٢

وەزارەتی پێشمەرگە لەرێگەی لیوای ٢٢ی سەر بە فیرقەی چواری پیادە، هەنگاوی کردەیی بۆ ئەم مۆدێرنەکردنە ناوە. لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٦دا، ئەم لیوایە بووە چەقێکی گرنگی ڕاهێنانی ئەفسەران. مێژووی کارکردن بەم سیستەمە لە لیواکەدا بۆ ساڵی ٢٠٢٢ دەگەڕێتەوە و تا ئێستا پێنج خولی فەرمی تێدا کراوەتەوە. لەم خولانەدا نزیکەی ١٠٠ ئەفسەر و پلەدار بەشدار بوون و مەشقیان لەسەر بەکارهێنانی GPS و چۆنیەتی پۆلێنکردن و پاراستنی دۆکیۆمێنتە سەربازییەکان لەسەر ئامێرە زیرەکەکان کردووە، کە لە کۆتاییدا بڕوانامەی پسپۆڕییان پێ بەخشراوە.



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە



## دیدگای فەرماندەیی: داهێنان لە پرۆسەی بریاردانی سەربازی (MDMP)

عەمید محەممەد تەپەدێیی، فەرماندەی لیوای ٢٢، جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە فەرماندەکان "بیرۆکەی داهێنەرانە" لە ئۆپەراسیۆنەکاندا بەکاربهێنن. بە بڕوای ئەو، بەبێ زانیاری ورد لەسەر خاک، هێزی سەربازی وەک کوێرێک وایە لە تاریکیدا. فەرماندەیی لیوا پێشنیار دەکات کە ئەم زانستە شۆڕبکرێتەوە بۆ ناو هەموو یەکە سەربازییەکان، چونکە نیشاندانی ئۆپەراسیۆنەکان لەسەر نەخشەی زیندوو و شاشەی دیژیتاڵی، بەرچاوڕوونییەکی بێوێنە دەداتە فەرماندە بۆ بڕیاردانی دروست.

## وردەکارییە تەکنیکییەکان، ئاسایشی زانیاری و سیستەمی (MGRS)

مقدم عومەر ئەحمەد حەسەن، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و هۆشیاری نیشتیمانی لیوای ٢٢ی پیادە کە ئامادەکاری ئەم خولەیە ڕوونیکردەوە؛ لە ڕووی تەکنیکییەوە، ئەم بەرنامەیە گونجاوترین بژاردەیە بۆ ئۆپەراسیۆنە وشکانی و ئاسمانییەکان، بەتایبەت بۆ هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان، چونکە پشت بە سیستەمی جیهانیی (MGRS) دەبەستێت. خاڵی هەرە گرنگ لەم تەکنەلۆژیایەدا "ئاسایشی زانیارییە"؛ هەموو پۆتان و خاڵە تۆمارکراوەکان بە پارێزراوی دەمێننەوە و ناچنە ناو سیستەمی گشتیی گوگڵەوە، بەڵکو وەک فایلی تایبەت دەتوانرێت ئەرشیف بکرێن یان بە شێوەیەکی پارێزراو لە نێوان ئامێرەکاندا بگوازرێنەوە.

## ڕێبەرێکی سێ زمانە و خزمەتگوزارییەکانی بەرنامەکە

بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوامیی فێربوون، ڕێبەرێکی تایبەتی سێ زمانە (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) ئامادە کراوە کە هەموو هەنگاوەکانی ڕێکخستنی بەرنامەکە ڕوون دەکاتەوە. ئەم خزمەتگوزارییە بۆ سیستەمی ئەندرۆید و کۆمپیوتەریش بەردەستە، کە ڕێگە دەدات ئەفسەران بە ئاسانی شارەزای پێنج ئایکۆنە سەرەکییەکەی بەرنامەکە بن و بۆ کاروباری جەنگ سوودی لێ ببینن.

## جەنگی دژ بە سنوورداربوونی سیگناڵ لە ژینگەی سەختدا

گەورەترین ئاڵنگاری لە شاخەکانی کوردستاندا نەبوونی هێڵی ئینتەرنێتە. نەخشەی ئۆفلاین ئەم کێشەیەی چارەسەر کردووە؛ پێشمەرگە دەتوانێت پێشوەختە

> ”
> **تواناى خوێندنەوەی خێرا بۆ زەوی، ئەو خاڵەیە کە سەرکەوتن و شکست لە یەکتر جیادەکاتەوە.**
> “

جوگرافیای ناوچەکە دابەزێنێت و لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکەدا، بەبێ ئینتەرنێت تۆپۆگرافیای ناوچەکە و ملیۆنان خاڵی سەربازی بە وردی ببینێت.

## نوێکردنەوەی بەردەوام

وەک ڕێنماییەکی گرنگ جەخت لەوە دەکرێتەوە کە بەکارهێنەران دەبێت بە بەردەوامی نەخشەکانیان نوێ بکەنەوە (Update) تاوەکو دوایین گۆڕانکارییەکانی زەوییان پێ بگات. پەرەپێدانی ئەم سیستەمە لە ناو هێزی پێشمەرگەدا، هەنگاوێکی ستراتیژییە بەرەو مۆدێرنەکردنی سوپایەک کە زانست و تەکنەلۆژیا دەکاتە قەڵایەک بۆ پاراستنی نیشتمان.

شەهید

# شەهیدانی غەدر و خیانەت

## گوڵاڵەسوورەکانی بەهاری خوێناوی

● ئامادەکردنی: هیوا فاتیح

لەو کاتەی سروشت خەریکی خۆ ڕازاندنەوە بوو بۆ جەژنی نەورۆز و هاتنی بەهار، دەستی ڕەشی غەدر و خیانەت ئاسمانی پاکی کوردستانی تەنی. بەرەبەیانی ٢٤ی ئازاری ٢٠٢٦، کاتێک شەونم هێشتا لەسەر گەڵای دارەکان مابوو، حەوت تیشکی ڕوونی ئەم نیشتمانە، حەوت پێشمەرگەی لاو و قارەمان، بە خوێنی ئاڵی خۆیان مژدەی قوربانیدانیان بە بەهاردا و وەک گووڵاڵەسوورەی دەشتی سۆران، ڕووی خاکیان سوورپۆش کرد.

ئەو ڕۆژە، سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بووە گۆڕەپانی هێرشێکی ناپاکانەی موشەکیی بالیستی. ئەم دەستدرێژییە کە دوور بوو لە هەموو پرەنسیپێکی مرۆڤایەتی و دراوسێیەتی، بارەگاکانی فیرقەی ٧ و ٥ی هێزی پێشمەرگەی کردە ئامانج؛ ئەو هێزەی تاکە تاوانی پاراستنی ئارامیی و ئاسایشی خەڵکی کوردستانە. لەم هێرشەدا، نەک هەر سەروەریی خاک، بەڵکو هەموو بەهاکانی پێکەوەژیان لەلایەن ناحەزانەوە پێشێل کران.

ئەو حەوت ئەستێرەیەی لەو بەرەبەیانەدا گەشانەوە و ئاوێتەی خاک بوون، تەنها ژمارە نین؛ ئەوان چیرۆکی ئازایەتی و ناسنامەی نەتەوەیەکن کە هەرگیز سەر بۆ ستەم دانانوێنێت.

لەدەستدانی ئەم قارەمانانە و برینداربوونی ٣٠ هاوسەنگەریان، برینێکی قووڵە، بەڵام هاوکات ئیرادەیەکمان پێ دەبەخشێت کە سازش لەسەر بستێک لە خاکی پیرۆزی کوردستان نەکەین.

دیسانەوە هێرشی غەدر و پڕ لە قین بەوە وە نەوەستان ئەم جارەیان ماڵی پێشمەرگەیان بە ئامانج گرت و لە پشوویشدا نەیان هێشت بە ئارامی لە ماڵ و منداڵی خۆیاندا بحەسێنەوە ،کاتژمێر ١٢:١٥ خولەکی شەوو ڕۆژی ٧ی نیسانی ٢٠٢٦، دەنگی تەقینەوەی درۆن و بڵێسەی ئاگر شەوی تاریکی لەدانیشتووانی گوندی زەرگەزەوی کرد بە ڕۆژی ڕووناک، درۆنێک بەر ماڵی پێشمەرگەیەکی خونەویست و قارەمانی گوندەکە کەوت و لە گەڵ هاوسەریدا لە شیرینی خەودا شەهید کرد.دوو منداڵ چاوگەشەکانیان بێ هیچ تاوانێک بۆ هەمیشە بێبەش کران لە باوەشی دایک و باوکیان

گەلی کوردستان کە هەمیشە پەیامبەری ئاشتی بووە، چاوەڕوانی ئەم غەدرە نامەردانەیەی نەدەکرد، بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی کە تەمەنی ستەم کورتە و لە کۆتاییدا ئیرادەی گەل و شکۆی پێشمەرگە هەر دەمێنێتەوە. خوێنی ئەم شەهیدانە دەبێتە سووتەمەنی مەشخەڵی ئازادی و هەرگیز بەفیڕۆ ناڕوات.

### مەشخەڵە گەشاوەکانی شەهیدانی دەڤەری یەک و گوندی زەرگە زەوی

**١. شەهید ڕائید (شەهاب بریندار بێخشاشی):** ڕۆڵەی بنەماڵەیەکی قوربانیدەر کە باپیری ئەنفالکراو بووە. ئەو لە ساڵی ١٩٩٦ەوە چەکی بەرگریی لە شان کردبوو و لە دوای خۆی پێنج منداڵی وەک یادگاری بۆ نیشتمان جێهێشت. لە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٣/٢٤ گەیشتە کاروانی نەمران.

**٢. شەهید (رامین عادل قاسم):** گەنجێکی زانستخواز، دەرچووی کۆلێژی ئابووری (زانکۆی سەلاحەدین) و دەرچووی کۆلێژی سەربازیی ١ی زاخۆ. لە ساڵی ٢٠٢٣ەوە ببووە پێشمەرگە و لە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٣/٢٤ لە هێرشە ناپاکەکەی سۆران شەهید کرا.

**٣. شەهید ملازم (ڕێبەر عەبدال ئەحمەد):** دەرچووی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سۆران و دەرچووی کۆلێژی سەربازیی ٢ی زاخۆ. گەنجێکی ڕۆشنبیر کە لە ساڵی ٢٠٢٢ەوە هاتبووە ڕیزەکانی پێشمەرگە. لە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٣/٢٤ گیانی پاکی بە نیشتمان بەخشی.

**٤. شەهید (زکری شاکر محمەد):** پێشمەرگەیەکی بەئەمەک کە لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە لە ڕیزەکانی بەرگریدایە. باوکی پێنج منداڵ و پارێزەرێکی دڵسۆزی نیشتمان بوو. لە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٣/٢٤ بە غەدر و خیانەت شەهید کرا.

**٥. شەهید (پشتیوان مەلا موسا):** لە ساڵی ٢٠١٨ەوە پەیمانی دڵسۆزیی بۆ خاکی کوردستان واژۆ کرد و لە لووتکەی گەنجیدا بووە هاوسەنگەری کاروانی نەمران. لە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٣/٢٤ تێکەڵی خاکی پیرۆزی کوردستان بوو.

**٦. شەهید (کەیوان موزەفەر قادر):** لاوترین شەهیدی ئەم کاروانە (لەدایکبووی ٢٠٠٤) کە هێشتا تەمەنی وەک چڵە نێرگزێکی بەهار بوو. لە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٣/٢٤ خوێنی ئاڵی ڕژا و ناوی لە مێژووی سەروەرییەکانی کوردا تۆمار کرد.

**٧. شەهید ( وەیسی ئاخر سەعید )** ساڵی ٢٠٠٢ لە دایکبووە، بۆ خەبات و قوربانی خاك و نیشتیمان ساڵی ٢٠٢٣ هاتۆتە ڕێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان. دوای مانەوە دووهەفتە بەبریندارى لە ریکەوتی ٢٠٢٤/٤/٧ خوێنی ئاڵی بەخشی بە نیشتیمان . لە دوای خۆی دووپەپولەی جوانی بەجێهێشت.

**٨. شەهید (موسا ئەنوەر ڕەسوڵ)** پێشمەرگەی خونەویست و قارەمان لەساڵی ٢٠١٧ هاتۆتە ڕیزی هێزی پێشمەرگە لە شەوی ٢٠٢٦/٤/ ٧ شەهید کرا

**٩. شەهید (مژدە ئەسعەد حەسەن)** تەمەن ٣٥ ساڵ، هاوسەری شەهید مووسا لە شەوی ٢٠٢٦/٤/ ٧ شەهید کرا . ئەم خانەوادە پێشمەرگەیە دوو کچی چاوگەشیان لەدوای خۆیان بەجێهێشتووە. بەناوەکانی دلینی ٤ ساڵ و مەلینی ٢ ساڵ.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی غەدر و خیانەت



شەهید (رامین عادل قاسم)



شەهید ڕائید (شەهاب بریندار بێخشاشی)




شەهید ملازم (ڕێبەر عەبدال ئەحمەد)



شەهید (کەیوان موزەفەر قادر)



شەهید (پشتیوان مەلا موسا)



شەهید (زکری شاکر محەمەد)



شەهید (مژدە ئەسعەد حەسەن)



شەهید (مووسا ئەنوەر رەسول)



شەهید ( وەیسی ئاخر سەعید )

## شەهیدی زیندوو

# لە پێدەشتەکانی پشدەرەوە بۆ گەرمەسێری ئازادی

ئامادەکردنی: عەقید ئەحمەد مەلاشێخ

دوژمنانی کوردستان، هەر ڕۆژە و لە لووتکەی چیایەک، هەر ساتە و لە بناری هەڵدێرێک و هەر دەمە و لە کۆڵانەکانی گوندێک، بە مەبەستی قڕکردن و سڕینەوەی سیمای نەتەوەییمان و وێرانکردنی نیشتمان، لە هیچ تاوانێک سڵیان نەکردووەتەوە، بەڵام بەهۆی بوێری و خۆڕاگریی ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانەوە، هەمیشە خەیاڵەکانیان لە گۆڕ نراون و خەونەکانیان کراونەتە بلقی سەر ئاو. یەکێک لەو ڕۆڵە قارەمانانەی کە لە پێناو پاراستنی ئەم خاکەدا بووەتە «شەهیدێکی زیندوو»، ڕائید برایمە، کە لە بناری هەڵشۆی ڕەنگین و هێرۆی لانەی تێکۆشانەوە، بەرەو گەرمەسێری تینووی ئازادی هەنگاوی نا.

### منداڵییەک لەناو دووکەڵی بۆمب و ناپاڵمدا

لە پشدەری کوانووی خەبات و بەرخۆدان، لە گوندە جوانەکەی دەشتێوی سەرکەش، لەناو خێزانێکی جووتیاری ستەمدیدەی گۆشکراو بە گیانی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی، منداڵێکی چاورەش هاتە باوەشی دایکێکی بەسۆز و ئامێزی باوکێکی ماندوو. بە هیوای ئەوەی ببێتە فریادڕەس و گۆڕینی ژیانی خێزانەکەیان بۆ قۆناغێکی باشتر، ئەو منداڵە چاوگەشەیان ناونا برایم.

برایم ئەحمەد ئیبراهیم قادر، لە ١ی تەمموزی ١٩٦٩ لە دەڤەری قەڵادزێ و لە گوندی دەشتێو لەدایک بووە. لە گەرمەی شۆڕشی ئەیلول و لەناو بۆمب و ناپاڵمی بەعسییە شۆڤێنییەکان و دڕندەیی حەرەس قەومییەکاندا، چاوی بە دنیا هەڵهێنا، بۆیە هەر زوو بە ئازارەکانی نەتەوەکەی ئاشنا بوو.

بەهۆی سەختیی باری ژیان و نەبوونی قوتابخانە، نەیتوانی لە تەمەنی گونجاوی خۆیدا بچێتە بەر خوێندن. دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و هاتنیان بۆ شاری قەڵادزێ، لە ساڵی ١٩٧٨ لە قوتابخانەی بەفرینی سەرەتایی تێکەڵاو دەخرێتە بەر خوێندن. لەگەڵ دنیایەک هیوا و ئاوات، دەست لەملانی پیتە کوردییەکان دەبێت و تا ساڵی ١٩٨٥ پۆلی شەشەمی سەرەتایی بە سەرکەوتوویی دەبڕێت. بەداخەوە، بەهۆی هەژاری و گرانیی باری ژیانەوە، بە ناچاری دەستبەرداری خوێندن دەبێت و بۆ باشترکردنی بژێویی خێزانەکەی دەست بە کارکردن دەکات.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



**بەگژداچوونەوەی ستەم و بەشداریکردن لە ڕاپەڕین**

دوای ڕاگواستنی دانیشتووانی شاری قەڵادزێ، خێزانی کاک برایم دەگوازرێنەوە بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی بازیان. هەر لەو ساڵەدا دەچێتە ناو کایەی سیاسی و دەبێتە ئەندام لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لەگەڵ هاوڕێکانیدا لەو دەڤەرە بەعسییەکان هەراسان دەکەن. ئەو بەردەوام و چالاکانە بەشداریی لە چالاکییەکانی ناو شاردا کردووە تا کاتی پێکهێنانی مەفرەزە چەکدارەکانی برووسک بە مەبەستی بەرپاکردنی ڕاپەڕین.

لە ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری ١٩٩١ی گەلەکەشماندا، بوێرانە بەشداری دەکات تا ساتی ڕزگارکردنی کەرکووک. هەر لەگەڵ سەرکەوتنی ڕاپەڕینیشدا، دەبێتە پێشمەرگە لای عەبدوڵای مام عەلی لە تەشکیلاتەکانی ئەوکاتدا، کە دواتر ناوی هێزەکەیان دەگۆڕێت بۆ هێزی ٩ی ساتر.

**لە پێشمەرگایەتییەوە بۆ سەرکردایەتیکردنی بەرەکانی جەنگ**

برایم بەردەوام دەبێت لە خەبات و پێشمەرگایەتی تا ساڵی ٢٠٠٨، کاتێک بەشداری خولی فەرماندەیی لە قەلاچوڵان دەکات. بە سەرکەوتوویی خولەکە تەواو دەکات و دەبێت بە ئەفسەر، پلەی مولازمی دووەمی لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێ دەدرێت و لە لیوای پشدەر وەک فەرماندەی فەسیل دەستبەکار دەبێت.

لە ساڵی ٢٠١٤، لە هەمان لیوادا دەکرێت بە جێگری فەرماندەی سریە. لەگەڵ سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش، بەشداریی لە سەرجەم نەبەردییەکانی لیواکەی دژی ئەو تاریکپەرستانە دەکات.

**بەخشینی جەستە لە پێناو خاکی نیشتماندا**

ڕۆژی ١٢ی ئایاری ٢٠١٥، ڕۆژێکی پڕ لە شانازی و لە هەمان کاتدا خەمناک بوو بۆ مێژووی ئەم قارەمانە. لە گوندی عەتشانەی سەر بە میحوەری گەرمیان، لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکی نیشتمانیدا، بۆمبێکی چێنراوی تیرۆریستان بە ڕائید برایمدا دەتەقێتەوە. بەهۆیەوە زۆر بە سەختی بریندار دەبێت و هەردوو قاچ و چاوێکی بە یەکجاری لەدەست دەدات و دەبێتە شەهیدی زیندوو.

سەرەتا لە نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی، بەتایبەتی نەخۆشخانەی شۆڕش، چارەسەری سەرەتایی بۆ دەکرێت. بەهۆی سەختیی برینەکانییەوە، لە مانگی ئابی ٢٠١٥دا ڕەوانەی وڵاتی یۆنان دەکرێت و بۆ چەندین هەفتە لەژێر چاودێریی چڕدا دەبێت. دوای ئەنجامدانی چەندین نەشتەرگەریی گەورە، دەگەڕێتەوە کوردستان. بۆ تەواوکردنی پرۆسەی چارەسەر، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦دا جارێکی تر ڕەوانەی وڵاتی ئێران دەکرێت و لەوێش دوای نەشتەرگەری و وەرگرتنی چارەسەری پێویست، بە ورەیەکی بەرزەوە دەگەڕێتەوە باوەشی نیشتمان.

**ژیانی ئێستا و خێزانەکەی**

دوابەدوای ئەو قوربانیدانە گەورەیە، بە بڕیاری وەزارەتی پێشمەرگە و بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (٢٣٤ لە ٨ی ئازاری ٢٠١٦)، بە پلەی ڕائید و بە ڕێژەی کەمئەندامیی (١٠٠٪) خانەنشین دەکرێت.

ڕائید برایم لە ساڵی ١٩٩٧دا ژیانی هاوسەرگیریی لەگەڵ خاتوو هاجەرە پێکهێناوە و بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییەش چوار منداڵن بە ناوەکانی لارا، لێزان، لیا و نوها.

لە ئێستادا، ڕائید برایمی شەهیدی زیندوو لە شاری قەڵادزێ و لە گەڕەکی ڕاپەڕین نیشتەجێیە. گۆڤاری پێشمەرگە، وێڕای پێشکەشکردنی سڵاو و ئەمەکداری بۆ خۆڕاگرییەکەی، هیوای تەمەندرێژی و تەندروستییەکی باش بۆ خۆی و خانەوادە سەربەرزەکەی دەخوازێت. ئەو جەستەیەی ڕائید برایم کە ئەمڕۆ نیوەی لە پێناو خاکدا بەخشیوە، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری ئەو ڕاستییەیە کە پاراستنی کوردستان باجێکی گەورەی دەوێت، کە تەنها قارەمانەکان دەتوانن بیدەن.

## چیرۆکی سەرکەوتووەکان

# عەقیدی مافپەروەر ئاری فەیسەڵ نەقشبەندی

## پردێك لە نێوان سەنگەرەکانی پێشمەرگە و زانکۆ سەربازییە جیهانییەکاندا

● ئامادەکردنی: حەسەن شێخوەسانی

لە مێژووی گەلاندا، هێزی سەربازی تەنها بە ژمارەی چەک و سەرباز ناپێورێت، بەڵکو بەو ژیری و ستراتیژییەتە دەپێورێت کە لە پشت هێزەکەوە وەستاوە. گەلی کورد کە هەمیشە بۆ پاراستنی بوونی خۆی لە ململانێیەکی سەختدا بووە، پێویستی بە جۆرە ئەفسەرێک هەبووە کە بتوانێت لە یەککاتدا «خەباتگێڕێکی مەیدانی» و «ستراتیژیستێکی ئەکادیمی» بێت. عەقیدی مافپەروەر ئاری فەیسەڵ نەقشبەندی، وەک یەکێک لەو نموونە جوانانە دەرکەوت کە توانی پردێک لە نێوان سەنگەرەکانی پێشمەرگە و لووتکەی زانکۆ سەربازییە جیهانییەکاندا دروست بکات.

### کۆڵەکەکانی پێگەیاندن، لە زانستەوە بۆ یاسا و سەربازی

ئاری نەقشبەندی، لە دایکبووی شاری هەولێرە، لە ساڵی ١٩٧٨ لە ژینگەیەکدا لەدایکبوو کە پڕبوو لە هیوای نەتەوەیی. گەشتە زانستییەکەی ئەو بە جۆرێک بوو کە نیشانی دەدات مرۆڤ دەتوانێت بۆ خزمەتی نیشتمان هەموو کایەکان تاقی بکاتەوە. دوای وەرگیرانی لە بەشی بایۆلۆژی، خولیای پاراستنی نیشتمان وای لێکرد ڕووبکاتە کۆلێژی سەربازی و لە ساڵی ١٩٩٩دا یەکەم هەنگاوی بەرەو ژیانی سەربازی هاوێشت، بەڵام تێڕوانینی ئەو بۆ هێز تەنها لە چەکدا قەتیس نەبوو؛ ئەو دەیزانی کە سوپایەکی بەهێز پێویستی بە «یاسا» هەیە، بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٥ بڕوانامەی یاسای بەدەستهێنا تا ببێتە «عەقیدێکی مافپەروەر»، کە ئەمەش ئاوێتەکردنێک بوو لە نێوان دیسپلینی سەربازی و دادپەروەریی یاسایی.

### مەیدانی جەنگ و دیپلۆماسیی سەربازی

کارنامەی عەقید ئاری لە ناو وەزارەتی پێشمەرگەدا، تەنها لەناو ژوورە داخراوەکاندا نەبوو. ئەو لە ساتە هەرەهەستیارەکانی پاراستنی هەرێمی کوردستاندا، وەک لە کاتی شەڕی تیرۆریستانی داعش لە ساڵی ٢٠١٤، ڕۆڵی




ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



«ئەفسەری هەماهەنگی» لەگەڵ سوپای فەرەنسادا گێڕا. ئەم ئەرکە پێویستی بە لێهاتوویەکی زمانەوانی و دیپلۆماسیی بەرز هەبوو. ئەو توانی مەشقی چەکە پێشکەوتووەکانی هاوپەیمانان بگەیەنێتە ناو سەنگەرەکانی پێشمەرگە، کە ئەمەش کاریگەرییەکی باشی لە مەشق و ڕاهێنانی پێشمەرگەدا هەبوو. خزمەتەکانی ئەو لە بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی و ئینزیباتی عەسکەری، ڕەهەندێکی دیکەی کەسایەتی ئەو نیشان دەدەن کە بریتییە لە بەشداریکردن لە ڕێکخستنی سیستەمی ئیداریی ناو هێزی پێشمەرگە.

## لووتکەی دەستکەوتەکان، کۆلێژی جەنگیی سوپای ئەمریکا

ساڵی ٢٠٢٥ خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ عەقید ئاری، کە گەیشتنی ئەو ئەفسەرە بوو بە «کۆلێژی جەنگیی سوپای ئەمریکا کە (US Army War College)» ناوەندێکە بۆ دارشتنی ستراتیژیی جیهانی و ئامادەکردنی سەرکردە گەورەکانی وەک جەنەراڵ پیتراوس. عەقید ئاری بە تێپەڕاندنی مەرجە سەختەکانی زمان و تاقیکردنەوە پێشوەختەکان، توانی وەک یەکەم ئەفسەری کورد نەک تەنها دیپلۆمی باڵا، بەڵکو بڕوانامەی «ماستەر لە توێژینەوە ستراتیژییەکان» بەدەست بهێنێت. ئەمە تەنها سەرکەوتنێکی تاکەکەسی نەبوو، بەڵکو ناساندنی توانای ئەفسەرێکی کورد بوو لە کۆلێژێکی سەربازیی گەورەترین زلهێزی جیهان.

## ئاڵایەك لەبەردەم جیهان، نوێنەرایەتی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت

یەکێک لە جوانترین و پرماناترین وێستگەکانی ژیانی ئەم ئەفسەرە، هەڵوێستی نەتەوەیی بوو لە ناو هاوپۆلەکانی خوێندندا. لە کاتێکدا کە وەک نوێنەری وڵاتێکی بێ دەوڵەت لەگەڵ ئەفسەرانی ٨٥ وڵاتدا دانیشتبوو، داوای کرد ئاڵای کوردستان لەسەر مێزەکەی دابنرێت. ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی پرۆفیسۆر و جەنەراڵە نێودەوڵەتییەکان لە مێژوو و دۆزی گەلەکەی بپرسن. ئەو توانی بیسەلمێنێت کە کورد ئەگەرچی لەڕووی جیۆسیاسییەوە لە بارودۆخێکی سەختدایە، بەڵام لەڕووی هزر و بیرکردنەوەی ستراتیژییەوە، هاوشانی وڵاتانی خاوەن دەوڵەت و قەوارەی سیاسییە.

عەقیدی مافپەروەر ئاری فەیسەڵ نەقشبەندی، نموونەی ئەو نەوەیە لەو ئەفسەرانە کە کوردستان لە قۆناغی داهاتوودا پێویستی پێیانە. ئەوانەی کە بە چەکی زانست و زمان و یاسا پڕچەک کراون. کارنامەی ئەو پێمان دەڵێت کە ڕێگەی ڕاستەقینەی پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان لەناو کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان و ناوەندە ئەکادیمییە ستراتیژییەکانەوە تێدەپەڕێت. ئەو نەک تەنها وەک ئەفسەرێک، بەڵکو وەک باڵیۆزێکی سەربازیی کورد شان بەشانی برا ئەفسەرەکانی، کە پۆل پۆل بڕوانامەی باڵا لە زانستی سەربازی بەدەست دەهێنن، ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت.



# ناساندنی کتێب
# «دیپلۆماسییەتی بەرگری»

● ئامادەکردنی: فەوزی گۆران




**زانیاریی گشتی**

- ناونیشان: الدبلوماسية الدفاعية
(دیپلۆماسییەتی بەرگری)
Defiance Diplomacy
الوجه الناعم للقوة الصلبة
- نووسەر: د. یاسر عبد الحسين
- خانەی بڵاوکردنەوە: دار عدنان
- ساڵی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥
- زمان: عەرەبی

**کورتەی ناوەڕۆک**

ئەم کتێبە بابەتی دیپلۆماسییەتی بەرگری دەخاتەڕوو کە یەکێکە لە بابەتە نوێیەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. کتێبەکە تیشک دەخاتەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی هێزی سەربازی وەک ئامرازێکی دیپلۆماسی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکان.

**بابەتە سەرەکییەکان**

**چەمک و پێناسەکان**

کتێبەکە پێناسەیەکی ورد بۆ دیپلۆماسییەتی بەرگری دەکات و جیاوازی لەگەڵ دیپلۆماسییەتی ئاسایی ڕوون دەکاتەوە. نووسەر باس لەوە دەکات کە چۆن ئەم جۆرە دیپلۆماسییەتە دەبێتە پردێک نێوان سیاسەتی دەرەوە و بەرگری.

مێژووی دیپلۆماسییەتی بەرگری

کتێبەکە گەڕانەوەیەکی مێژوویی بۆ سەردەمی جەنگی سارد و باس لە چۆنیەتی پەرەسەندنی ئەم چەمکە دەکات. تایبەت بە نموونەی ئەڵمانیا و ڕووسیا لە سەدەی نۆزدەهەمدا.

**ڕۆڵی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا**

نووسەر شیکردنەوەی ورد لەسەر چۆنیەتی کاریگەریی دیپلۆماسییەتی بەرگری دەکات:

- هێنانەدی جەنگ
- بەهێزکردنی متمانە نێوان وڵاتان
- چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان
- بەرەوپێشبردنی ئاشتیی هەرێمی

**ئامراز و میکانیزمەکان**

کتێبەکە باس لە چەندین ئامرازی دیپلۆماسییەتی بەرگری دەکات:

- ڕاهێنانە هاوبەشەکان
- ئاڵوگۆڕی سەربازی
- فرۆشتنی چەک و ئامێر
- هاوکاری لە بواری ئاسایشدا
- سەردانە فەرمییەکان

**تایبەتمەندییەکانی کتێبەکە**

**شیکردنەوەی ئەکادیمی**

کتێبەکە شیکردنەوەیەکی قووڵ و ئەکادیمیانە پێشکەش دەکات کە پشت بە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر دەبەستێت. نووسەر هەوڵی داوە نموونەکانی جیهانی بهێنێتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکەکان.

کتێبەکە دیدگایەکی نوێ لەسەر بەکارهێنانی هێزی سەربازی نەک وەک ئامرازی جەنگ، بەڵکو وەک ئامرازێکی ئاشتیخوازی و دیپلۆماسی پێشکەش دەکات.

نووسەر چەندین نموونەی کرداری دەهێنێتەوە لە جیهانی ئەمڕۆدا کە نیشاندەری کاریگەریی دیپلۆماسییەتی بەرگری دەبن، تایبەت بە نموونەی ئەمریکا، ڕووسیا، چین و هەندێک وڵاتی ئەورووپی.

**گرنگیی کتێبەکە**

**بۆ ئەکادیمیسییەکان**

ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ فێرخوازان و توێژەرانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لەوەی پەیوەندیدارە بە ستراتیژیەتی بەرگری و دیپلۆماسییەت.

بۆ سیاسەتوانان

کتێبەکە ڕێنماییەکانی گرنگ پێشکەش بۆ ئەو سیاسەتوانانە دەکات کە دەیانەوێت لە بواری سیاسەتی دەرەوە و بەرگریدا کار بکەن.

**بۆ شارەزایانی ئاسایش**

ئەم کتێبە تێڕوانینێکی نوێ بۆ شارەزایانی ئاسایش لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازە سەربازییەکان بۆ ئامانجە سیاسییەکان پێشکەش دەکات.

**بە کورتی:**

کتێبی «دیپلۆماسییەتی بەرگری» یەکێکە لە کتێبە گرنگەکان لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کە چەمکێکی نوێ و گرنگ دەخاتەڕوو. دەرگایەک دەکاتەوە بۆ تێگەیشتنی قووڵتر لە جیهانی ئەمڕۆ و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان لە نێوان وڵاتاندا.

نووسەر توانیویەتی بە شێوەیەکی زانستی و ڕوون بابەتێکی ئاڵۆز بخاتە بەرچاوی خوێنەر، وای لێبکات کە لە گرنگیی دیپلۆماسییەتی بەرگری لە جیهانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا تێبگات.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# تەوەری ژمارە ستراتیژییەت

## پێناسە ، ڕەهەندە زانستیتیەکان
## پرۆسەکانی داڕشتن و جێبەجێکردن
## جیاوازی و مەوادای نێوان ستراتیژییەت و تاکتیك
## ستراتیژییەت و جەنگ ..
## ستراتیژیەت و میکانیزمەکانی بەرگری
## ستراتیژییەت هێزی شاراوەی شکست و سەرکەوتن

● ئا : عقید قارەمان مەهدی

ستراتیژیەت نەخشەڕێگایەکی درێژخایەن و زانستیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان. ڕەگی وشەکە بۆ زمانی یۆنانی دەگەڕێتەوە و لە کۆندا مانا و ڕەهەندێک بووە لە پرسی سەرکردایەتی سوپادا، بەڵام دواتر پەرەی پێ دراوە تا ئەو ئاستەی بووەتە چەمکێک و وەک ئامرازێکی بنەڕەتی لە پلاندانان و نەخشەڕێگای کاروبارەکاندا بەکاردێت. ستراتیژییەت بووە بە چەمکێک کە یارمەتی دامەزراوەکان دەدات بۆ ناسین و بەگەڕختنی تواناکان، هەروەها وەک بنەما و ئاراستەیەکی زانستیانە دەیگرنەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە ڕێگەی چۆنێتی بەکارهێنانی توانا و سەرچاوەکان لەپێناو گەشەکردن، گەیشتن بە ئامانجەکان و بەدەستهێنانی سەرکەوتن.

لەم تەوەرەیەدا بە وردی پێناسەیەکی گشتگیری ئەم چەمکە کراوە، هاوکات جەخت کراوەتە سەر ستراتیژیەتی سەربازی و گرنگی و کاریگەریەکانی خراونەتەڕوو.

# بنەما و پلانە زانستییەکانی ستراتیژییەت

دارشتنی ستراتیژییەت، لەڕووی لۆژیکییەوە پلانی بۆ دادەڕێژرێت. ئەم پرۆسەیە بەم سێ قۆناغەدا تێدەپەڕێت:

قۆناغی یەکەم: ئامانجە باڵاکان بە ڕوونی دیاری بکرێن، واتە دیاریکردنی ئەو ئەنجامەی دەمانەوێت لە کۆتاییدا پێی بگەین.

قۆناغی دووەم: دەبێت هەموو ئەو ئامراز و توانایانە هەڵبسەنگێنرێن کە لەبەردەستدان، جا چ توانای مرۆیی بێت یان دارایی و تەکنەلۆژی.

قۆناغی سێیەم: ڕێگەکانی بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە دیاری دەکرێن تاوەکو بە کەمترین تێچوو بگەینە ئامانجەکە.

گرنگترین بەش لە دارشتنی ستراتیژییەتدا، هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان و دانانی پلانی جێگرەوەیە.

## تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی پلانی ستراتیژی

هەر پلانێکی ستراتیژی سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر ئەم خاڵانەی تێدا بێت:

١. ڕوونی و شەفافییەت و توانای پێوانەکردن و جێبەجێکردن.

٢. توانای مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکارییە کتوپڕەکان و بایەخدان بە پەرەپێدانی درێژخایەن.

٣. گشتاندنی بەسەر هەموو چالاکییە ڕێکخراوەکان و بوون بە چوارچێوەیەک بۆ بڕیارە ئیداری و سیاسی و سەربازییەکان.

## ئاستەکان و ڕێبازەکانی بیرکردنەوەی ستراتیژی

ئاستەکانی ستراتیژییەت بۆ چوار بەشی سەرەکی پۆلێن دەکرێن:

١. ئاستی دامەزراوە: بۆ تەواوی دامەزراوەکەیە و ئامانجە گەورەکان دیاری دەکات. ئەم ئاستە لە (بازرگانی)دا هاوتایە لەگەڵ ستراتیژییەتی باڵا (لە سەربازی).

٢. ئاستی یەکەی کار: بۆ کێبڕکێ لە بازاڕێکی دیاریکراودا. ئەم ئاستە لە (لە بازرگانی)دا هاوتایە لەگەڵ ستراتیژییەتی سەربازی.

٣. ئاستی وەزیفی: پەیوەندی بە بەشە ناوخۆییەکانی وەک دارایی و مارکێتینگەوە هەیە. ئەم ئاستە لە (لە بازرگانی)دا هاوتایە لەگەڵ ئاستی ئۆپەراسیۆنی.

٤. ئاستی کارپێکردن: بۆ یەکە بچووکەکان تا ئامانجە ساڵانەکان بەدی بهێنن. ئەم ئاستە لە (لە بازرگانی)دا هاوتایە لەگەڵ ئاستی تاکتیکی.

هەروەها چەند ڕێبازێک بۆ دارشتن هەن، وەک ڕێبازی کلاسیکی کە گرنگی بە قازانج دەدات، ڕێبازی گەشەسەندن کە خۆی لەگەڵ ژینگەی ئابووری دەگونجێنێت و ڕێبازی سیستەمی کە هاوسەنگی لە نێوان کولتوور و قازانجدا ڕادەگرێت. بۆ جێبەجێکردنیش ئامرازی وەک شیکردنەوەی سوۆت بەکار دەهێنرێت.

## ئاستەکانی ستراتیژییەتی سەربازی

١. ستراتیژییەتی باڵا : ئەمە بەرزترین ئاستە و تەنیا سوپا ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو تواناکانی دەوڵەت (سەربازی، ئابووری، دیپلۆماسی و مەعنەوی) بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان کۆدەکاتەوە. لێرەدا بڕیار دەدرێت کە ئایا شەڕ بکرێت یان ئاشتی؟

٢. ستراتیژییەتی سەربازی: ئەم ئاستە تایبەتە بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکان. لێرەدا پلان بۆ دابەشکردنی هێزەکان لە ناوچە جیاوازەکان و دیاریکردنی کاتی دەستپێکردنی هێرش یان بەرگری دەکرێت.

٣. ئاستی ئۆپەراسیۆنی : ئەمە پردی نێوان ستراتیژییەت و تاکتیکە. لێرەدا باس لە ئەنجامدانی جەنگە گەورەکان دەکرێت. فەرماندەکان پلانی ئەوە دادەنێن چۆن چەندین جەنگی بچووک پێکەوە گرێ بدەن بۆ ئەوەی بگەنە ئامانجێکی گەورە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا.

٤. ئاستی تاکتیکی: ئەمە نزمترین و وردترین ئاستە. پەیوەندی بە شەڕی ڕاستەوخۆی سەر زەوی، ئاسمان یان دەریاوە هەیە. لێرەدا باس لەوە دەکرێت چۆن یەکەیەکی سەربازی بچووک (وەک لیوا یان فەوج) لە مەیدانەکەدا بجوڵێت، چۆن تەقەمەنی بەکاربهێنێت و چۆن بەسەر دوژمندا سەربکەوێت.

## هاوسەنگی و جیاوازی نێوان ستراتیژییەت و تەکتیك

جیاوازیی سەرەکی لە نێوان ستراتیژییەت و تەکتیک ئەوەیە کە یەکەمیان بۆ مەودای درێژ و ئامانجی گشتییە، بەڵام دووەمیان بۆ هەنگاوی کورت و کردارییە. تەکتیکەکان ستراتیژییەت دەگۆڕن بۆ کردار، چونکە بەبێ تەکتیک و هەنگاوی کرداری ناتوانیت ئامانجەکانت بەدەست بهێنیت. بۆ گەیشتن بە ئامانج پێویستت بە ستراتیژییەتە و بۆ جێبەجێکردنیشی پێویستت بە تەکتیکە. تەکتیک دەکرێت هەر چالاکییەک بێت، لە نواندنێکی سەر شەقامەوە بگرە تاوەکو هەوڵەکانی ئاشتەوایی یان پرۆسە و ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی. هەر تەکتیکێک تەنها بەشێکە لە پلانە ستراتیژییە گەورەکە.

## ستراتیژییەت وەك گەرەنتی مانەوە

ستراتیژییەت وەک زانستی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، گرنگییەکی مێژوویی قووڵی هەیە. ئەمڕۆ لە جیهاندا گفتوگۆیەکی گەرم هەیە لەسەر توانای سیستەمی پەروەردەی سەربازی بۆ پێگەیاندنی سەرکردەیەک کە توانای دارشتنی پلانی گونجاوی بۆ سەدەی بیست و یەک هەبێت. مانەوە بۆ بەهێزەکان نییە، بەڵکو بۆ ئەوانەیە کە ستراتیژییانە خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان دەگونجێنن.

> **سەرکەوتن لووتکەی ستراتیژییەتێکی دروستە، شکستیش سزایەکی دادپەروەرانەی بێ پلانییە.**

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# ستراتیژییەت و جەنگ

## چەمك و واتاكان

● نووسینی: رائید ئارام ناسیح

ستراتیژییەت وەك چەمك، زادەی ناو كایەی سەربازیی، جەنگ و ململانێكانە و بەشێكی سەرەكییە لە ئەدەبیاتی سەربازیی و مێژووی جەنگ. لای یۆنانییە كۆنەكان، ستراتیژییەت ئەو هونەرە بوو جەنەراڵە گەورەكانی سوپا بۆ تێكشكاندنی دوژمن و سەركەوتن لە جەنگدا بەكاریان دەهێنا. واتە ڕەچەتەی ڕابەرایەتیكردنی سوپا بوو بۆ سەركەوتن بەسەر دوژمندا. لەڕووی جینالۆجییەوە (Genealogy) ستراتیژییەت لە دەستەواژەی (Strategos)ی یۆنانییەوە سەرچاوە دەگرێت كە بە واتای جەنەڕاڵ یاخود فەرماندەی سەربازی دێت.

لەڕووی زمانەوانییەوە لە دوو بەش پێكدێت: (stratos) و (agein) كاتێك هەردوو بەش لێكدەدرێن و دەبێت بە Strategos))، واتای جەنەڕاڵ یا فەرماندەی باڵای سەربازیی دەگەیەنێت، بەڵام (Stratego) بریتییە لە كردە یاخود ئەركی فەرماندەی سەربازیی. هەروەها (Stratos Agein) بە واتای ئەو سوپایەش دێت كە بەرەو پێش هەنگاو دەنێت.(stratos) پەیوەستە بە وشەی (gia) كە بە واتای زەوی دێت، (Agein) بە واتای هەنگاو بەرەو پێشەوە دێت. ئەمەش واتایەكە زیاتر لە واقیعەوە نزیكە، چونكە ستراتیژییەت شتێكی جێگیر نییە، بەڵكوو پەیوەستە بە جووڵەی بەردەوامەوە. تێڕوانینێكی دیكەش هەیە پێی وایە Stratos)) بە شێوەیەكی گشتی بە مانای سوپا نایات، بەڵكوو بە واتای سوپایەك دێت لە ناوچەیەكدا مۆڵ بخوات و لە حاڵەتی جەنگدا بێت.

### ناساندنی چەمكی ستراتیژییەت

مێژوونووسی سەربازیی بەڕیتانی، مایكڵ هاوارد ( Michael Eliot How-ard1922-2019 ) پێی وایە ستراتیژییەت پارادایمێكە (Paradigm) لەسەر بەرپەرچدانەوە، ڕق و دڵنیاكردنەوە بونیادنراوە. نموونەی ئەمەش، پاكس بەریتانیایە كە لە ڕێگەی دەست بەسەرداگرتنی بواری دەریاوانییەوە ئاسایشی دونیای دەپاراست، دواتر ئەمەش بوو بە سەرچاوەی ئاشتییەكی سەرتاسەری. سەرەڕای ئەوەی ڕق و بەرپەرچدانەوەش چەمكگەلێكی پەسندن لە ئاستە فرەوانەكەیدا. كۆلێجی جەنگی سوپای ئەمریكا ستراتیژییەت بەو شێوەیە پێناسە دەكات كە پلانێكی جێگیرە، بەڵام خاوەن ئامانجی سنووردارە. یاخود بە واتایەكی دیكە، ستراتیژییەت میتۆد یان كۆمەڵێك ئامرازە لەپێناو گەیشتن بە ئامانجێكی دیاریكراو.

لە دیدی جەنەڕاڵ ژۆكۆف سەرۆك ئەركانی سوپای سووری سۆڤییەتەوە، ستراتیژییەت بریتییە لە ئامراز و شێوازی چوونەناو ململانێی چەكدارییەوە، گرنگی بە دەستێوەردان لە جەنگ بە شێوەیەكی گشتی و هێرشە سەربازییەكان دەدات. بە واتایەكی دیكە ستراتیژییەت هونەری ئیدارەدانی جەنگ و دیاریكردنی ئامانجەكانییەتی.

ئینسایكلۆپیدیای بەڕیتانی ستراتیژییەت وەك زانست و هونەری بەكارهێنانی تەواوی تواناكانی دەوڵەت لەپێناو گەیشتن بە ئامانجی جەنگ پێناسە دەكات.

بە دیوێكی دیكەدا، ستراتیژییەت دەربڕینە لەو تێگەیشتن و دیدگایەی جەنگ وەك كردەیەكی حەتمی دەبینێت و بە ئاڕاستەی جێبەجێكردنی پلانەكان و بەدیهێنانی سەركەوتن كاردەكات. لەم بارەیەوە، جەنەڕاڵ كارل ڤۆن كڵاوزەفیتز(Carl von Clause-witz1780-1831) جەخت دەكاتەوە، ستراتیژییەت هونەری بەكارهێنانی شەڕ و پێكدادانە وەك ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئامانجی جەنگ، واتە ستراتیژییەت بریتییە لە دانانی پلانی جەنگ. لێرەوە مەیدانی جەنگ شانۆی سەرەكیی كایەی ستراتیژییەتە. ستراتیژییەت شتێكی جێگیر نییە، بەڵكوو پەیوەستە بە داینامیكییەت و جووڵەی بەردەوامەوە، زیاتر لەمە، جەنەڕاڵ و ستراتیژستی بەڕیتانی، لیدڵ هارت (Basil Henry Liddell Hart1895-1970) پێی وایە جەنگ خێراترین ئامرازی سەربازییە بۆ گەیشتن بە ئامانجی خواستراو.

ئەوەی وا دەكات جەنگ بەشێكی سەرەكی بێت لە ئامانجی ستراتیژییەت، بوونی جەنەڕاڵ و فەرماندەكانی سوپایە وەك داڕێژەری پلان و ستراتیژیستی گەورە. وەك جەنەڕاڵ ڤۆن مۆلتكە (Helmuth von Moltke1800-1891) سەرۆك ئەركانی سوپای پرووسیا دەڵێت «ستراتیژییەت بریتییە لە ڕێوشوێنی گونجاوی پراكتیكی ئامرازە بابەتییەكان لەژێر فەرمانی فەرماندە لەپێناو گەیشتن بە ئامانجی دیاریكراو.» جەنەڕاڵەكانی سوپا كاراكتەری سەرەكی دانان و جێبەجێكردنی پلانە سەربازییەكانن لەپێناو گەیشتن بە ئامانجی جەنگ كە خۆی لە تێكشكاندنی دوژمن و سەركەوتن لە مەیدانی جەنگدا دەبینێتەوە.



## ستراتیژییەت و جەنگ

پێچەوانەی ئەو دیدگایەی جەخت لە پەیوەندیی نێوان سیاسەت و جەنگ دەکاتەوە و ئامانجی سیاسی بە گرنگتر لە ئامانجی جەنگ دەزانێت، تێڕوانینێکی دیکە هەیە کار لەسەر سەربەخۆبوونی جەنگ و ئامانجەکانی لە هەر دەستێوەردانێکی سیاسەت دەکاتەوە و جەنگ بە کایەیەکی سەربەخۆ دەزانێت کە تەنیا کاری جەنەراڵ و ستراتیژیستە سەربازییەکانە کە ئامانج و جوولەکانی دیاری بکەن. لەم بارەیەوە جەنەراڵ ڤۆن مۆلتکە پێی وایە «جەنگ درێژکراوەی سیاسەت نییە، بەڵکوو نوێنەری سیاسەتە. بە واتایەکی دیکە سیاسەت لە قۆناغێکی جەنگدا دەستێوەردان دەکات، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسە سەربازییەکان، پێویستە سیاسەت مەیدان بۆ ستراتیژییەت چۆڵ بکات.» مەبەست لە ستراتیژییەتیش لێرەدا ستراتیژییەتی سەربازیی و ئەو پلان و ئامانجانەیە کە بۆ ئیدارەدانی جەنگ دادەنرێن.

ستراتیژییەت وەك پارادایمێك کار لەسەر بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی جەنگ و تاکتیکە سەربازییەکان لە دەرەوەی هەر دەستێوەردانێکی سیاسەت و پیاوانی دەوڵەتەوە دەکات. جەنەراڵ لۆدندۆرف پێی وایە، پێویستە دەسەڵاتی سیاسی دەستێوەردان لە سەرکردایەتیکردنی پرۆسە سەربازییەکان و تەنانەت ڕابەرایەتی کردنی جەنگیش نەکات. جیاکردنەوەی جەنگ لە سیاسەت لەم ڕوانگەیەوە، وێناکردنی جەنگە وەك کایەیەکی سەربەخۆ لە هەر خواست و هەژموونێکی سیاسی. ئەوە کەسایەتییە سەربازییەکانن دەتوانن ئامانجەکانی جەنگ دیاری بکەن و پلانی بەدیهێنانیشی دابنێن کە خۆی لە ستراتیژیی سەربازیدا دەبینێتەوە. لە لایەکی دیکەوە، ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەگوترێت زانستی ستراتیژی، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناو زانستی سەربازیی و کایەی جەنگ. واتە جەنگ سەنتەری هزر و ئامانجی ستراتیژییەتە.

ستراتیژیی سەربازیی پلانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشە ئاسایشی و سەربازییانەیە کە لەسەر قەوارەی دەوڵەت دروست دەبێت. واتە سوود وەرگرتن لە توانا و شیانی هێزە چەکدارەکان بۆ بەرگرتن لەو هەڕەشانە و دۆزینەوەی دەرفەتی زیاتر بۆ دەوڵەت. یاخود بە واتایەکی دیکە، پێکەوە گونجاندنی ئامانج و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، هەڕەشەی دەرەکی و شێوازی کەڵکوەرگرتن لە هێزە چەکدارەکان، بنەمای ستراتیژیی بەرگری دەوڵەتن. سوپا ئۆرگانێکی سەرەکی و بنەمایەکی گرنگە بۆ دەربڕین لە بوونی سیاسی، هێز و هەژموونی دەوڵەت. هەمیشە لە پشتی دەوڵەتێکی بەهێزەوە، سوپایەکی بەهێز و تۆکمە بوونی هەیە.

کێبڕکێی نێوان دەوڵەتان بە تایبەت زلهێزەکان، کێبڕکێیە لەسەر پڕچەککردنی سوپاکانیان بە تەکنۆلۆژیای سەربازیی پێشکەوتوو، چونکە بەهێزیی سوپا هەمیشە یەکسانە بە بەهێزیی دەوڵەت. وەك سیۆسایدیدس (Thucydides 400-460 BC) لە زاری جەنەراڵە ئەسینایییەکانەوە دەگێڕێتەوە «بەهێزەکان ئەوە دەکەن کە دەبێت بیکەن، لاوازەکانیش ئەوە تەحەمول دەکەن کە دەبێت تەحەمولی بکەن.» بەهێزەکانیش ئەوانەن خاوەن سوپای زەبەلاح و چەکی وێرانکەرن، هەر ئەوانیش دواقسە و دوابڕیار دەدەن.

کاتێك دەوڵەتیش دەکەوێتە کێبڕکێی خۆ پڕچەککردنەوە لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە، ئەگەری پەنابردن بۆ جەنگ، هەردەم ئەگەرێکی بەهێز دەبێت، لەبەرئەوە دەوڵەت بەناچاری لە حاڵەتی سیاسەت یاخود جەنگی بەرگریدا دەبێت، ئەمەش لە باشترین دۆخیدا دەکرێت وەك ڕەهەندێکی ئایدۆلۆجی لە چوارچێوەی ستراتیژیی سەربازیدا مامەڵەی لە تەکدا بکرێت، چونکە ئەوە تەنیا بژارەیە لەناو چەندان بژارەی دیکە لەبەردەم بڕیاربەدەستانی سیاسی و سەربازییدا، تاکوو بتوانن ئامانجی گەورەتر و ستراتیژیی بەدی بهێنن. بژارەی سەربازیی هەمیشە یەکێکە لە بژارە سەرەکییەکانی زلهێزەکان بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە و ململانێکانیان.

لێرەوە ستراتیژییەت گوزارشتە لە دیدگایەکی داینامیکی کە کار لەسەر پێدراو (المعطیات) و بگۆڕەکان (المتغیرات) دەکات. بە واتایەکی دیکە پەیوەستە بەو فاکتەرە دەرەکییانەش کە کاریگەری لەسەر کێشە و دیاردەکان دروست دەکەن. ستراتیژییەت ڕەچەتەی ئەو میتۆد و پلانانەیە کە ئامانجە باڵاکانی دەوڵەت بەدی دەهێنن. دەوڵەت ناتوانێت بەبێ دونیابینی ستراتیژیی ئیدارەی قەیران و کێشەکان بدات. جەنگ و ململانێی سەربازیش پایەیەکی سەرەکیی ناو ڕوئیای ستراتیژیی و کایەی ستراتیژییەتە بە شێوەیەکی گشتی. ئەگەر تێگەیشتنەکەی کلاوزەفیتز بە شێوەیەکی دیکە دابڕێژینەوە، دەتوانین بڵێین، سیاسەت درێژکراوەی جەنگ و ململانێیە، چونکە پرەنسیپی زاڵ و تەنانەت فاکتەری جووڵێنەری مێژووش، ململانێیە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




# نهێنییەکانی ستراتیژییەت
## ڕەهەندە شاراوە و نادیارەکان

ئامادەکردنی : حەسەن عەبدوڵڵا

لە زانستی ستراتیژیدا، هیچ پلانێک نییە کە بە تەواوی ئاشکرا و روون بێت. هەمیشە جیاوازییەکی قووڵ لە نێوان ستراتیژییەتی ڕاگەیەندراودا هەیە، واتە ئەوەی لە کۆبوونەوە و میدیا و دەرکەوتنی رووکەشانەی پلانەکاندا دەگوترێت، لەگەڵ وردەکاریی ستراتیژییەتی پەیڕەوکراو واتە ئەوەی لە واقیعدا و بە شاراوەیی جێبەجێ دەکرێت. ئەمەش لە زانستی ستراتیژیدا تەنها بژاردەیەکی سادە نین، بەڵکو ڕەهەندێکی بنەڕەتی و گرنگە. لێرەدا دیارترین ئەو چەمکانە دەخەینەڕوو کە باس لە لایەنە شاراوەکانی ستراتیژییەت دەکەن.

**یەکەم: ستراتیژییەتی لەناکاو**

ئەم چەمکە لەلایەن بیرمەندی ناودار (هێنری مێنتزبێرگ) پەرەی پێدراوە. ئەو جیاوازی لە نێوان دوو جۆر ڕێچکە دەکات: یەکێکیان ستراتیژییەتی بەئەنقەستە، واتە ئەوەی لەسەر کاغەز دەینووسین و پلانمان بۆی هەیە. دووەمیان: ستراتیژییەتی لەناکاوە، کە بە شێوەیەکی شاراوە و نافەرمی لە ناو کردارەکان و بڕیارە ڕۆژانەکاندا دروست دەبێت، بەبێ ئەوەی پلانی پێشوەختەی بۆ هەبێت. زۆرجار ئەمە ستراتیژییەتە ڕاستەقینەکەیە، چونکە ئەوەیە لە واقیعدا جێبەجێ دەکرێت نەک ئەوەی لە کۆبوونەوەکاندا دەگوترێت.

**دووەم: ستراتیژییەتی سێبەر**

ئەم زاراوەیە زیاتر لە بواری بەڕێوەبردنی دامەزراوە و کۆمپانیاکاندا بەکاردێت. مەبەست لێی ئەو بەرنامە و ئامانجانەیە کە گرووپێکی دیاریکراو لە ناو دامەزراوەیەکدا هەیانە و لەگەڵ ئامانجە فەرمییەکانی ڕێکخراوەکەدا ناگونجێت. ئەمە جۆرێکە لە کارنامەی شاراوە کە کارمەندان یان بەڕێوەبەران بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان یان بەهۆی تێڕوانینی جیاوازییانەوە پەیڕەوی دەکەن.

**سێیەم: بێدەنگی ستراتیژی**

ئەمە ڕەهەندێکی تەکنیکییە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەڕێوەبردنی تەنگژەکاندا. لێرەدا، بێدەنگی خۆی جۆرێکە لە پلانی کارکردن. لایەنێک بە ئەنقەست زانیارییەکان یان هەڵوێستەکانی بە شاراوەیی دەهێڵێتەوە بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی بخاتە ناو گومان و هەڵەوە، یان بۆ ئەوەی کاتی زیاتر بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەدەستبهێنێت.

**چوارەم: ستراتیژییەتی ناڕاستەوخۆ و فێڵ**

لە بواری سەربازی و سیاسەتدا بیرمەندانی وەک (سۆن تزو) و (باسیل لیدل هارت) جەخت لەسەر پلانی ناڕاستەوخۆ دەکەنەوە. لێرەدا ڕەهەندی شاراوە واتە شاردنەوەی نیەتە ڕاستەقینەکان، نیشاندانی هێز بە لاوازی و نیشاندانی لاوازی بە هێز، هەروەها هێرشکردن لەو شوێنەی کە دوژمن هیچ پێشبینییەکی بۆ ناکات. ئەمە جۆرێکە لە ستراتیژییەتی پەنهان کە تێیدا پلانی ڕاستەقینە تەنها لە مێشکی داڕێژەرەکەیدایە و ئەوەی بۆ خەڵک و ڕکابەرەکان دەردەکەوێت تەنها خەڵەتاندنە.

**پێنجەم: ستراتیژییەکەی چۆمسکی**

بیرمەند نوام چۆمسکی باس لە کۆمەڵێک ڕێگەی کارکردن دەکات کە سیستەمە سیاسییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی گەلان بەکاری دەهێنن. ئەمانە زۆرجار بە شێوەیەکی شاراوە و لە ڕێگەی میدیاوە جێبەجێ دەکرێن، وەک سەرقاڵکردنی خەڵک بە پرسی لاوەکی و بچووک بۆ لادانی سەرنج لەسەر کێشە بنەڕەتی و چارەنووسسازەکان.

لێرەدا تێدەگەین کە ڕەهەندی شاراوە بەشێکی دانەبڕاوە لە چەمکی ستراتیژییەت، چونکە ئامانجی سەرەکی سەرکەوتنە لە دۆخی ڕکابەریدا، سەرکەوتنی ڕاستەقینەش پێویستی بە پاراستنی نهێنی و دروستکردنی کاری پێشبینینەکراو هەیە.

# ستراتیژییەت

## هێزی شاراوەی شکست و سەرکەوتن

● ئامادەکردنی: هێور

ستراتیژییەت، لەسەر ئاستی پاراستنی قەوارە و سەروەری خاک، وەک قەڵغانی کیان و سوپا دەردەکەوێت. ئەم قەڵغانە پێش ئەوەی شمشێرەکان بجوڵێن و تانکەکان بکەونە ڕێ، جەنگەکان لە بەرژەوەندیی خاوەنەکەی یەکلا دەکاتەوە، چونکە ئاسایشی نەتەوەیی لە بیرکردنەوەی ستراتیژییەوە دەستپێدەکات، نەک تەنها لە جبەخانەکانەوە. هێزی چەک تەنها کاتێک کاریگەرە کە عەقڵێکی ستراتیژی ئاراستەی بکات.

جیهانی ئەمڕۆ سەلماندوویەتی کە مانەوە بۆ بەهێزەکان نییە، بەڵکو بۆ ئەوانەیە کە ستراتیژییەتێکی دروستیان هەیە و لەگەڵ گۆڕانکارییەکان دەیگونجێنن. لێرەوە تێدەگەین کە چارەنووس بەخت نییە، بەڵکو پلانی ستراتیژییە. ئەوەی پێی دەڵێین بەخت زۆرجار تەنها ئامادەسازیی ستراتیژییە بۆ قۆستنەوەی دەرفەتەکان.

دەبێت ئەوە بزانین کە سەرکەوتن لووتکەی ستراتیژییەتێکی دروستە، شکستیش سزایەکی دادپەروەرانەی بێ پلانییە. لە نێوان مانەوە و نەمان، لە نێوان سەرکەوتن و شکستدا، تەنها یەک جیاوازیی بنەڕەتی هەیە، ئەویش قوڵیی ستراتیژییەتە.

> لە جیهانی پڕ لە ململانێی ئەمڕۆدا، سەرکەوتن تەنها بەند نیە بە هێزی بازو و ژمارەی چەك، بەڵکو بەندە بەو عەقڵە داڕێژەرەی کە لە پشت جوڵەکانەوە وەستاوە

### گرنگی و کاریگەری ستراتیژییەت

لە جیهانی پڕ لە ململانێی ئەمڕۆدا، سەرکەوتن تەنها بەند نییە بە هێزی بازو و ژمارەی چەک، بەڵکو بەندە بەو عەقڵە داڕێژەرەی کە لە پشت جووڵەکانەوە وەستاوە. ستراتیژییەت وەک کۆڵەکەی سەرەکیی هەر بونیادێکی سەربازی و سیاسی دادەنرێت کە دەوڵەت و سوپاکان لە هەڵدێر دەپارێزێت. ئەم مەلەفە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی مانا قوڵەکانی ئەم زانستە و گەڕان بەناو مێژووی سەرکەوتن و شکستەکاندا، تاوەکو وانە بۆ داهاتوو وەربگیرێت. لێرەدا دەخوازین تیشک بخەینە سەر ئەوەی کە چۆن پلانێکی ژیرانە دەتوانێت جیاوازییەکی گەورە لە نێوان مانەوە و لەناوچووندا دروست بکات.

### هێزی سەربازی و ستراتیژییەت

ستراتیژییەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا وەک ڕێبەرێکی ڕۆشن کار دەکات بۆ ئەوەی ڕێگە لە بەفیڕۆدانی وزە و کات بگرێت. لە ئاستی گشتیدا، ئەم زانستە یارمەتی بڕیارە دروستەکان دەدات کاتێک تەنگژەکان بەرۆکی مرۆڤایەتی دەگرن. ستراتیژییەت دیدگایەکی ڕوونی داهاتوو دەداتە سەرکردەکان تاوەکو لە گێژاوی ڕووداوەکاندا ڕێگەی ڕاست ون نەکەن. لە بواری سەربازیدا، گرنگییەکە زیاتر ڕەنگ دەداتەوە، چونکە ستراتیژییەت پردێکی پەیوەندییە لە نێوان جەنگ و ئامانجە سیاسییەکانی نەتەوەدا. بێ بوونی ئەم زانستە، سوپا تەنها دەبێتە ئامرازێکی توندوتیژی بێ ئامانج. ڕۆڵی ستراتیژییەت لەوەدایە کە ڕێکخستنێکی ورد دەخاتە نێوان هەموو بەشەکانی سوپا و وایان لێ دەکات وەک یەک جەستە کاربکەن. ئەمە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی زیانە گیانییەکان و پاراستنی سەروەریی خاک بە کەمترین تێچوو.

### بیرمەندانی سیاسی و سەربازی چی دەڵێن؟

سەرکردە و فەیلەسوفە گەورەکانی جیهان تێڕوانینی جیاوازیان بۆ ستراتیژییەت هەبووە. سۆن تزو پێی وایە کە ستراتیژییەت بەبێ کردەی مەیدانی، تەنها ڕێگەیەکی زۆر خاوە بۆ سەرکەوتن، بەڵام کردەی مەیدانی بەبێ ستراتیژییەت، تەنها ژاوەژاوێکی بێسوودە بەر لە شکست. هەروەها کارڵ فۆن کلاوزڤیتز دەڵێت "جەنگ تەنها کەرەستەیەکی سیاسییە و ستراتیژییەت بریتییە لە بەکارهێنانی ئەو جەنگە بۆ پێکانی مەبەستی کۆتایی". بیرمەندی ناودار، لیدڵ هارت ئاماژە بەوە دەکات کە ستراتیژییەت هونەری شڵەژاندنی دوژمنە پێش ئەوەی شەڕ دەستپێبکات. ناپۆلیۆن پۆناپارتیش جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ستراتیژییەت هونەری بەکارهێنانی کات و شوێنە و کاتیش یەکێکە لەو شتانەی هەرگیز ناگەڕێتەوە. هەموو ئەمانە کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێش ئەوەی دەست بۆ چەک ببرێت، دەبێت عەقڵ ڕێگەکە ڕۆشن بکاتەوە.

### نموونەی زیانەکانی نەبوونی ستراتیژییەت

مێژوو شایەتی ئەوەیە کە چەندین سوپای گەورە بەهۆی نەبوونی پلانی باڵاوە هەرەسیان هێناوە. بۆ نموونە، هێرشی سوپای ئەڵمانیا بۆ سەر خاکی ڕۆژئاوای سۆڤییەت لە جەنگی جیهانی دووەمدا کە نموونەیەکی دیاری نەبوونی دیدگای دوورمەودایە. سەرەڕای هێزێکی زۆر، بەڵام ڕەچاوی سەرما و قووڵایی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە
hewalname.com/ku



”ستراتیژییەت وەك كۆڵەكەی سەرەكیی هەر بونیادێكی سەربازی و سیاسی دادەنرێت كە دەوڵەت و سوپاكان لە هەڵدێر دەپارێزێت“

جوگرافیای ئەو ناوچانە نەکرابوو، ئەمەش بووە هۆی تێکشکانێکی مێژوویی. هەروەها لە جەنگی ڤێتنامدا، زلهێزێکی وەک ئەمریکا نەکەوتبووە ناو کێشەی نەبوونی چەک، بەڵکو کێشەکە نەبوونی ستراتیژییەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو کە بتوانێت لەگەڵ جەنگی ناوخۆیی و پارتیزانیدا خۆی بگونجێنێت. ئەم جۆرە رووداوانە دەیسەلمێنن کە هێزی فیزیکی بە بێ پلانی عەقڵانی، تەنها سەرکێشییەکی بێ ئەنجامە و دەبێتە هۆی لەدەستدانی ملیۆنان مرۆڤ.

**نموونەی ئەو پلانانەی بە ستراتیژییەت سەرکەوتوو بوون**

لە بەرامبەردا، هەندێک پلان هەن کە بوونەتە وانەی سەرکەوتن لە ئەکادیمیا سەربازییەکاندا. پلانی مارشاڵ دوای جەنگی جیهانی دووەم تەنها پلانێکی دارایی نەبوو، بەڵکو ستراتیژییەتێکی سیاسی بوو بۆ رێگری لە تەشەنەکردنی بیری نەیارەکان لە ئەورووپا.

لە بواری سەربازییشدا، جووڵەی ژیرانەی سکیپیۆ دژی حەنیبال یەکێکە لە مەزنترین کارە ستراتیژییەکان، کاتێک شەڕی بردە ناو جەرگەی خاکی دوژمن بۆ ئەوەی گوشاری سەر نیشتمانەکەی کەم بکاتەوە. ئەم جۆرە پلانانە نیشانی دەدەن کە ستراتیژییەت تەنها بەرگری نییە، بەڵکو هەستکردنە بە خاڵی لاوازی بەرامبەر و بەکارهێنانی دەرفەتەکانە لە کاتێکی گونجاودا بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێز.

# ناڕوونی ستراتیژی وەك میكانیزمی بەرگری

● ئامادەکردنی: ئازاد هەمەوەندی

لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان و توێژینەوەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا، پێشبینی دەکرێت سروشتی ململانێ جیۆپۆلەتیکییەکانی دوای ساڵی ٢٠٢٦ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەخۆوە ببینێت. پانتایی جەنگ لە ڕەهەندە فیزیکی و جوگرافییەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ ڕەهەندی ئەلگۆریتمی و پێشبینیکاری. چەمکی تەقلیدیی "داگیرکاریی سەربازی" جێگەی خۆی دەدات بە چەمکێکی نوێ لەژێر ناوی "داگیرکاریی پێشبینیکاری" (الاستعمار التنبؤي). ئەم دۆخە مەعریفییە نوێیە، دەوڵەتان دەخاتە بەردەم دیاردەیەک کە دەکرێت وەک "شەفافییەتی سەپێنراو" (الشفافية القسرية) پێناسە بکرێت؛ کە تێیدا داتا و زانیارییە وردەکانی ناو کۆمەڵگە دەبنە ئامرازی داماڵینی ئیرادەی سەروەریی دەوڵەت، تەنانەت پێش هەڵگیرسانی هەر پێکدادانێکی سەربازیی نەریتی.

## کۆتایی سەردەمی شۆككرن

لەڕووی مێژووییەوە لە تیۆرییە سەربازییەکاندا، توخمی شۆک و لەناکاوی (عنصر المفاجأة) وەک هۆکارێکی سەربەخۆ و یەکلاکەرەوە لە یەکلاییکردنەوەی ململانێکاندا پۆلێن کراوە، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد و شیکاریی داتا زەبەلاحەکان، کاریگەریی ئەم توخمە ستراتیژییە بەرەو سفر دەبێتەوە. وڵاتە خاوەن هەژموونەکان لە ئێستادا پشت بە میکانیزمی دروستکردنی "هاوتا دیژیتاڵییەکان" (التوائم الرقمية) بۆ ژینگەی نەیارەکانیان دەبەستن. ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی کۆمپیوتەریی هاوشێوە کە تەواوی گۆڕاوە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی دەوڵەتی ئامانجدار لەخۆدەگرێت. لە ڕێگەی ئەم مۆدێلانەوە، بڕیاردەری سەربازی دەتوانێت سیناریۆکانی قەیران و کاردانەوەی دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتی بە ڕێژەیەکی بەرزی متمانە پێشبینی بکات، ئەمەش دۆخی ئاڵۆزی ململانێکان بۆ هاوکێشەیەکی ماتماتیکیی پێشبینیکراو کەم دەکاتەوە.

## شیكاریی سایكۆلۆژیای جەماوەر

میتۆدۆلۆژیای کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری لە ئاستی چاودێریکردنی



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

**له ڕوانگەی شیکاریی سیستەمەکانەوە، یەکێك له گەورەترین لاوازییە ستراتیژییەکانی دەوڵەت، کەوتنە ناو بازنەی ڕۆتینی دامەزراوەییە**

پەیوەندییە کەسییەکانەوە پەرەی سەندووە بۆ ئاستی هەڵسەنگاندنی ئاراستە و میزاجی گشتی لە ڕێگەی "شیکاریی هەستی زمانەوانی" (تحليل المشاعر). پلاتفۆرمە دیژیتاڵییەکان وەک بنکەیەکی زانیاریی کراوە کاردەکەن بۆ پێوانەکردنی خاڵەکانی لاوازیی کۆمەڵایەتی؛ وەک ئاستی پشوودرێژی، بێهیوایی، و ئامادەیی جەماوەر بۆ وەرگرتنی گوتاری چەواشەکارانە. لە پاڵ ئەمەشدا، بەکارهێنانی تەکنیکەکانی شیکاریی بایۆمەتری، وەک ناسینەوەی جووڵە شاراوەکانی دەموچاو و شیکاریی فریکوێنسیی دەنگی سەرکردە سیاسییەکان، توانای جیاکردنەوەی گوشاری دەروونی و نییەتی ڕاستەقینەی لە بانگەشەی میدیاییدا هەیە. ئەم پرۆسەیە زەمینەسازی دەکات بۆ جێبەجێکردنی جۆرێک لە "داگیرکاریی واتایی و مەعریفی."

## مەترسییەکانی کاردانەوەی ڕۆتینی

لە ڕوانگەی شیکاریی سیستەمەکانەوە، یەکێک لە گەورەترین لاوازییە ستراتیژییەکانی دەوڵەت، کەوتنە ناو بازنەی "ڕۆتینی دامەزراوەیی"یە. کاتێک دەوڵەتێک خاوەنی مۆدێلێکی نەگۆڕ و ستاندارده لە وەڵامدانەوەی قەیرانەکاندا، نەیار ئەم کاردانەوانە وەک فاکتەرێکی چەسپاو لە ژمێرەی تێچوو و قازانجی ستراتیژیی خۆیدا بەکاردەهێنێت. ئەم زانیارییە پێشوەختەیە دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ جێبەجێکردنی تاکتیکەکانی "جەنگی ناوچەی خۆڵەمێشی" واتە بەکارهێنانی گوشاری کەم-مەودا و بەردەوام کە لە خوار ئاستی ورووژاندنی جەنگی نەریتیدایە.

## میکانیزمەکانی بەرپەرچدانەوە

لەبەردەم ئەم ئالنگارییە مەعریفییەدا، دەوڵەتان پێویستیان بە دارشتنەوەی عەقیدەی بەرگریی خۆیان هەیە لە ڕێگەی گرتنەبەری ستراتیژیی "ناڕوونیی ستراتیژی". گۆڕینی بنەمای مامەڵەکردنی دەوڵەت لە ژینگەیەکی کراوەوە بۆ سیستەمێکی داخراو لە شێوەی "سندووقی ڕەش" پێویستی بەم ڕێکارە پراکتیکییانە هەیە:

١. ژەهراویکردنی ژینگەی داتا: لەجیاتی هەوڵدانی کلاسیکی بۆ شاردنەوەی داتا کە لە سەردەمی پەیوەندییە کراوەکاندا ئەستەمە، ڕێکاری جێگرەوە دەخوازێت ئەلگۆریتمەکانی نەیار بە زانیاریی نادروست، فرەچەشن و دژبەیەک ژەهراوی بکرێن. ئەم پرۆسەیە دەبێتە هۆی دروستکردنی باری نائاسایی لە مۆدێلە پێشبینیکارییەکاندا و بەرهەمهێنانی "سەرابێکی دیژیتاڵی" کە متمانەپێکراویی ژمێرەکانی نەیار لەناودەبات.

٢. هەڕەمەکیبوونی ئاراستەکراو (العشوائية الموجهة): دوورکەوتنەوە لە وەڵامە لۆژیکییە چاوەڕوانکراوەکان و جێبەجێکردنی بڕیاری لاسەنگ. ئەم ڕێبازە دەبێتە هۆی پەکخستنی هاوکێشە شیکارییەکانی نەیار و سەپاندنی تێچوویەکی کاتیی زۆر بۆ دووبارە هەژمارکردنەوەی ئەگەرەکان، کە لە کۆتاییدا دەرفەتی دەستپێشخەری بۆ دەوڵەتی بەرگریکار دەگەڕێنێتەوە.

٣. پەنابردن بۆ بێدەنگیی ستراتیژی: بە پشتبەستن بە تیۆریی یارییەکان، شاردنەوەی زانیاری و دروستکردنی بۆشایی، سەرچاوەیەکی بنەڕەتییە بۆ بەرهەمهێنانی نادڵنیایی بەرامبەر بڕیارەکانی بەرگریکار. پاراستنی بێدەنگی و خۆبەدوورگرتن لە کاردانەوەی ئاشکرا، وەک ئامرازێکی کاریگەری بەرپەرچدانەوە و ڕێگری کار دەکات.

وەک دەرەنجامێک، لە ئاسۆی ململانێکانی ساڵی ٢٠٢٦ و دواتردا، پێناسەی یاسایی و سیاسیی سەروەری لە قەتیسبوونی لە سنووره جوگرافییەکانەوە پەرە دەستێنێت بۆ چەمکی "سەروەریی مەعریفی و داتایی." پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی بە شێوەیەکی ڕاستەوانە بەندە بە توانای دەوڵەت لە پاراستنی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە شیکارییە ئەلگۆریتمییەکانی دوژمن. ڕزگاربوون لە هەژموونی داگیرکاریی پێشبینیکاری، پێویستی بە دامەزراندنی مۆدێلێکی بەرگریی نوێ هەیە کە لەسەر بنەمای "بەڕێوەبردنی نادڵنیایی" بونیاد نراوە. توانای مانەوە لەم ژینگە ئەمنییە ئاڵۆزەدا، پەیوەستە بە بەکارهێنانی ئامانجدارانەی ناڕوونی بۆ پەکخستنی لۆژیکی ژمێریی و شیکاریی نەیارەکان.

**وڵاتە خاوەن هەژموونەکان لە ئێستادا پشت بە میکانیزمی دروستکردنی (هاوتا دیژیتاڵییەکان - التوائم الرقمية) بۆ ژینگەی نەیارەکانیان دەبەستن**

# ستراتیژییەکانی جەنگ

● ئامادەکردنی: ئاکام شوانی

کتێبی "٣٣ ستراتیژییەکەی جەنگ" یەکێکە لە شاکارە ناسراوەکانی نووسەری ئەمریکی "ڕۆبێرت گرین". ئەم کتێبە تەنها باس لە تاکتیکی سەربازی و مەیدانی جەنگ ناکات، بەڵکو ڕێبەرێکی دەروونی و ستراتیژییە بۆ تێگەیشتن لە ململانێکانی ژیانی ڕۆژانە، کار، سیاسەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. گرین تێیدا وانە مێژووییەکان و ئەزموونی جەنگاوەرە گەورەکان (وەک ناپلیۆن، سان تزوو و کلاوزویتز) دەخاتەڕوو بۆ ئەوەی نیشانی بدات چۆن دەتوانین بە هێزی زەین، دانبەخۆداگرتن و پلاندارێژی، بەسەر ئاستەنگەکان و نەیارەکانماندا زاڵ ببین.

## بەشێك لە ستراتیژییەکان:

### ١: جەنگ دژی دوژمنەکانت ڕابگەیەنە

ژیان جەنگ و ململانێی بێ کۆتاییە، ناتوانیت بە شێوەیەکی کاریگەر شەڕبکەیت ئەگەر نەتوانیت دوژمنەکانت دەستنیشان بکەیت. خەڵک فێڵباز و خۆدزەرەوەن، نیازەکانیان دەشارنەوە و خۆیان وا دەردەخەن کە لە بەرەی تۆن. پێویستت بە ڕوونی هەیە. فێربە دوژمنەکانت دەربهێنیت و لە ڕێگەی نیشانە و ئەو ڕەفتارانەی کە دوژمنکاری ئاشکرا دەکەن، بیانناسیتەوە. کاتێک دەستنیشانت کردن، لە ناخەوە دژیان جەنگ ڕابگەیەنە. وەک جەمسەرە دژبەیەکەکانی موگناتیس کە جووڵە دروست دەکەن، دوژمنەکانت دەتوانن ئامانج و ئاراستەت پێ ببەخشن. ئەو خەڵکانەی لە ڕێگەتدا دەوەستن و نوێنەرایەتی شتێک دەکەن کە تۆ ڕقت لێیەتی، سەرچاوەی وزەن بۆت. ساویلکە مەبە، لەگەڵ هەندێک دوژمن هیچ سازشێک نییە، یان دەیبەزێنیت یان دەتبەزێنن.

### ٢: جەنگی ڕابردوو مەکە

ئەوەی زۆرجار قورست دەکات و نەهامەتیت بۆ دەهێنێت، ڕابردووە. لە شێوەی وابەستەیی ناپێویست، دووبارەکردنەوەی هاوکێشە سوواوەکان و یادەوەری سەرکەوتن و شکستە کۆنەکان. دەبێت بە ئاگاییەوە دژی ڕابردوو بوەستیتەوە و خۆت ناچار بکەیت کاردانەوەت بۆ ساتەوەختی ئێستا هەبێت. بەرامبەر خۆت بێبەزەیی بە، هەمان میتۆدە ماندووەکان دووبارە مەکەرەوە. هەندێک جار دەبێت بەرەو ئاراستەی نوێ بڕۆیت، تەنانەت ئەگەر مەترسیداریش بێت. ئەوەی لە ئاسوودەیی و ئاسایشدا لەدەستی دەدەیت، لە هەژەندا (سوپرایز) بەدەستی دەهێنیتەوە،



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

بەمەش پێشبینیکردنی کردەوەکانت بۆ دوژمنەکانت قورستر دەکەیت. جەنگێکی دەروونی لە مێشکتدا بەرپا بکە و ڕێگە مەدە هیچ هێڵێکی بەرگری جێگیر هەبێت، هەموو شتێک بکە بە جوڵاو و گۆڕاو.

### ٣: لە ناوەڕاستی پشێویدا، ئامادەیی زەینت لەدەست مەدە

لە گەرمەی جەنگدا، مێشک مەیلی هەیە هاوسەنگی خۆی لەدەست بدات. زۆر شت لە یەک کاتدا ڕووبەڕووت دەبنەوە: پاشەکشەی چاوەڕواننەکراو، گومان و ڕەخنەی هاوپەیمانەکان. مەترسی ئەوە هەیە بە سۆزەوە وەڵام بدەیتەوە، وەک ترس، خەمۆکی یان بێهیوایی. زۆر گرنگە ئامادەیی زەین و هێزی عەقڵت لە هەر بارودۆخێکدا بپارێزیت. دەبێت بە چالاکی بەرەنگاری ڕاکێشانی سۆزداریی ساتەکە بیتەوە و بە بڕیار و متمانەوە بمێنیتەوە. مێشکت بەهێز بکە بە خستنەبەر ناخۆشی. فێربە خۆت لە پشێوی گۆڕەپانی جەنگ داببڕیت. با ئەوانی تر سەریان لێ بشێوێت، ئامادەیی زەینی تۆ دەتپارێزێت و لەسەر ڕێچکەی خۆت دەتهێڵێتەوە.

### ٤: هەستی بەپەلەیی و ناچاری دروست بکە

تۆ گەورەترین دوژمنی خۆتی. کاتە بەنرخەکان بەفیڕۆ دەدەیت بە خەونبینین بە داهاتووەوە لەبری ئەوەی لە ئێستادا بەشدار بیت. مادام هیچ شتێک بە پەلە دەرناکەوێت، تەنها نیوەی توانات بەکار دەهێنیت. تاکە ڕێگە بۆ گۆڕانکاری لە ڕێگەی کردار و گوشاری دەرەکییە. خۆت بخەرە دۆخێکەوە کە زۆر شت لەدەست بدەیت ئەگەر کات بەفیڕۆ بدەیت. ئەگەر نەتوانیت بەرگەی دۆڕان بگریت، نادۆڕێیت. پەیوەندییەکانت بە ڕابردووەوە ببڕە و بچۆرە ناو ناوچەیەکی نەناسراوەوە کە تێیدا دەبێت تەنها پشت بە ژیری و وزەی خۆت ببەستیت. خۆت بخەرە سەر "زەوی مەرگ"، ئەو شوێنەی کە پشتت لە دیوارە و دەبێت وەک دۆزەخ شەڕ بکەیت بۆ ئەوەی بە زیندوویی دەربچیت.

### ٥: خۆت لە داوی "بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ" بەدوور بگرە

کێشەی سەرکردایەتیکردنی هەر گرووپێک ئەوەیە کە خەڵک بەرنامەی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەگەر زۆر ستەمکار بیت، ڕقیان لێت دەبێتەوە و بە بێدەنگی یاخی دەبن. ئەگەر زۆر نەرم بیت، دەگەڕێنەوە سەر خۆپەرستی و کۆنترۆڵ لەدەست دەدەیت. دەبێت زنجیرەیەک فەرمان دروست بکەیت کە تێیدا خەڵک هەست بە کۆتوبەند نەکەن، بەڵام شوێنکەوتووی تۆ بن. کەسانی گونجاو لە شوێنی خۆیان دابنێ، ئەوانەی گیانی بیرۆکەکانت جێبەجێ دەکەن بەبێ ئەوەی وەک ڕۆبۆت بن. فەرمانەکانت ڕوون و ئیلهامبەخش بکە و سەرنج بخەرە سەر تیمەکە نەک سەرکردەکە. هەستی بەشداریکردن دروست بکە، بەڵام مەکەوەرە ناو "بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ" و هەرگیز کۆنترۆڵی سەرەکی لەدەست مەدە.

### ٦: هێزەکانت دابەش بکە

توخمە گرنگەکانی جەنگ خێرایی و گونجانن، توانای جووڵە و بڕیاردانی خێراتر لە دوژمن. ئەمڕۆ بەدەستهێنانی ئەمە قورسە، چونکە زانیاریی زۆرە و بڕیاردان ئاڵۆز بووە. فێربە لە ناپلیۆن: خێرایی و گونجان لە ڕێکخستنی نەرمەوە دێت. هێزەکانت بکە بە گرووپی سەربەخۆ کە بتوانن خۆیان کار بکەن و بڕیار بدەن. هێزەکانت بکە بە هێزێکی دەرنەکەوتوو و ڕانەوەستاو، ئەرکێکیان پێ بدە و پاشان لێیان گەڕێ با کارەکە ئەنجام بدەن.

### ٧: جەنگەکەت بگۆڕە بۆ شۆڕش (یان خەباتێکی پیرۆز)

نهێنی هاندانی خەڵک ئەوەیە وا بکەیت کەمتر بیر لە خۆیان و زیاتر بیر لە گرووپەکە بکەنەوە. بەشدارییان پێ بکە لە دۆزێکدا، لە خەباتێک دژی دوژمنێکی ڕق لێبووەوە. وا بکە مانەوەیان ببەستنەوە بە سەرکەوتنی کۆی سوپاکە. لە گرووپێکدا کە خەڵک پێکەوە گرێدراون، سۆزەکان دەگوازرێنەوە و ئاسان دەبێت سەربازەکان بە جۆش و خرۆش بکەیت. لە پێشەوە سەرکردایەتی بکە، با سەربازەکانت لە سەنگەرەکاندا بتبینن. کاتێک قوربانی بۆ دۆزەکە دەدەیت، ئەوانیش دەیانەوێت چاوت لێ بکەن. سوپایەکی خاوەن پاڵنەر (Motivated) دەتوانێت موعجیزە بکات.

### ٨: جەنگەکانت بە وریاییەوە هەڵبژێرە

هەموومان سنووردارین و وزەمان تەنها تا ڕادەیەک دەمانبات. مەترسی ئەوەیە هەوڵ بدەین سنوورەکانمان ببەزێنین بەهۆی خەڵەتان بە پاداشتێکی بریقەدار، لە کۆتاییدا تەنها ماندوو دەبین. دەبێت سنووری خۆت بزانیت. تێچووە شاراوەکانی جەنگ لەبەرچاو بگرە: کاتی بەفیڕۆچوو و دروستبوونی دوژمنێکی ڕق لە دڵ. هەندێک جار باشترە چاوەڕێ بکەیت و بە نهێنی دوژمن لاواز بکەیت. ئەگەر جەنگ حەتمی بوو، وا بکە لەسەر مەرجەکانی تۆ بێت و ئامانج لە خاڵە لاوازەکانیان بگرە.

### ٩: دۆخەکە پێچەوانە بکەرەوە

جووڵەی یەکەم و دەستپێکردنی هێرش، زۆرجار ستراتیژەکەت ئاشکرا و بژاردەکانت سنووردار دەکات. لەبری ئەوە، هێزی "خۆگرتنەوە" بەکاربهێنە، ڕێگە بدە لایەنی بەرامبەر بجووڵێت، ئەمە نەرمییەت پێ دەبەخشێت بۆ دژەهێرش. ئەگەر دوژمن هێرشبەرە، ڕایان بکێشە بۆ هێرشێکی سەرەڕۆیانە کە لە دۆخێکی لاوازدا جێیان دەهێڵێت. بێسەبری و پەلەی ئەوان بەکاربهێنە بۆ تێکدانی هاوسەنگییان. لە ساتە سەختەکاندا بێهیوا مەبە، هەر دۆخێک دەکرێت پێچەوانە بکرێتەوە ئەگەر چاوەڕێی ساتی گونجاو بکەیت.

### ١٠: دەرکەوتنێکی هەرەشەئامێز دروست بکە

باشترین ڕێگە بۆ بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژیکەران ئەوەیە هەر لە سەرەتاوە نەهێڵیت هێرش بکەن. بۆ ئەمە، دەبێت وا خۆت نیشان بدەیت کە زۆر لەوە بەهێزتریت کە هەیت. ناوبانگێک دروست بکە: کە شەڕکردن لەگەڵت تێچووی زۆرە. ئەم ناوبانگە بە چەند کردەوەیەکی توند و کاریگەر بیسەلمێنە. نادیاریی هەندێک جار باشترە لە هەڕەشەی ئاشکرا. ئەگەر دوژمن دڵنیا نەبێت لەوەی دەستکاری کردنت چەندی لەسەر دەکەوێت، نایەوێت تاقی بکاتەوە.

# پرۆسەی هۆشیاریی بەرانبەر پڕوپاگەندە و زانیاریی چەواشەکاری

## ئەرکەکانی ڕێگری، بەرپەرچدانەوە و پووچەڵکردنەوە

● ئامادەکردنی: هۆشیار

ئەم بابەتە لە چوارچێوەی جەنگی دەروونی و بەڕێوەبردنی پرۆسەی هۆشیاریدایە کە ئامانجی تەنها وەڵامدانەوەی دەنگۆ و پڕوپاگەندە و چەواشەکارییەکانی دوژمن و نەیاران نییە، بەڵکو شیکردنەوەی پێکهاتە و ئامانجە شاراوەکانیەتی. هەرەشەی دەنگۆ و چەواشەکاری وەک هەوڵێکی کاریگەری دەروونی ڕێکخراو سەیردەکرێت کە دەیەوێت دڵەڕاوکێ دروست بکات و وا پیشان بدات کە کەموکوڕی، لاوازی و کێشە لە ناو لایەنە سیاسییەکان یان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، یاخود هێزەکانی پێشمەرگە و دەزگا تەناهییەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە لەگەڵ چەندین مەرامی جیاجیای دیکە. ئەم بابەتە جەخت دەکاتەوە سەر ڕێگری، شیکاری، هەڵوەشاندنەوەی هەواڵ و دەنگۆ و چەواشەکارییە دوژمنکارییەکان بە ئاراستەی پاراستنی بەرژەوەندییەکان و باری دەروونی کۆمەڵگە و ورەبەرزیی گشتی و بەتایبەت لایەنی بەئامانجگیراو.

### ناسنامەی زانیارییە چەواشەکارەکان

١. بەپێی چاودێرییە زانستییەکان، ئەو زانیارییە ساختانەی بڵاودەکرێنەوە چەند ڕەهەندێکی سەرەکی دەگرنە خۆیان، وەک بەکارهێنانی مۆر و قاڵبی فەرمی و بە ئامانجگرتنی شوێن و هێزە هەستیارەکانی وەک پێشمەرگە بۆ پەیداکردنی متمانە.

٢. شیکردنەوەکان دەریدەخەن کە ئامانجەکە تەنها گەیاندنی زانیاری نییە، بەڵکو ترساندن و لەناوبردنی متمانەی خەڵکە بە هێزی بەرگریی کوردستان و وا نیشان دەدەن وەک ئەوەی کە دامەزراوە نیشتمانییەکان لە ئاستی پێویستدا نین.

### کاریگەرییە مەترسیدارەکانی جەنگی دەروونی

١. ئەم جۆرە پەیامانە دەیانەوێت دڵەڕاوکێیەکی بەردەوام دروست بکەن کە تەنها بە یەک ڕووداوەوە بەستراو نییە، بەڵکو کاردەکات بۆ بەرزکردنەوەی هەستیاری گشتی بەرانبەر هەر هەڕەشەیەک و لاوازکردنی متمانە بە سەقامگیریی نیشتمانی.

٢. ئامانجی سەرەکی لێرەدا فراوانکردنی مەودای نێوان هاووڵاتی و پێشمەرگەیە و نوێکردنەوەی یادەوەرییە ناخۆشەکانی ڕابردووە بۆ ئەوەی باری دەروونی کۆمەڵگە تێک بدات بەبێ ئەوەی هیچ ڕاستییەکی مەیدانی هەبێت.

### پۆلێنکردنی زانستی بۆ ترسی گشتگیر

١. هەواڵی لەم جۆرە دەچێتە خانەی ترسی گشتگیر و دەست دەخاتە سەر کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی هەرێم و یەکڕیزیی لایەنەکان و یەک سەنگەریی پێشمەرگە.

٢. شێوازی داڕشتنەکەی کتوپڕە بۆ ئەوەی خەڵک تووشی شۆک بێت و هەواڵەکە بەبێ دڵنیابوونەوە وەربگرێت.

٣. هەوڵ دەدات وا نیشان بدات کە دەزگا پەیوەندیدارەکان ناتوانن کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن، ئەمەش بۆ تێکدانی ورەی جەماوەر بەکاردێت.

### ڕێکارە زانستییەکانی ڕێگری و بەرپەرچدانەوە

١. بەرگریی دەروونی: پێشکەشکردنی نموونەیەکی لاواز لە هەواڵی ساختە بە هاووڵاتیان بۆ ئەوەی مێشکیان بەرگری پەیدا بکات و فێرکردنی خەڵک لەسەر ئەو فێڵانەی کە نەیاران و دروستکەرانی هەواڵی ساختە بەکاری دەهێنن، وەک وروژاندنی سۆز و دروستکردنی دووبەرەکی.

٢. کاتی زێڕین: ڕەچاوکردنی کاتی زێڕین زۆر گرنگە، چونکە هەر دەنگۆیەک لە کاتژمێری یەکەمدا وەڵام نەدرێتەوە، لە مێشکی خەڵکدا وەک ڕاستی جێگیر دەبێت. خێرایی لە بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکان کاریگەرترین ڕێگەی تێکشکاندنی پڕوپاگەندەیە.

٣. یەکخستنی گوتار: پێویستە ژوورێکی هەماهەنگی هەبێت کە تەنها یەک زانیاری دروست بڵاوبکاتەوە بۆ ئەوەی ڕێگری لە دژبەیەکبوونی لێدوانەکان بگرێت.

٤. پشکنینی پسپۆڕانە: پێویستە تیمە پسپۆڕەکان ئامرازە نوێیەکان بەکاربهێنن بۆ ناسینەوەی وێنە و دەنگی ساختە کە بە ژیری دەستکرد دروست دەکرێن.

### لێهاتوویی سەرەکییەکان بۆ ناسینەوەی هەواڵی دروست

١. گومانکردن: نابێت هەموو هەواڵێک بە ڕاستی ڕەها وەربگیرێت، بەتایبەت ئەوانەی زۆر سەیر یان ترسناک دیارن.

٢. پشکنینی سەرچاوە: وردبوونەوە لەوەی کێ ئەم هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە و ئایا سەرچاوەکە جێی متمانەیە یان نا.

٣. ناسینی مەبەستەکان: تێگەیشتن لەوەی کە ئایا ئەم دەزگایە مەبەستێکی سیاسی یان ئابووری لە پشت ئەم هەواڵەی هەیە.

٤. بەراوردکردن: گەڕان بۆ هەمان هەواڵ لە لایەنێکی سێیەمی بێلایەن بۆ دڵنیابوونەوە.

٥. فریونەخواردن بە ناونیشان: زۆرجار ناونیشانەکان بۆ ڕاکێشانی سەرنج گەورە دەکرێن و لەگەڵ ناوەڕۆکەکەدا ناگونجێن.

٦. وردبوونەوە لە پێکهاتە: هەواڵی دروست دەبێت وەڵامی کێ و کەی و لەکوێ و چۆن و بۆچی بداتەوە.

٧. جیاکردنەوەی وەسف و بڕیارەکان: پێویستە ڕاستییەکان لەو وەسف و نازناوانە جیابکرێنەوە کە بۆ مەرامی تایبەت بەکاردێن.

٨. ڕێزگرتن لە پسپۆڕی: هەواڵی

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

پزیشکی یان سەربازی دەبێت لە دەمی کەسانی پسپۆڕ و دەزگای تایبەتمەندەوە وەربگیرێت.

٩. دروستکردنی تۆڕی متمانە: پشتبەستن بە چەند سەرچاوەیەکی تاقیکراوە کە پێشتر راستییان سەلمێنراوە.

## بەڕێوەبردنی هۆشیاری و قۆستنەوەی دەرفەتەکان

١. ئاستی زانستی و شیکاری: بۆ تێگەیشتن لە ئامانجە دەروونییەکان و چاودێریکردنی ئاستی دابەشبوون یان کاردانەوەی نەرێنیی جەماوەر.

٢. ئاستی راگەیاندن: بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی فەرمی و دروست لە کاتی گونجاودا و بەکارهێنانی وێنە و روونکردنەوەی کورت کە راستییەکان بۆ هەمووان روون دەکاتەوە.

٣. ئاستی مەیدانی و کردەیی: بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان هاووڵاتی و پێشمەرگە و پەیڕەوکردنی رێگری یاسایی بەرانبەر ئەوانەی هەواڵی ساختە بڵاودەکەنەوە.

٤. بەدەستهێنانی دەسکەوت: پێوانەکردنی خێرایی وەڵامدانەوەی دەزگا فەرمییەکان و پەرەپێدانی ئامرازی نوێ بۆ دۆزینەوەی هەواڵ و زانیاری و بەڵگەنامەی ساختە و دروستکردنی بنکەی زانیاریی نیشتمانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکان.

## مەترسییەکانی تەکنەلۆژیا و دەرەنجامەکان

١. مەترسییەکانی ژیری دەستکرد: بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە بۆ تێکدانی سۆزی خەڵک و دروستکردنی وێنە و ڤیدیۆی ساختە کە زۆر لە راستی دەچن و ناسینەوەیان قورسە.

٢. دەرەنجامە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان: بڵاوکردنەوەی دەنگۆ دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە ناوبانگی کەسەکان و دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێی بێ بنەما و رووبەڕووبوونەوەی سزای یاسایی و دارایی و زیندانیکردن.

## پوختە

پووچەڵکردنەوەی پروپاگەندە و زانیاری ساختە و هەموو ئەو بابەت پرسانەی پەیوەستن بە جەنگی دەروونی، پێویستی بە هۆشیارییەکی گشتگیر و وەڵامدانەوەی خێرا و زانستی هەیە. رووبەڕووبوونەوەی هەواڵی ساختە و دەنگۆ و پروپاگەندە بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشە و یاسا بە تەنها ناتوانێت رێگری لێ بکات ئەگەر هۆشیاری هاووڵاتیان بوونی نەبێت. باشترین چەک بۆ پاراستنی کۆمەڵگە، گەڕانە بەدوای راستی و بەکارنەهێنانی هەست و سۆزە لە کاتی وەرگرتنی زانیارییەکاندا. هەمیشە پێش بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێک، بیر بکەرەوە کە ئایا ئەمە راستییە یان تەنها دەنگۆیەکی زیانبەخشە، کێ بڵاوکردووەتەوە، ئەمانجەکە کام بابەت و بوارە، بزانە لایەنی فەرمی و دەزگای پەیوەندیدار هەڵوێستیان چییە و ئەمانە و چەندین پرسیار و هەڵوەستەی تر نیشانەی هۆشیارییە و خۆت و کۆمەڵگە و ئاسایشی نەتەوەیی و وەرەی هێزەکانی وڵاتەکەت دەپارێزێت و هاوکات ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆکار بۆ پووچەڵبوونەوەی هێرش و مەرامی دوژمن و نەیارەکان.

سەرچاوەکان:
-دليلك لمكافحة المعلومات المضللة www. kids.frontiersin.org
- كيف تحمي نفسك من الأخبار الزائفة/ www.arabic.euronews.com
- كيف نُكافح الأخبار الكاذبة والمعلومات المضلّلة؟/ www.swissinfo.ch
- البروباغندا أوالدعاية السياسية في زمن الحروب والأزمات وتكنولوجيا المعلومات/ www.mc-doualiya.com.



# کارگێڕیی سەربازی

## لە بونیاتنانی هێز و پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیدا

ئامادەکردنی؛ مقدم رکن مافناس/
ئاکۆ حەمەد محمود حەسەن

کارگێڕی سەربازی (الإدارة العسكرية): یەکێک لە گرنگترین پێکهاتەکانی سیستەمی دەوڵەتداری و پاراستنی ئاسایشی نیشتمانییە. ئەم چەمکە تەنها بە بەڕێوەبردنی شەڕ و پلانی جەنگەوە پەیوەندیدار نییە، بەڵکو سیستەمێکی تەواوە بۆ ڕێکخستن، پلاندانان، فەرماندەیی و چاودێری و هەڵسەنگاندنی هێزە چەکدارەکان لە کاتی ئاشتی و لە کاتی جەنگدا. هەر دەوڵەتێک کە دەیەوێت سەروەری و سەقامگیریی خۆی بپارێزێت، پێویستی بە کارگێڕییەکی سەربازیی زانستی و ستراتیژی هەیە، لە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: بایەخی کارگێڕیی سەربازی لەوەدا دەردەکەوێت کە بنچینەی دروستکردنی سوپایەکی بە توانا و ڕێکخراوە. سوپا ئەگەر بە شێوەیەکی سیستەمی بەڕێوەنەبرێت، هەرچەند ژمارە و چەکی زۆری هەبێت، ناتوانێت ئەرکی خۆی بە تەواوی جێبەجێ بکات. کارگێڕی باش دەست دەکات بە پلاندانانی ستراتیژی و دیاریکردنی ئامانج و ڕێکخستنی پێکهاتەکان و دابەشکردنی ئەرکەکان بە شێوەیەکی گونجاو. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هێزە سەربازییەکان بتوانن بە خێرایی و کاریگەر وەڵامی هەڕەشە و مەترسییەکان بدەنەوە.

دووەم: کارگێڕیی سەربازی گرنگییەکی زۆری هەیە لە بەکارخستنی سەرچاوە مرۆیی و ماددییەکان، هەرچەندە هێزە چەکدارەکان بودجەیەکی گەورە و تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتوویان هەبێت، بەڵام ئەگەر ئەم سەرچاوانە بە شێوەیەکی پلان بۆدانراو و چاودێریکراو بەکارنەهێنرێن، ئەوا لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی بەفیڕۆدان و کەمکاری و کەموکورتی.

سێیەم: کارگێڕیی سەربازی سیستەمێک دادەمەزرێنێت بۆ دابینکردنی کەرەستە و ڕاهێنان و پشتگیری لۆجستیکی و بەڕێوەبردنی دارایی، بۆ ئەوەی هێزەکە بتوانێت لە کەمترین کاتدا باشترین ئەنجام بەدەستبهێنێت.

چوارەم: کارگێڕیی سەربازی ڕۆڵێکی بنچینەیی هەیە لە دروستکردنی فەرماندەیی و سەرکردایەتیکردنێکی کاریگەر. فەرماندەیی؛ تەنها بریتی نییە لە دەرکردنی فەرمان، بەڵکو بریتییە لە توانای هاندان و دروستکردنی متمانە و بەرەنگاربوونەوە لە بەرامبەر قەیران و بڕیاردان لە کاتێکی سنوورداردا.

پێنجەم: سیستەمێکی کارگێڕیی باش دەتوانێت سەرکردەیەکی لێهاتوو پەروەردە بکات کە هەستی بەرپرسیارێتی و پابەندی بە یاسا هەبێت.

شەشەم: کارگێڕیی سەربازی بەشێکە لە سیاسەتی گشتیی دەوڵەت. دیاریکردنی ستراتیژیی بەرگری و هاوکاریی سەربازی لەگەڵ وڵاتانی تر و بەشداریکردن لە پاراستنی ئاسایشی ناوچەیی، هەموویان پێویستیان بە سیستەمێکی کارگێڕیی تۆکمە و داڕێژراو هەیە. ئەگەر پلاندانانی سەربازی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆ هاوتەریب نەبێت، ئەوا دەشێ ببێت بە هۆکاری دروستبوونی ئاڵۆزی و لاوازی لە بڕیاردا. لە کاتی قەیران و کارەساتە سرووشتییەکاندا، وەک بوومەلەرزە، لافاو و پەتای نەخۆشییە گەورەکان، هێزە سەربازییەکان بە پشتگیری کارگێڕییەکی باش دەتوانن هاوکاریی دامەزراوە شارستانییەکان بکەن. ئەمەش واتای وایە کە کارگێڕیی سەربازی تەنها بۆ کاتی شەڕ نییە، بەڵکو بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگەشە. سوپا لە زۆر وڵاتدا، لە پاراستنی سنوور و ڕێکخستنی هێزەکانی فریاکەوتن و گەڕاندنەوەی ئارامی دوای قەیران بەشدار دەبێت.

حەوتەم: کارگێڕیی سەربازی پەیوەندییەکی بەهێز و تۆکمەی بە دیسپلین و ئاکاری پیشەییەوە هەیە. پابەندبوون بە یاسا و ڕێزگرتن لە مافە مرۆییەکان و جێبەجێکردنی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان، هەموویان پێویستیان بە چاودێری و سیستەمێکی هەڵسەنگاندنی بەردەوام هەیە. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی هێزێکی سەربازی کە لەگەڵ کۆمەڵگە هاوتەریب بێت و متمانەی خەڵکی بەدەستبهێنێت.

هەشتەم: بایەخێکی دیکەی کارگێڕیی سەربازی فەراهەمکردنی سەقامگیریی دەوڵەت و پاراستنی ئاسایشی نیشتمانییە. بەبێ کارگێڕییەکی زانستی و ستراتیژی، هێزە چەکدارەکان ناتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن، بۆیە گرنگە دەوڵەتەکان بەردەوام لە پەرەپێدانی سیستەمی کارگێڕی سەربازی، ڕاهێنان و نوێکردنەوەی ستراتیژییەکاندا کاربکەن، بۆ ئەوەی بتوانن وەڵامی گونجاو بە هەڕەشە و مەترسیە نوێیەکان بدەنەوە و ئاسایش و ئارامی بۆ کۆمەڵگە دابین بکەن.

سەرچاوەکان:
١. علي محمد السلمي (2001). إدارة الموارد البشرية الاستراتيجية. القاهرة: دار غريب للطباعة والنشر.
٢. أحمد إبراهيم أبو سن (2004). الإدارة الاستراتيجية والتخطيط الاستراتيجي. القاهرة: الدار الجامعية.
٣. محمد عبد الفتاح عبد النبي (2010). الإدارة العسكرية وأسس القيادة. القاهرة: دار الفكر العربي.
جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية (2015). الإدارة الأمنية والعسكرية في ظل المتغيرات المعاصرة. الرياض: منشورات الجامعة.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# جەنگا راگەهاندنێ

## برێڤەبرنا رووداو و بویەران بۆ دروستکرن و ئاڤاکرنا رامان و واتایان

● فەرهاد داود دوسکی

جەنگ د رۆژا مەیا ئەڤرۆدا تنێ ل بەرەیێن جەنگی ناهێتە ئێکلاییکرن، بەلکو ل ئەتمۆسفیرا راگەهاندنێ ژی دا بڕیار ل سەر دهێتە دان؛ کا رووداو ل دویڤ راستییا هەی و بەلگەنامەیان هاتینە ڤەگێران، یان بەروڤاژی راستییا هەیی و بەلگەنامەیان هاتینە دارێژتن.

کۆنترۆلکرنا ڤەگێرانا واتا و رامانان و شیانێن دارێژتنا نێرینا گشتی و تەڤاهی، و گوهۆرتنا قوربانی بۆ تومەتباری و بەروڤاژی، د ڤی چوارچووڤەی دا راگەهاندن دبیتە ئەکتەرەکێ بهێز، نە تنێ وەکو میتۆدەکا نووچەیی.

د دۆزا کوردان دا، پرسگرێك و کێشە ژ کێمییا کارمەند و راگەهاندنکاران یان لاوازییا کرداری ل کەتواری نینە، بەلکو ژ نەبوونا پشتەڤانی و پالپشتی و گرنگیپێنەدانێ یە، هەتا پالپشتییا ئەخلاقی ژی بیت.

ئەو پرس و رووداوێن ب شێوەیەکێ پیشەیی ناهێنە راپۆرتکرن، بەحسا تاریککرن و باندۆرا وان ناکەم؛ بینەر و تەماشاڤان ل دویڤ لایەنگری و سۆزدارییا خوە بیاڤەکێ بەرفرەهـ بۆ نرخاندنێ دهێلن. ل ڤێ دوماهییێ مە تێبینی کری کو د مەیدانا سوریێ دا، دیدەڤانێن رووداو و بویەرێن سەرەکی بووینە کو رەهەندێ سیاسی و نەتەوەیی یێ کویر هەبوو، بەس گەلەک جاران رۆمالا راگەهاندنێ هەڤپێچ ژ سەنگا رووداو و بویەران کێم کرییە. ئەڤ چەندە ژی ب ئەگەرێ نەبوونا نرخاندن و شرۆڤەکرنا پێکهاتەیی و لایەنگرییا سۆزداری ل هەمبەر لایەنەکێ یان گوتارەکا ڤالا د چوارچووڤێ دیرۆکی و سیاسی یێ ڤی وەلاتی دا تایبەتمەند ببوو. ئەڤ کێم و کاسییە، نە تنێ رەنگڤەدانا کێمییا ئەزموونا پیشەیی یە، بەلکو دەرگەهـی ب روویێ دژە-ڤەگێرانا دروست دا ڤەدکەت، کو ب لێزانی بۆ تێکدانا رامان و واتایان و شێواندنا وێنەیان دهێنە دارێژتن.

ژ ڤێ چەندێ مەترسیدارتر، رۆلێ پشکەک ژ راگەهاندنکارانە د شێواندنا ئارمانجا رۆمالکرنێ دا. خوە ژ ڤەگوهاستنا راستییان دگوهۆڕن بۆ دادوەر و هاندەرێن کو حوکمان دەردکەن، و دبنە سووتەمەنییا چەمسەرگیریێ؛ ب زانابوون یان بێ زانابوون پشکدارن د لاوازکرنا پیشەیێ خوە دا و ڤالاکرنا ناڤەرۆکا گشتی. ئەڤ سەرلێشواویە د چاڤێن رایا گشتی یا ناڤخوەیی و نیڤدەولەتی دا باوەرییا خوە ژ دەست ددەت. ژ لایێ ئەخلاقی ڤە دڤێت میدیا و بەرپرسیارییا وێ ب چو واتایەکێ لایەنگریێ نەکەت، و پابەند بیت کو راستیێ وەک خوە بگەهینیت و نووچە، نرخاندن و شرۆڤەکاریێ ژ ئێک جودا بکەت.

باوەریپێکرن د راپۆرتکرنێ دا گەلەک گرنگە و بنگەهێ هەر پڕۆژەیەکێ میدیایی یە. پێتڤی ب نێرینەکا زەلال و وەبەرهێنانێ یە د کارمەندێن پیشەیی دا و چالاککرنا سازیێن میدیایی ل دویڤ ستانداردێن جیهانی. میدیایەکا لاواز نەشێت رۆمالا رووداو و بویەران بکەت، تنێ کارتێکرن و باندۆرا وان کێم دکەت.

خوەدی دەرکەفتن ل میکانیزمێن کارتێکەرێن میدیایی ئێدی هەلبژارتنەکا تەکتیکی نینە، بەلکو پێتڤییەکا هەبوونی (وجوودی) یە؛ چونکی د هەڤرکیا هەڤچەرخ دا "واتا" چوارچووڤەی دیار دکەت، و نەبوونا ڤان میکانیزمان هێزا کارێ میدیایی ژ مادییێن خوە بێبەش دکەت.



# ئەرکی پیشەیی و نیشتمانی میدیا لە کاتی جەنگدا

لە سەردەمی ئێستادا، ڕاگەیاندن تەنها ئامرازێک نییە بۆ گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری، بەڵکو بووەتە چەکێکی ستراتیژی و کاریگەر کە دەتوانێت ئاراستەی جەنگەکان بگۆڕێت. لە کاتی قەیران و پێکدادانە سەربازییەکاندا، ئەرکی ڕاگەیاندنکار زۆر هەستیارتر و قورستر دەبێت، چونکە لێرەدا تەنها مامەڵە لەگەڵ وشە و وێنە ناکات، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ چارەنووسی نەتەوەیەک و ئاسایشی وڵاتێکدا دەکات. ئەمەش وا دەکات کە پێوەرە پیشەییەکان بەتەواوی تێکەڵ بە ئەرکە نیشتمانییەکان ببن و بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی بخەنە سەر شانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

یەکێک لە گەورەترین ئەو تەحەدیایانەی ڕووبەڕووی هەر ڕۆژنامەنووسێک دەبێتەوە لە ناو گەرمەی مەیدانی جەنگدا، ڕاگرتنی هاوسەنگییەکی دروستە لە نێوان خێرایی لە گواستنەوەی ڕووداوەکان و وردی لە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکاندا. کێبڕکێی میدیایی زۆرجار پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ پەلەکردن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی نوێ، بەڵام لە کاتی جەنگدا، هەر هەڵەیەک یان پەلەکردنێکی بێبیرکردنەوە لەوانەیە باجێکی خوێناوی هەبێت. ڕاستی و دروستی زانیاری دەبێت هەمیشە پێش خێرایی بکەوێت، چونکە زانیاری هەڵە و پشتڕاستنەکراوە دەبێتە هۆی دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ لە ناو هاووڵاتیاندا و ورەی هێزە شەڕکەرەکانی بەرەکانی پێشەوەش بە ڕێژەیەکی بەرچاو دادەبەزێنێت.

لە هەمووی مەترسیدارتر ئەوەیە کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بەبێ مەبەست یان تەنها لە پێناو بەدەستهێنانی بینەرێکی زۆرتر و سەرنجڕاکێشانی خەڵک، ببنە چاوی دوژمن لە ناوخۆی وڵاتدا. بڵاوکردنەوەی زانیاری و وردەکاری پەیوەست بە جۆری چەک و تەقەمەنییەکان، ئاشکراکردنی شوێنی جوڵە و جێگیربوونی هێزەکان، یان باسکردنی پلانی سەربازی، خزمەتێکی گەورە و بێبەرامبەرە بە نەیارەکان. زۆرجار هەواڵگری دوژمن لە سەردەمی دیژیتاڵیدا، زانیارییە ستراتیژییەکانی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هەواڵی پەلە و وێنەی بێ سانسۆری ڕاگەیاندنەکان و سۆشیال میدیاوە دەست دەکەوێت. هەروەها، بڵاوکردنەوەی ئاماری قوربانیان و زیانە گیانییەکان پێش ئەوەی دامەزراوە فەرمییەکان ڕاییگەیەنن و کەسوکاریان ئاگادار بکرێنەوە، کارێکی زۆر نامرۆڤانەیە. ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارانە تەنها سەرپێچییەکی ئاسایی بنەماکانی کاری ڕۆژنامەنووسی نیە، بەڵکو لێدانێکی ڕاستەوخۆیە لە ئاسایشی نیشتمانی و خستنە مەترسی ژیانی سەدان سەربازە کە لە پێناو پاراستنی وڵاتدا دەجەنگن.

لە ناو گێژاوی ململانێ ناوچەییەکان و شەڕە یەکلاکەرەوەکاندا، پاراستنی بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوەو قەوارەی هەرێمی کوردستان دەبێت خاڵی کۆکەرەوەی سەرجەم دەزگا میدیاییەکان بێت. نابێت هیچ ئەجێندایەکی حیزبی، یان ڕکابەرییەکی تەسکی نێوان کەناڵەکان، ببێتە هۆی درزتێخستن و لاوازکردنی بەرەی ناوخۆیی. کاتێک وڵات ڕووبەڕووی مەترسییەکی دەرەکی دەبێتەوە، پێویستە دەستبەجێ ململانێ سیاسیە ناوخۆییەکان وەلابنرێن و پەیامی میدیایی یەکبخرێت بۆ بەرگریکردن لە خاک و نیشتمان. ڕاگەیاندنکاری بەرپرسیار ئەو کەسەیە کە دەزانێت کەی قسە دەکات و کەی بێدەنگی هەڵدەبژێرێت، چونکە هەندێک جار شاردنەوەی زانیارییەک، گەورەترین خزمەتە بە ئاسایشی وڵات.

ئەرکی میدیا لە کاتی جەنگدا پێویستی بە ویژدانێکی زیندوو و هەستێکی قوڵی نیشتمانپەروەری هەیە. ڕۆژنامەنووس وەک چۆن چاودێرە بەسەر ڕووداوەکانەوە و ڕاستیەکان دەگوازێتەوە، بە هەمان شێوەش بەرپرسیارە لە پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگەکەی. سەرکەوتن لە هەر جەنگێکدا تەنها بەند نیە بە هێزی سەربازیی و تفەنگەوە، بەڵکو بەندە بە بوونی هۆشیارییەکی میدیایی بەهێزەوە کە بتوانێت پشتیوانیەکی مەعنەویی گەورە بۆ هێزەکان دروست بکات و ڕێگە نەدات دوژمن لەڕێگەی شاشە و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە دزە بکاتە ناو ماڵەکانمان. پێویستە دامەزراوە میدیاییەکان هەمیشە ئەوەیان لە یاد بێت، کە نیشتمان ماڵی هەمووانە و پاراستنیشی ئەرکێکی سەرەکی و هاوبەشە.

**”میدیا لە کاتی جەنگدا پێویستی بە ویژدانێکی زیندوو و هەستێکی قوڵی نیشتمانپەروەری هەیە بۆیە پێویستە میدیاکان هەمیشە ئەوەیان لە یاد بێت، کە نیشتمان ماڵی هەمووانە و پاراستنیشی ئەرکێکی سەرەکی و هاوبەشە“**

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە




# یاسای ناکۆکییە چەکدارییەکان لە نێوان تیۆر و پراکتیکدا

## خوێندنەوەیەك بۆ ئاڵنگارییە هاوچەرخەکان

● ئامادەکردنی: هاوکار محەممەد

جەنگ دیاردەیەکی دێرینی مرۆڤایەتییە، بەڵام هەوڵدان بۆ مرۆییکردنی جەنگ و دانانی یاسا بۆی، دیاردەیەکی شارستانییە. لە جیهانی مۆدێرندا، شەڕ چیتر تەنها پێکدادانی هێزەکان نییە لە مەیدانێکی چۆڵدا، بەڵکو زۆرجار لە ناوچە ئاوەدانەکان و بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو ئەنجام دەدرێت. لێرەوە گرنگیی یاسای ناکۆکیی چەکداری دەردەکەوێت کە ئامانجی هاوسەنگکردنی دوو بەرژەوەندیی دژبەیەکە، واتە پێویستیی سەربازی بۆ شکاندنی دوژمن و پێویستیی مرۆیی بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکان.

ئەمڕۆ سروشتی ململانێکان گۆڕاوە؛ لە شەڕی نێوان دوو سوپای کلاسیکییەوە بەرەو شەڕی لاسەنگ ڕۆیشتووین، کە تیایدا لایەنێک دەوڵەتە و لایەنەکەی تر گرووپێکی چەکداری یان تیرۆریستییە. ئەم گۆڕانکارییە پرسیاری یاسایی ئاڵۆزی دەربارەی چۆنیەتیی جێبەجێکردنی یاساکانی جنێڤ دروست کردووە، بەتایبەت لە ناوچەیەکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراقدا.

### چوارچێوەی یاسایی و مێژوویی

یاسای ناکۆکیی چەکداری لەسەر دوو کۆڵەکەی سەرەکی وەستاوە کە بە یاسای لاهای و یاسای جنێڤ ناسراون:

١. یاسای لاهای: زیاتر تەرکیز لەسەر ڕێساکانی بەڕێوەبردنی کردە سەربازییەکان دەکات، وەک دیاریکردنی جۆری چەکە ڕێگەپێدراوەکان و قەدەغەکراوەکان و شێوازی هێرشکردن.

٢. یاسای جنێڤ: تەرکیز لەسەر پاراستنی قوربانیانی جەنگ دەکات. چوار ڕێککەوتننامەکەی ساڵی ١٩٤٩ بەردی بناغەی ئەم بەشەن:

- ڕێککەوتننامەی یەکەم و دووەم: بۆ پاراستنی بریندار و نەخۆشەکان لە وشکانی و دەریادا.

- ڕێککەوتننامەی سێیەم: تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ دیلەکانی جەنگ.

- ڕێککەوتننامەی چوارەم: تایبەت بە پاراستنی خەڵکی مەدەنی لە کاتی شەڕ و داگیرکاریدا.

ئەم یاسایانە دواتر لە ساڵی ١٩٧٧ بە دوو پرۆتۆکۆڵی پاشکۆ فراوانتر کران بۆ ئەوەی شەڕە ناوخۆییەکان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانیش بگرێتەوە.

بەشی دووەم: بنەما سەرەکییەکانی بەڕێوەبردنی جەنگ

بۆ هەر فەرماندەیەکی سەربازی و توێژەرێکی یاسایی، تێگەیشتن لە سێ بنەما سەرەکییەکەی یاسای ناکۆکیی چەکداری پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە. ئەم بنەمایانە دەبێت لە هەر بڕیارێکی سەربازیدا ڕەنگ بدەنەوە:

١. بنەمای جیاکاری:

ئەمە ڕۆحی یاساکەیە. لایەنە

**پابەندبوون بە یاساکانی ناکۆکیی چەکداری وایکردووە وڵاتانی ڕۆژئاوا بێ دوودڵی هاوکاریی سەربازی پێشکەش بە پێشمەرگە بکەن، چونکە دڵنیان چەکەکان بۆ تاوانی جەنگ بەکارنایەن**

شەڕکەرەکان دەبێت لە هەموو کاتێکدا جیاوازی بکەن لە نێوان ئامانجی سەربازی وەک سەرباز، بنکە، کۆگا و پردی ستراتیژی و کەس و شوێنی مەدەنی وەک هاووڵاتی، قوتابخانە و نەخۆشخانە. هێرشکردنە سەر مەدەنییەکان بە ئەنقەست، ڕاستەوخۆ دەچێتە خانەی تاوانی جەنگ. کێشەی سەرەکیی ئەمڕۆ ئەوەیە گرووپە تیرۆریستییەکان وەک داعش بە ئەنقەست خۆیان لەناو مەدەنییەکان دەشارنەوە بۆ ئەوەی ئەم بنەمایە لە سوپای بەرامبەر تێکبدەن.

٢. بنەمای ڕێژەییبوون:

ئەم بنەمایە دان بەوەدا دەنێت کە لە کاتی شەڕدا مەحاڵە هیچ زیانێکی مەدەنی ڕوونەدات یان زیانی لاوەکی نەبێت. بەڵام یاساکە دەڵێت نابێت زیانە مەدەنییەکان زۆر زیاتر بن لەو دەستکەوتە سەربازییەی چاوەڕوان دەکرێت. بۆ نموونە ڕێگەپێدراو نییە بۆ کوشتنی یەک نیشانەشکێنی دوژمن، باڵەخانەیەکی پڕ لە دانیشتووان بۆردوومان بکرێت، چونکە زیانەکە کە سەدان کوژراوە، ڕێژەیی نییە لەگەڵ دەستکەوتەکە کە کوشتنی یەک سەربازە.

٣. بنەمای پێویستیی سەربازی:

ئەم بنەمایە ڕێگە بە بەکارهێنانی هێز دەدات، بە مەرجێک ئەو هێزە پێویست بێت بۆ ملکەچکردنی دوژمن و بەپێی یاسا بێت. واتە وێرانکردنی موڵک و ماڵ تەنها کاتێک ڕێگەپێدراوە کە جەنگەکە وای خواستبێت، نەک وەک تۆڵەسەندنەوە یان وێرانکاریی بێ هۆ.

## ئاڵنگاریی ناسنامە؛ دیلی جەنگ یان تیرۆریست؟

یەکێک لە ئاڵۆزترین بابەتەکان لە یاسای هاوچەرخدا، پێناسەی یاسایی ئەو کەسانەیە کە لە شەڕدا دەستگیر دەکرێن. ئەم بابەتە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق بەهۆی شەڕی داعشەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

بەپێی ڕێککەوتننامەی سێیەمی جنێڤ، مافی دیلی جەنگ تەنها بەو شەڕکەرانە دەدرێت کە مەرجی یاساییان تێدایە، واتە فەرماندەیی دیار، جلی جیاواز، هەڵگرتنی چەک بە ئاشکرا و پابەندبوون بە یاسای جەنگ. دیلی جەنگ تاوانبار نییە، بەڵکو دوژمنێکی شەرعییە و دوای شەڕ ئازاد دەکرێت.

بەڵام گرووپە چەکدارەکان و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان وەک داعش کە بە بکەرە ناحکومییەکان ناسراون، زۆربەی جار ئەم مەرجانەیان تێدا نییە، بەتایبەت مەرجی پابەندبوون بە یاساکانی جەنگ، بۆیە کاتێک ئەمانە دەستگیر دەکرێن، یاسای نێودەوڵەتی ڕێگە بە دەوڵەت دەدات وەک تاوانبار مامەڵەیان لەگەڵ بکات. ئەوان لەژێر یاسای سزای ناوخۆیی وەک یاسای تیرۆر لە عێراق دادگایی دەکرێن و سزای زیندانی یان لەسێدارەدانیان بەسەردا دەسەپێنرێت.

سەرەڕای ئەمە، هەموو دەستگیرکراوێک جا تیرۆریست بێت یان سەرباز، مافی پاراستنی لەژێر ماددەی سێی هاوبەش و یاسای مافی مرۆڤدا هەیە. ئەمەش مانای قەدەغەکردنی ڕەهای ئەشکەنجە و کوشتنی بێ دادگاییە. ئەم جیاکارییە وردە نیشانەی باڵادەستیی یاسایە بەسەر تۆڵەسەندنەوەی خێڵەکیدا.

## ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە و پابەندبوونی نێودەوڵەتی

هێزەکانی پێشمەرگە وەک بەشێک لە سیستەمی بەرگریی عێراق و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، بەرپرسیارێتییەکی گەورەیان لەسەر شانە. لە کاتی شەڕی داعشدا، جیهان چاوی لەسەر ئەوە بوو کە ئایا پێشمەرگە وەک هێزێکی میللی مامەڵە دەکات یان وەک سوپایەکی پیشەیی.

هاوکاریی بەردەوام لەگەڵ کۆمیتەی نێودەوڵەتیی خاچی سوور و بەشداریکردن لە خولەکانی ڕاهێنان بۆ فێربوونی یاساکانی جەنگ، کاریگەرییەکی ستراتیژیی هەبووە:

١. شەرعییەتی نێودەوڵەتی: پابەندبوون بە یاساکانی ناکۆکیی چەکداری وایکردووە وڵاتانی ڕۆژئاوا بێ دوودڵی هاوکاریی سەربازی پێشکەش بە پێشمەرگە بکەن، چونکە دڵنیان چەکەکان بۆ تاوانی جەنگ بەکارنایەن.

٢. پاراستنی بەهاکان: جیاوازیی سەرەکی لە نێوان هێزی پێشمەرگە و داعش لەوەدایە کە یەکەمیان پابەندە بە ئەخلاقیاتی جەنگ و دووەمیان پێشێلی دەکات. پاراستنی ژیانی دیلەکانی داعش لەلایەن پێشمەرگەوە، هەرچەندە ئەوان دڕندەترین دوژمن بوون، سەلمێنەری پابەندبوونی پێشمەرگەیە بە بەها مرۆییەکان.

یاسای ناکۆکیی چەکداری تەنها کۆمەڵێک دەقی سەر کاغەز نییە، بەڵکو میکانیزمێکی زیندووە بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ لە تاریکترین کاتەکاندا. بۆ هێزە چەکدارەکان، زانینی ئەم یاسایانە تەنها ئەرکێکی یاسایی نییە، بەڵکو پێویستییەکی پیشەییە.

لە سەردەمێکدا کە جەنگەکان ئاڵۆزتر دەبن و سنووری نێوان مەدەنی و سەربازی کاڵ دەبێتەوە، پابەندبوون بە بنەماکانی جنێڤ تاکە ڕێگەیە بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لەوەی ململانێکان بگۆڕێن بۆ کۆمەڵکوژیی بێ سەروبەر. بۆ هەرێمی کوردستان، بەردەوامبوون لەسەر ڕێچکەی پابەندبوون بە یاسا نێودەوڵەتییەکان، باشترین زامنە بۆ مانەوەی پشتگیریی نێودەوڵەتی و پاراستنی پێگەی هێزەکانی پێشمەرگە وەک هێزێکی پارێزەری ئاشتی و مرۆڤایەتی.

سەرچاوە:

١. ڕێککەوتننامەکانی جنێڤ ١٩٤٩ و پرۆتۆکۆڵە پاشکۆکانی.
٢. بەڵگەنامەکانی کۆمیتەی نێودەوڵەتیی خاچی سوور دەربارەی یاسای مرۆیی.
٣. یاسای دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ناسراو بە پەیماننامەی ڕۆما.
٤. یاسای سزایی عێراقی و یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەوانامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# جەنگ و کارێن دژی مرۆڤایەتیێ

ئامادەکردنی: مقدم/ ئالان سالّح هاجانی

جەنگ دژوارترین شێوازێ هەڤرکیێ یە د ناقبەرا مرۆڤان دا. د ئەنجامێ ڤێ کارەساتێ دا نە تەنێ ئاڤاهی دهێنە ڕۆخاندن، بەلکو بها و ڕەوشتێن بلندێن مرۆڤایەتیێ ژی دکەڤنە بەر مەترسیێن مەزن.

جەنگ زۆرداریەکا چەکداری یا بەرفرەهە. ئەگەرچی ب ناڤێ پاراستنا ئاخێ یان ڕامیاریێ دهێتە کرن، لێ د ڕاستی دا دەرهەنجامێ وێ تەنێ وێرانکاری یە. جەنگ دبیتە ئەگەرێ کوشتنا خەلکێ بێتاوان و ژناڤبرنا پاشەڕۆژا گەنجان و سستکرنا شیانێن وەلاتی.

کارێن دژی مرۆڤایەتیێ یان کریارێن نەمرۆڤانە د دەمێ جەنگی دا گەلەک جاران دهێنە ئەنجامدان کو ژیریێ مرۆڤی قەبوول ناکەت. کوشتنا خەلکێ بێچەک و ئارمانجکرنا زارۆک و ژن و پیران بێی چ تاوان، ئێکە ژ وان کارێن دژوار. هەروەها ئازاردان و بکارئینانا ئێشێن جەستەیی و دەروونی بۆ شکاندنا کەرامەتا مرۆڤی، برینەکا کوورە د جەستێ جڤاکی دا. ژ بلی ڤان ژی، دەربەدەرکرن و نەچارکرنا خەلکی کو مال و حالێ خۆ بجهـ بهێلن و ڕوو ب ڕووی چارەنڤیسەکێ نادیار ببن، دگەل برسییکردن و بکارئینانا خوارن و ئاڤێ وەک چەک بۆ وێ چەندێ خەلک خۆ ڕادەست بکەن، تاوانێن مەزنن. وێرانکرنا جهێن پیرۆز وەک مزگەفت و کەنیسە و جهێن دیرۆکی، سڕینەڤەیا ناسنامە و مێژوویا گەلانە.

کارتێکرنێن جەنگی ل سەر مرۆڤی گەلەک دژوارن. برینێن دەروونی و ئەو ترسا د ناڤ دلێ زارۆکان دا دهێتە چاندن، بۆ سالێن درێژ دمینیت و دبیتە ئەگەرێ تێکچوونا باری ژیانا وان و پەیدابوونا خەمۆکیێ. جەنگ وەلاتان ب دەهان سالان بەرەڤ پاش دبەت و کەرتی فێرکرن و ساخلەمیێ ژ ناڤ دبەت. هەروەها دبیتە ئەگەرێ بەلاڤبوونا کین و نەحەزیێ د ناڤبەرا پێکهاتەیێن جودا دا کو چارەسەرکرنا وان دەمەکێ درێژ دڤێت.

ئەرکێ مرۆڤایەتیێ ئەوە کو ڕێگریێ ل ڤان کارێن نەمرۆڤانە بکەت. جیهانێ هندەک یاسایێن نێودەوڵەتی دانانە بۆ وێ چەندێ سنوورەک بۆ ڤان تاوانان بهێتە دانان و تاوانبار بهێنە سزادان. پاراستنا مافێ مرۆڤی د دەمێ جەنگی دا بەرپرسیاریەتیا هەمی لایەکی یە و پێدڤییە هەمی مرۆڤایەتی بۆ ڤێ مەرەمێ هەڤدەست بن.

# سوپا مۆدێرنەکان

## لەنێوان چەندێتیی تەکنەلۆژیا و یەکگرتوویی جووڵە و ئۆپەراسیۆندا

● وەرگێڕانی : رائد سۆران

لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە، بەتایبەتی دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، زۆربەی سوپا ڕۆژئاواییەکان ، ڕوویان لە پەیڕەوکردنی ئەو مۆدێلە کرد کە بە مۆدێلی سوپای بژاردە یان دەستەبژێر ناسرا. ئەم مۆدێلە لەسەر سێ پایەی سەرەکی دامەزرا:

١. کەمکردنەوەی ژمارە: کەمکردنەوەی ژمارەی هێزە شەڕکەرەکان، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر پسپۆڕی و پیشەییبوونی جۆری.

٢. باڵادەستی تەکنەلۆژی: پشتبەستن بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بۆ بەدەستهێنانی سوودی تاکتیکی لە ڕێگەی لێدانی ورد لە دوورەوە.

٣. دەستوەردانی خێرا: دارشتنەوەی توانای سەربازی بە شێوەیەک کە ڕێگە بە دەستوەردانی خێرا لە ململانێ دەرەکییە کورتخایەن و ئامانج دیاریکراوەکاندا بدات.

ئەم مۆدێلە کارایی خۆی لە جەنگە سنووردارەکاندا سەلماند، چ لەڕووی کات و چ لەڕووی قەبارەوە وەک لە کۆسۆڤۆ و لیبیا بینرا، کە توانی ئەنجامی خێرا بە تێچوویەکی مرۆیی و ماددیی کەمتر

> ”
> **مێژوو دەریدەخات کە قەبارەی سەرکەوتوو تەنها کۆکردنەوەی ژمارە نییە، بەڵکو بریتییە لە توانای چڕکردنەوەی کاریگەریی جەنگان لە کات و شوێنی یەکلاکەرەوەدا**
> “

بەدەست بهێنێت، بەڵام واقیعی مەیدانی دەستی بە گۆڕان کرد، بەتایبەت لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی جەنگە تەقلیدییە بەرفراوانەکان، کە پێویستیان بە توانای بەرگەگرتنی درێژخایەن، بەرهەمهێنانی پیشەسازیی بەرز و کۆگای ستراتیژیی گەورە هەیە.

### وانەکانی جەنگی ئۆکرانیا

جەنگی ئۆکرانیا بووە تاقیکردنەوەیەکی ڕوون بۆ ئەم مۆدێلە. سوپا ڕۆژئاواییەکان خۆیان لە بەردەم ڕێژەیەکی پێشتر نەبینراوی بەکارهێنانی تەقەمەنی و سەرچاوەکاندا بینییەوە. ئەمەش کەلێنێکی گەورەی لە بیروباوەڕ و عەقیدە سەربازییەکانی پێشوودا دەرخست، کە پێداویستییەکانی ململانێ درێژخایەن و چڕوپڕەکانیان لەبەرچاو نەگرتبوو. ئەمەش مۆدێلی بژاردە دەخاتە ژێر پێداچوونەوەیەکی ڕیشەییەوە، لە چوارچێوەی پێویستی بۆ مۆدێلێکی هاوسەنگتر و گونجاوتر لەگەڵ واقیعی نوێدا.

کەواتە، گۆڕەپانی بەرگری گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە پێکهاتەی سەربازی و ستراتیژیدا بەخۆیەوە دەبینێت، کە وڵاتان ناچار دەکات پێداچوونەوە بە مۆدێلی بەرگری و شێوازە شەڕکەرەکانیاندا بکەن. سەرهەڵدانەوەی جەنگی چڕوپڕ، دوای چەندین ساڵ لە جەختکردنەوەی سوپا ڕۆژئاواییەکان لەسەر بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و ڕووبەڕووبوونەوە ناهاوسەنگەکان، جارێکی دیکە ئەولەویەتەکانی بەرگریی ڕێکخستەوە و پرسیاری بنەڕەتی لەبارەی ئامادەیی سوپاکان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ سروشتی ململانێ مۆدێرنەکاندا هێنایەوە ئاراوە.

ئەم گۆڕانکارییە بڕیاربەدەستانی سەربازی دەخاتە بەردەم ئاڵنگارییەکی ئاڵۆزەوە، کە بریتییە لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هاوسەنگییەکی کاریگەر لەنێوان سێ توخمی پێکەوەبەستراودا:

- قەبارە و چەندێتیی هێز و کەرەستەکان.
- باڵادەستیی تەکنەلۆژی.
- مسۆگەرکردنی یەکپارچەیی کارپێکردن لەسەر ئاستی درێژخایەن.

هەر جۆرە نارێکییەک لەم هاوسەنگییەدا، دەکرێت وا لە دامەزراوەی سەربازی بکات توانای خۆڕاگری لە ژینگە شەڕکەرە ئاڵۆز و درێژخایەنەکاندا لەدەست بدات.

### گۆڕانی چەمکی سەربازی لە چەندایەتییەوە بۆ کاریگەری

چەمکی چەندێتی هەمیشە یەکێک بووە لە پایە سەرەکییەکانی بیری ستراتیژیی سەربازی. لە سون تزووەوە تا کلاوزڤیتز و تا دەگاتە جەنگە جیهانییەکان، مشتومڕەکان لەسەر سوودی قەبارەی ژمارەیی بە بەراورد بە توانای جۆری و باڵادەستی تەکنەلۆژی بە گەرمی ماونەتەوە، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی سروشتی هەڕەشەکان و بەرزبوونەوەی تێچووی کەرەستە پێشکەوتووەکان، پێویست بوو پێداچوونەوە بەم هاوسەنگییەدا بکرێت.

لە چەمکی تەقلیدیدا، قەبارە بە ژمارەی سەرباز، تانک و فڕۆکە دەپێورا، بەڵام خوێندنەوەی وردی مێژوو دەریدەخات کە قەبارەی سەرکەوتوو تەنها کۆکردنەوەی ژمارە نییە، بەڵکو بریتییە لە توانای چڕکردنەوەی کاریگەریی شەڕکەری لە کات و شوێنی یەکلاکەرەوەدا.

ئەم گۆڕانکارییە چەمکی نوێی بارستایی کارپێکردنی هێنایە ئاراوە،

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کە تێکەڵەیەکە لە: قەبارەی پێویست، یەک ئاراستەیی کارپێکردن و توانای بەردەوامی.

جەنگ چیتر تەنها ساتێکی تەقینەوەی کتوپڕ نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی درێژخایەن و ئاڵۆزە کە سیاسەت، پیشەسازی، ڕاگەیاندن و پشتیوانی لۆجستی دەگرێتەوە.

ململانێ نوێیەکان وەک ئۆکرانیا دەریانخست کە قەبارەی کاریگەر تەنها بە سوپای گەورە دروست نابێت، بەڵکو دەکرێت لە ڕێگەی ڕێکخراوی بچووکی نەرمونیان یان هاوپەیمانی فرەنەتەوەییەوە بەدەست بهێنرێت.

## تەکنەلۆژیا وەك ئامرازێکی بەهێزکار نەك جێگرەوە

دوای جەنگی جیهانیی دووەم، چەکی ئەتۆمی باڵادەستی جۆری بەسەر چەندێتیدا سەپاند. لەو کاتەوە، داهێنانی تەکنەلۆژی بەردەوام بووە لە گۆڕینی ڕووی جەنگەکان. بیروباوەڕی سەربازیی نوێ جەخت لەسەر دروستکردنی کاریگەری دەکاتەوە بە کەمترین زیان، نەک لەناوبردنی تەواوەتی دوژمن، بەڵام ئەم بازدانە تەکنەلۆژییە بێ کێشە نەبووە. تێچووی زۆری سیستەمە نوێیەکان بووەتە هۆی کەمکردنەوەی ژمارەی کەرەستە و یەکە شەڕکەرەکان. لێرەدا پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە: ئایا تەکنەلۆژیا جێگرەوەی ڕاستەقینەی ڕێژە و توانای مرۆیی و ڕێکخستنە؟

ئەزموونەکان دەریدەخەن کە تەکنەلۆژیای هەرزان و بەردەست، وەک فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان، دەتوانن کاریگەریی گەورە دروست بکەن.

چارەسەر بریتییە لە پەیڕەوکردنی ستراتیژیی تێکەڵەی ئاستبەرز و ئاست نزم، واتە تێکەڵکردنی سیستەمی زۆر پێشکەوتوو لەگەڵ سیستەمی هەرزانتر و بەردەستتر. هەروەها، گرنگترین فاکتەر بریتییە لە سەروەریی پیشەسازیی بەرگری، واتە توانای وڵات بۆ بەرهەمهێنان و چاککردنەوەی کەرەستەکانی خۆی، بەبێ پشتبەستن بە دەرەوە لە کاتی قەیراندا.

## قەیرانی یەکگرتوویی کارپێکردن: نەرمونیانی ئاوێتە وەك چارەسەرێکی ستراتیژی

ئەزموونە نوێیەکان دەریدەخەن کە یەکگرتوویی کارپێکردن لە هەر سوودێکی تەکنەلۆژی یان ژمارەیی گرنگترە. واتە توانای کارکردنی هەموو بەشەکانی سوپا پێکەوە بە شێوەیەکی گونجاو: لە فەرماندەییەوە تا هێڵەکانی پێشەوە، لەگەڵ پشتیوانیی لۆجستی، کۆگای تەقەمەنی و ناوەندەکانی چاککردنەوە.

چارەسەر بریتییە لە بنیاتنانی سوپایەکی فرەچین:

چینی یەکەم: هێزێکی پیشەیی نەرمونیان کە زۆر پێشکەوتوو و گورزوەشێنە.

چینی دووەم: هێزێکی یەدەگی تاکتیکی کە توانای بەرگەگرتن و پڕکردنەوەی کەلێنەکانی هەیە.

چینی سێیەم: هێزێکی شارستانی-سەربازی کە لە کاتی پێویستدا پشتیوانی لۆجستی و زانیاری دابین دەکات.

ئەم مۆدێلە سوپا لە پشتبەستنی تاکلایەنە بەسەر چەندێتی یان جۆردا ڕزگار دەکات و هاوسەنگییەکی نوێ دروست دەکات، کە لەگەڵ سەرچاوە سنووردارەکان و گۆڕانکارییە خێراکاندا بگونجێت.

## کۆتایی

کاتی ئەوە هاتووە واز لەو بیرکردنەوەیە بهێنرێت کە ژمارە یان تەکنەلۆژیا بە تەنها پێوەری هێزن. سوپای مۆدێرن پێویستی بە هاوسەنگییەکی دینامیکی هەیە لەنێوان چەندێتی واتە قەبارە، تەکنەلۆژیا، و یەکگرتوویی کارکردندا. شەڕی ئەمڕۆ تەنها لەسەر زەوی نییە، بەڵکو لە عەقڵی پلاندانەر، دەستی کارکەر، هێڵی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و ناوەندەکانی زانیاریشدا بەڕێوە دەچێت. سوپای سەرکەوتوو ئەو سوپایەیە کە دەتوانێت هەموو ئەم توخمانە پێکەوە گرێ بدات بۆ دروستکردنی توانایەکی بەرزو ئامادەییەکی بەهێزی ستراتیژیی سەربازی و نیشتمانی.

سەرچاوە: www.aljundi.ae



# ڕووخساری نوێی جەنگ

## شۆڕشی تەکنەلۆژیا و کۆتایی سەردەمی چەك و سوپا کلاسیکییەکان

● ئامادەکردنی: دیاکۆ

ئەمڕۆ جیهان لەبەردەم شەپۆلێکی بێوێنەی گۆڕانکارییە لە بواری سەربازی و بەرگریدا، کە تێیدا پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا سنوورەکانی خەیاڵ دەبەزێنێت. چەمکی جەنگ لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەقلیدی سوپاکانەوە گۆڕاوە بۆ ململانێی تۆڕەئەلکترۆنییەکان و شەڕی لەیزەر و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان. بەپێی نوێترین توێژینەوە ستراتیژییەکان، داهاتووی شەڕەکان لەسەر بنەمای خێرایی و وردبینی دادەڕێژرێتەوە، نەک تەنها زۆری ژمارەی سەرباز. لەم خاڵانەی خوارەوەدا گرنگترین ئەو پەرەسەندنە سەربازییانە دەخەینەڕوو کە هاوکێشەی هێزیان لە جیهاندا گۆڕیوە:

**١. شۆڕشی زیرەکی دەستکرد لە جەنگدا**

ئێستا سوپاکانی جیهان کار لەسەر بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد بۆ شیکردنەوەی زانیارییەکانی مەیدانی جەنگ و دیاریکردنی ئامانجەکان زۆر خێراتر لە مرۆڤ دەکەن. هەروەها توێژینەوەکان بەرەو دروستکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی خۆکار دەڕۆن، کە پێویستی بە کۆنترۆڵی مرۆڤ نەبێت، بەڵکو خۆی بتوانێت بڕیاری هێرش بدات.

**٢. تەکنەلۆژیای هێرشی بە کۆمەڵ یان مێروولەیی**

ئەمە یەکێکە لە ترسناکترین تەکنیکە نوێیەکان. بریتییە لە هەڵدانی سەدان فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بچووک بەیەکەوە کە وەک پۆلە مێش یان مێروولە هێرش دەکەن. سیستەمە بەرگرییە باوەکان دەتوانن چەند مووشەکێک بپێکن، بەڵام بەرگەی سەدان فڕۆکەی بچووک بەیەکەوە ناگرن.

**٣. مووشەکە خێراکان یان سەرووی دەنگییەکان**

ئەم مووشەکانە بە خێراییەک دەڕۆن کە پێنج هێندەی خێرایی دەنگ زیاترە. بەهۆی خێرایی و توانای گۆڕینی ئاراستەکەیان لەکاتی فڕیندا، سیستەمە بەرگرییەکانی ئێستا زۆر بە زەحمەت دەتوانن ڕایان بگرن. وڵاتانی وەک ڕووسیا و چین و ئەمریکا لە پێشبڕکێدان بۆ پەرەپێدانی ئەم چەکە.

**٤. جەنگی ئەلیکترۆنی**

شەڕی ئۆکرانیا و ڕووسیا سەلماندی کە جەنگی شەپۆلەکان یەکلاکەرەوەیە. ئێستا توێژینەوەکان چڕبوونەتەوە لەسەر چۆنیەتی پەکخستنی پەیوەندییەکانی دوژمن و تێکدانی سیستەمی شوێندۆزینەوەی فڕۆکەکان. هەر سوپایەک توانای کۆنترۆڵکردنی شەپۆلە ئەلیکترۆنییەکانی هەبێت، دەتوانێت سوپای بەرامبەر کوێر بکات.

**٥. چەکی لەیزەر و وزەی ئاراستەکراو**

بەهۆی ئەوەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان هەرزانن و مووشەکە بەرگرییەکان گرانن، وڵاتان بە تایبەت بەریتانیا و ئیسرائیل خەریکی دروستکردنی چەکی لەیزەرن. تێچووی هەر لێدانێکی لەیزەر زۆر کەمە و دەتوانێت فڕۆکە و مووشەک بپێکێت.

**٦. گۆڕانکاری لە شەڕی دەریاوانیدا**

ڕووداوەکانی دەریای سوور دەریخست کە هێزی دەریاییە زەبەلاحەکان دەکرێت لەلایەن گرووپێکی بچووکەوە بە بەکارهێنانی بەلەمی بێسەرنشین و مووشەکی دژە کەشتیی هەرزانەوە تەنگەتاو بکرێن. ئەمە وایکردووە وڵاتان بیر لە گۆڕینی ستراتیژیی کەشتییە جەنگییەکان بکەنەوە.

**٧. پۆشاکی ڕۆبۆتی و زیرەک**

توێژینەوەکان کار دەکەن لەسەر جلوبەرگی ڕۆبۆتی کە سەرباز دەیکاتە بەری بۆ ئەوەی بتوانێت باری قورس هەڵبگرێت و کەمتر ماندوو بێت. هەروەها پەرەپێدانی هەستەوەر لەسەر جلی سەرباز کە ڕاستەوخۆ دۆخی تەندروستی و برینداربوونی بۆ ناوەندی فەرماندەیی دەنێرێت.

**پوختەی دۆخەکە**

جەنگی داهاتوو جەنگی تەکنەلۆژیای هەرزان بەرامبەر ئامانجی گرانبەها دەبێت. واتە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی هەرزان دەتوانێت تانکێکی گرانبەها تێکبشکێنێت، ئەمەش هاوکێشەی سەربازیی جیهانی بەتەواوی گۆڕیوە.



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە



# نەخشەی نوێی شەڕ و ململانێکان

## ئاسۆکانی داهاتوو لە جیهانێکی پڕ لە جەنگ و ناسەقامگیریدا

● وەرگێرانی : ئازاد محەمەد

دۆخی ئێستای جیهان لە لووتکەی ئاڵۆزیدایە و زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی و سەربازی کۆکن لەسەر ئەوەی کە جیهان لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بەم شێوەیە ناسەقامگیر نەبووە. بەپێی ئامارەکانی ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی توێژینەوە و چاودێری، لە ئێستادا زیاتر لە ٥٦ ململانێیی چەکداری لە جیهاندا هەن. ساڵانی ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤ و سەرەتای ٢٠٢٥ بە خوێناویترین قۆناغ لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ساردەوە دادەنرێن.

### گۆڕانی سروشتی شەڕەکان و وەرچەرخانی مێژوویی

جۆری شەڕەکان لە جیهاندا هەمەجۆر بوون، بەڵام لەم دواییانەدا وەرچەرخانێکی ترسناک ڕوویداوە:

١. شەڕی کلاسیکی نێوان دەوڵەتان: وەک جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا، کە تێیدا سوپای دوو وڵات راستەوخۆ ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە و سنوورە نێودەوڵەتییەکان دەبەزێنن.

٢. لە شەڕی وەکالەتەوە بۆ شەڕی ڕاستەوخۆ: پێشتر شەڕی نێوان تاران و تەلئەڤیڤ شەڕێکی سێبەری بوو، بەڵام ئێستا ئەو هاوکێشەیە شکاوە. ئێران بۆ یەکەمجار لە خاکی خۆیەوە راستەوخۆ بە مووشەک و درۆن هێرشی کردە سەر ئیسرائیل و ئیسرائیلیش وەڵامی دایەوە. ئەمە کۆتایی ستراتیژیی ئارامی لە بەرامبەر ئارامی بوو و شەڕەکەی لە وەکالەتەوە گۆڕی بۆ شەڕێکی ڕاستەوخۆ و هەرێمایەتیی کراوە.

٣. ململانێیی هەژموون: وەک کێبڕکێی نێوان هێزە ناوچەییەکانی ئیمارات، سعوودیە، تورکیا و ئێران بۆ فراوانکردنی نفووز.

### ڕیزبەندیی شەڕ و ململانێکان

ئەو (٥٦) شەڕ و ململانێ چەکدارییەی کە ئێستا لە جیهاندا لە ئارادان و لە ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکاندا وەک ماڵپەڕی (پێنوێنی ئاشتیی جیهانی) ئاماژەی پێکراوە، هەموو جۆرە شەڕێک دەگرێتەوە، لە جەنگی نێوان دەوڵەتانەوە تا دەگاتە شەڕی ناوخۆ، تیرۆر و ململانێیی مادده هۆشبەرەکان. لێرەدا نموونەیەک لە گرنگترین و دیارترینیان پۆلێن دەکەین:

١. شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا: گەورەترین شەڕی کلاسیکی لە ئەورووپا.

٢. شەڕی ئیسرائیل و غەززە لە فەلەستین: کە ئێستا فراوان بووە بۆ لوبنان و ئێران.

٣. شەڕی ناوخۆی سوودان: لە نێوان سوپا و هێزەکانی پشتیوانی خێرا، کە بە یەکێک لە گەورەترین کارەساتە مرۆییەکان دادەنرێت.

٤. شەڕی ناوخۆی سووریا: کە هێشتا بەردەوامە لە نێوان حکومەت، ئۆپۆزیسیۆن، کورد و هێزە دەرەکییەکان.

٥. شەڕی یەمەن: لە نێوان حوسییەکان و حکومەتی یەمەن.

٦. باشووری سوودان: ململانێیی نەتەوەیی و ناوخۆیی.

٧. هیندستان و پاکستان: ململانێیی بەردەوام لەسەر کەشمیر.

٨. ئازەربایجان و ئەرمینیا: هەرچەندە شەڕی گەورە وەستاوە، بەڵام گرژییەکان لەسەر سنوور ماون.

ئەوانی دیکە بریتین لە ململانێیی بچووکتر، پێکدادانی سنووری و گرژییە سیاسییەکان کە خەریکە دەبنە شەڕی چەکداری لە وڵاتانی وەک چاد، نەیجەر، مۆریتانیا، تایلەند و چەندین وڵاتی دیکە.

ئەم ڕیزبەندییە بەردەوام لە گۆڕاندایە، چونکە هەندێک شەڕ دادەمرکێنەوە و هەندێکی نوێ (وەک گرژییەکانی دەریای سوور) سەرهەڵدەدەن، بەڵام گەورەترین مەترسی لە ئێستادا ئەوەیە کە ئەم شەڕە دابەشبووانە یەکبگرن و بەرەی گەورەتری جیهانی دروست بکەن.

## فراوانبوونی بەرەی شەڕ و تێوەگلانی زلهێزەکان

بازنەی ئاگرەکە تەنها لە نێوان دوو وڵاتدا نەماوەتەوە، بەڵکو زلهێزەکان و گرووپە چەکدارەکانیشی گرتووەتەوە:

ڕۆڵی ئەمریکا: ئەمریکا چیتر تەنها چاودێر نییە، بەڵکو بە کردەیی بووەتە بەشێک لە بەرگریکردن لە ئیسرائیل و سەرکردایەتیکردنی هاوپەیمانییەکان بۆ خستنەخوارەوەی مووشەکەکانی ئێران. واشنتۆن هەوڵ دەدات وەڵامەکانی ئیسرائیل سنووردار بکات تاوەکو شەڕەکە نەبێتە جەنگی جیهانی، بەڵام لە هەمان کاتدا چەکی بێسنوور دەداتە ئیسرائیل.

بەرەی یەمەن و دەریای سوور: حوسییەکانی یەمەن وەک بەشێک لەم شەڕە گەورەیە، ڕێڕەوی بازرگانی جیهانییان لە دەریای سوور پەکخستووە. ئەمەش وایکردووە شەڕەکە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئابووریی جیهان و نرخی کاڵاکان هەبێت.

عێراق و سووریا وەک گۆڕەپان: گرووپە چەکدارەکانی نزیک لە ئێران بەردەوام هێرش دەکەنە سەر بنکەکانی ئەمریکا، کە وایکردووە خاکی عێراق و سووریا ببێتە شوێنی پێکدادانی ناڕاستەوخۆی ئێران و ئەمریکا.

## پرسی کورد

لە نێوەندی ئەم هەموو ململانێ جیهانییانەدا، پرسی کورد وەک یەکێک لە ئاڵۆزترین کێشەکان دەردەکەوێت و ڕووبەڕووی هەلومەرجی نوێ بووەتەوە:

١. هەرێمی کوردستان: دۆخێکی هەستیاری هەیە؛ یەکەم بەهۆی ململانێی یاسایی لەگەڵ بەغدا و گوشارە سیاسییەکان لە دژی قەوارەی هەرێم، دووەم و گرنگتر، بوونی هەرێم بە گۆڕەپانێکی یەکلاکردنەوە. کاتێک ئێران ناتوانێت ڕاستەوخۆ زیان بە ئەمریکا یان ئیسرائیل بگەیەنێت، زۆرجار گرووپە میلیشیاکان لە دژی هاندەدات و خۆیشی بە بیانووی بوونی بنکەی سەربازی هاوپەیمانان مووشەکەکانی ئاراستەی هەولێر دەکات.

٢. ڕۆژئاوای کوردستان: لە نێوان بەرداشی هەڕەشەکانی تورکیا و گوشاری حکومەتی سووریا و کشانەوەی ئەگەریی هێزەکانی ئەمریکادا دەژی.

٣. باشوور و ڕۆژهەڵات: تورکیا بەهۆی پەکەکەوە شەڕی گواستووەتەوە بۆ قووڵایی خاکی هەرێم و ئێرانیش هەر جوولەیەکی کورد لە ڕۆژهەڵات بە توندترین شێوە سەرکوت دەکات و تۆمەتی پەیوەندی بە ئیسرائیلەوە دەداتە پاڵیان و وەک کارتێک دژی باشووری کوردستان بەکاریان دەهێنێت.

## مەترسییە جیهانییەکانی دیکە

جگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چەندین خاڵی گەرمی دیکە ئەگەری تەقینەوەیان هەیە:

* ململانێی ئەتۆمی نێوان پاکستان و هندستان.
* گرژییەکانی تایوان و چین کە دەکرێت ئەمریکا ڕاستەوخۆ تێوەبگلێنێت.
* گرژییەکانی دوورگەی کۆریا کە هەمیشە وەک هەڕەشەیەکی شاراوە دەمێننەوە.

## زیانە مرۆیی و ئابوورییەکان

ئەم شەڕانە باجێکی قورسیان هەبووە. لەڕووی مرۆییەوە سەدان هەزار قوربانی لە ئۆکرانیا و غەززە هەن. لەڕووی ئابوورییەوە سەتان ملیار دۆلار زیان بە ژێرخانەکان گەیشتووە. بەهۆی ئاڵۆزییەکانی دەریای سوور و ئەگەری داخستنی گەرووی هورمز، نرخی وزە و گواستنەوە لە مەترسی بەردەوامدایە.

## شەڕی ئێران و ئیسرائیل

وەرچەرخانەکان لە گۆڕانی بیرکردنەوەی لایەنەکانەوە سەرچاوەی گرتووە:

گۆڕانی ستراتیژیی ئیسرائیل: ئیسرائیل عەقیدەی سەربازی خۆی لە بەرگرییەوە بۆ هێرشی پێشوەختە گۆڕی و چیتر قبوڵ ناکات ئێران لە ڕێگەی گرووپە چەکدارەکانەوە گەمارۆی بدات، بۆیە ئامانجی لێدانی ڕاستەوخۆی سوپای پاسداران و ژێرخانی ئەتۆمییە، واتە لێدانی لایەنی سەرەکی نەک تەنها وەکیلەکان.

> ئایندەی جیهان لە قۆناغی فرەجەمسەریدا، پێویستی بە جۆرێکی نوێ لە دادپەروەری و دابەشکردنی دەسەڵات هەیە کە تێیدا مافی نەتەوە بێدەوڵەتەکان وەک کورد فەرامۆش نەکرێت

گۆڕانی ستراتیژیی ئێران: ئەو قەڵغانەی ئێران ساڵانێک دروستی کردبوو واتە هێزە وەکالەتییەکان درزی تێکەوتووە، بۆیە ئێستا ئەولەویەتی تاران هەناردەکردنی شۆڕش نییە، بەڵکو پاراستنی مانەوەی دەسەڵاتەکەیەتی لە بەرامبەر هێرشی دەرەکی.

## سیناریۆکانی داهاتوو

بەپێی خوێندنەوەی دۆخەکە، سێ ئەگەر لە ئارادان:

١. شەڕی داتەپین: کە بەهێزترین ئەگەرە. شەڕەکە بە شێوەی لێدان و وەڵامدانەوە بەردەوام دەبێت بەبێ ئەوەی ببێتە جەنگی گشتگیر.

٢. هەڵەی کوشندە: ئەگەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران یان ناوچە مەدەنییەکانی ئیسرائیل بکرێنە ئامانج، ناوچەکە ڕووبەڕووی وێرانکاریی گەورە دەبێتەوە.

٣. ڕێککەوتنی گەورە: ئەگەری ڕێککەوتن لە ڕێگەی گوشارەوە، کە کەمترین چانسی هەیە، چونکە بۆ ئێران وەک خۆکوشتن وایە.

## جیهان بەرەو قۆناغێکی نوێ

جیهان لە ئێستادا لە بەردەم وەرچەرخانێکی مێژوویی و جیۆپۆلیتیکی گەورەدایە و بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاو

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

**لە نێوەندی ئەم جەنجاڵییە نێودەوڵەتییە و لە کاتێکدا جیهان سەرقاڵی جێگیرکردنی هاوسەنگییە نوێیەکانە، دۆزی کورد وەك پرسێکی نەتەوەیی و سیاسی ڕووبەڕووی دۆخێکی نوێ دەبێتەوە**

دەنێت کە تێیدا سیستەمی تاکجەمسەری بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت و جێگەی خۆی بۆ جیهانێکی فرەجەمسەری چۆڵ دەکات. لەم دۆخە گواستنەوەیەدا، ململانێی نێوان هێزە گەورەکانی وەک چین و ڕووسیا لەگەڵ ڕۆژئاوا تەنیا لە کایەی سەربازیدا کورت نابێتەوە، بەڵکو کێبڕکێیەکی توند لەسەر کۆنترۆڵکردنی تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد، ژێرخانی سایبەری و گۆڕینی سەرچاوەکانی وزە لە سووتەمەنی فۆسیلییەوە بۆ وزەی پاک لە ئارادایە. ئەم گۆڕانکارییانە نەخشەی سیاسی و ئابووریی جیهان دادەڕێژنەوە و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ناوچە هەستیارەکانی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت، کە هەمیشە وەک چەقی ململانێ نێودەوڵەتییەکان ماوەتەوە.

لە نێوەندی ئەم جەنجاڵییە نێودەوڵەتییە و لە کاتێکدا جیهان سەرقاڵی جێگیرکردنی هاوسەنگییە نوێیەکانە، دۆزی کورد وەک پرسێکی نەتەوەیی و سیاسی ڕووبەڕووی دۆخێکی نوێ دەبێتەوە. گەورەترین هەڕەشە لەم قۆناغەدا بریتییە لە ئەگەری ڕێککەوتنی چوارقۆڵی و لێکتێگەیشتنی هەرێمایەتی لە نێوان دەوڵەتانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا لەسەر دۆسیەی کورد. ئەم دەوڵەتانە سەرەڕای هەموو ناکۆکییە قووڵەکانی نێوانیان، لەسەر لاوازکردنی پێگەی کورد و ڕێگریکردن لە هەر وەرچەرخانێکی سیاسی کە لە بەرژەوەندیی کورددا بێت، هاوڕان و هەوڵدەدەن لەناو ئەم سیستەمە نوێیەدا بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەسەر حیسابی مافەکانی گەلی کورد بپارێزن.

لەم چوارچێوەیەدا، ئایندەی ناوچەکە و سەقامگیریی جیهانیش بەستراوەتەوە بەوەی کە ئایا عەقڵانییەتی سیاسی جێگەی لۆژیکی هێز و سەرکوتکردن دەگرێتەوە یان نا. ئەگەر سیستەمی نوێی جیهانی و دەوڵەتانی ناوچەکە بەردەوام بن لە پشتگوێخستنی ڕاستییەکان و دان نەنێن بە مافە نەتەوەیی و مرۆییەکانی کورددا، ئەوا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک بۆشکەیەکی بارووت یان کێڵگەیەکی مینی گەورە دەمێنێتەوە کە هەر ساتێک ئەگەری تەقینەوەی هەیە. ئەم ناسەقامگیرییە تەنیا لە سنوورەکاندا نامێنێتەوە، بەڵکو بەهۆی پەیوەندییە توندوتۆڵە نێودەوڵەتییەکان، مەترسییەکی ڕاستەقینە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی هەموو مرۆڤایەتی دروست دەکات، چونکە تەقینەوەی دۆخەکە لەم ناوچەیەدا دەبێتە هۆی شەپۆلێکی گەورەی کۆچ، پچڕانی زنجیرەی وزە و پەرەسەندنی توندڕەوی کە کاریگەرییەکانی هەموو جیهان دەگرێتەوە. بۆیە ئایندەی جیهان لە قۆناغی فرەجەمسەریدا، پێویستی بە جۆرێکی نوێ لە دادپەروەری و دابەشکردنی دەسەڵات هەیە کە تێیدا مافی نەتەوە بێدەوڵەتەکان وەک کورد فەرامۆش نەکرێت، تاوەکو ئاشتییەکی بەردەوام لەسەر بنەمای عەقڵانییەت نەک تەنیا بەرژەوەندیی کاتی، بێتە ئاراوە.





# دێ چاوا شەڕی کەین بێی کو شەڕی بکەین؟

● ئامادەکرنی: شێرزاد نایف

هەروەکو یا دیار کو زانستێ لەشکری مینا زانستێن دیتر دەرگەهـ ڤەکرییە ل بەر داهێنانێ، و پتر ژ سەربۆران ژی، چونکو ژ هەمی زانستێن دیتر پتر بایەخی ب دیرۆکێ ددەت. بەلکو دیرۆك ئەو ژێدەرێ وی یێ سەرەکی یە یێ ل سەر هاتیە ئاڤاکرن. ژ بەر هندێ ڤی زانستی هندەك سەرێن وەریسان دانانە بەر ئەفسەر و فەرماندێن لەشکری کو د خانەیێن وان دا خزمەتێ بکەن و ئەرکێن خۆ ئەنجام بدەن؛ لێ هونەر و داهێنان د بیاڤێ لەشکری دا گەلەك یا بهادارە، چونکو پتر گرێدای چارەنڤیسێ گەلان و ژیانا مرۆڤان و بریارێن سیاسی یە. چونکو ئەو بیاڤە یێ کو بریارا سیاسی دەستنیشان دکەت. ئەڤجا ل دەستپێکا شەڕی، زانست رۆلێ خۆ دبینیت و ل سەر سروشتێ ئەردی سەربازان بەلاڤ دکەت، پاشی ل دویڤدا هونەر و داهێنانا سەرکردەیێن مەزن رۆلێ خۆ دبینیت. د ئەنجامدا هەردو پێکڤە کار دکەن دا کو سەرکەفتنێ بدەستڤە بینن. لێ، چاوا دکارین هونەری بکاربینین دا کو ب کێمترین ژمارەیا سەربازان، بەرەیەکێ مەزن دابگرین و شەڕی ژ خۆ دویر بیخین؟ ل دویڤ گۆتنا زانایێ سەربازی (سەن تزۆ) کو گۆتی: (یێن باش، شەڕی دکەن بێی کو شەڕی بکەن).

هونەرێ شەڕی، هونەرێ پلاندانانێ و ستراتیژیێ یە. ئەو هونەرێ کو دکاری پێ بەرەیەکێ مەزن دابگری، بێ کو پێدڤی ب ژمارەکا زۆرا سەربازان هەبیت کو بهێنە د ناڤ شەڕی دا. دێ بێژین: هونەرێ شەڕی، هونەرێ کێمکرنێ یە. کێمکرنا ژمارەیا سەربازان، کێمکرنا قوربانییان و کێمکرنا مەترسییانە ژی.

ل دەسپێکێ دڤێت مفای ژ ژێگرتنا ئەردێ (تەعبەوی) وەرگرین؛ سروشتێ وی یێ چاوایە؟ جۆرێ وی ئەردی چییە؛ ئەرێ دەشتە یان چیایە، ئاڤی یە یان زۆرانییە، یێ ل هنداڤی دوژمنی یە یان نە؟ هەلبەت گەلەك ژ ئەفسەران هزر دکەن هەکە مرۆڤ ل هنداڤ دوژمنی بیت، دێ ب رێژەیا 100% یێ سەرکەفتی بیت. بەلێ پرانیا جاران ئەو جهێن بلند، تایبەت کۆمتێن گر و چیایان، ل سەر نەخشەیێ (ماپ) ئەحداسیاتێن وان دیارن و ئاشکرانە (راقم)، و هێلێن کەنتۆری بۆ تۆمارکرنا ئارمانجان ل دەف دوژمنی ب لەز دبەرهەڤکرینە، تایبەت ژی یەکەیێن پشتەڤانیێ و تۆپخانەیان. مە گەلەك نموونە هەبووینە د ڤی بیاڤی دا، هەمی مە ل دژی دوژمنی بکارئینانە و زیان گەهاندینێ، و هەم ژی مە شەهید و قوربانی داینە. ئەڤە نموونەیەك بوو د ناڤبەرا دو کڤانان دا. پشتی ژێگرتنا ئەردی ژی، دێ پرەنسیبێ دابەشکرنا سەربازان هێت، کا دێ ل کیڤە بن و ل کیڤە نەبن.

قووناغا دویڤدا، دێ (تحصینات) یێن خۆ کەین؛ ئەو کار و ئەرکێن دەستکرد یێن ئەم ب خۆ ئەنجام ددەین، وەکی کارێن ئەندازیاریێ. ئەم ناخوازین وان پێرابوونێن رۆتینی یێن هەر ئەفسەرەکێ ئەکادیمی دزانیت ل ڤێدەرێ دیار بکەین، لێ ئەو پێرابوونێن دەسپێکی هەکە بهێنەکرن و سەرباز خۆ ماندی بکەن، ب وان هەمی پێرابوونان دێ قوربانی کێمتر بن. هەروەسا چەك ژی گەلەك ناهێتە بکارئینان، چونکو چەك ل سەر سروشتی گەلەك لاواز دبیت و کارتێکرنا وی یا ب زەحمەتە، هەر ژ بەر خۆپاراستنا دوژمنی و هەم ژی دێ دوژمن مفای ژ فاکتەرێ (وەختی) وەرگریت، چونکو شەڕ ب وەختی ژی دهێتە کرن. وەکی گیرۆکرنا لڤینا دوژمنی، یان ماندیکرن و برسیکرنا وان، یان مفا وەرگرتن ژ تاریاتیێ، خەوێ، سەرما و گەرما و بارانێ.. هتد. دڤێت فەرماندە هونەرمەند بیت د لەیزاندنا ب ئەڤان فاکتەران دا.

### فاکتەرێ خاپاندنێ

ئەڤ فاکتەرە پتریا وی دچیتە د هونەرێ شەرکرنێ دا، بەلکو ئەڤ سەردەمە سەردەمێ هندێ یە. گەلەك دەولەت ئەڤرۆ یێن شەڕێ (ب وەکالەت) دکەن؛ هەکە ئەڤە ل سەر ئاستەکێ بەرز بیت، لێ ل سەر ئاستەکێ بچویکتر هەر فەرماندەك ل ئاستێ خۆ دکاریت مەلەڤانیێ د ڤی دەریایێ دا بکەت و بزانیت چاوا هونەرێ خۆ بکاربینیت. چ ب رێیا پرۆپاگیندەیێ بیت، یان ب رێیا تەکنۆلۆجیایێ و ئامیرێن بیتەلێ (مخابرە) کو بچیتە د ناڤ هێلێن وان دا و تێکدانا پەیوەندییێن وان بکەی، یان ژێدەرێن ئاڤێ و خوارنێ لێ ببری، یان ژی د بیاڤێ (تحصیناتان) دا تو خۆ ڤەشارتنێ بکەی؛ ئەڤە هەمی گەلەك یێن گرنگن.

پشتی هینگێ، رۆلێ چەکی دهێت هەکە لڤینێ دەست پێ کر. چەك ئامرازێ سەرەکی یە د شەڕی دا و پێدڤیە بهێتە بکارئینان دا کو سەرکەفتنێ دەستەبەر بکەین. لێ ئەم ناخوازین پتر بچین د ناڤ بابەتێ شەرکرنێ دا، چ لاپەڕێ بەرگرێ بیت، یان پێشڤەچوون، یان هێرشکرن، یان خۆڤەکێشان؛ چونکو داکۆکیکرن ل سەر وان پرەنسیپێن بەری شەڕی، گرنگترن ژ خودێ شەڕی. وەکو جاران باب و باپیرێن مە بانییێن خۆ ب باگوردانی دگێران، ئەڤە بۆ خۆپاراستنێ بوو ژ بارانێ؛ هەرچەندە دلۆپ هەر دێ هەبن، لێ پێدڤی یە تو جۆرەکێ سەردەمانەتر بۆ خانییێ خۆ دابنی.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# هەڤسەنگیا ئەتۆمی وەك ئامرازەك ژبۆ ئاشتیا جیهانی

ئامادەکردنی: عومران میکائیل

د جیهانا ئەڤرۆ دا، دەمێ ئەم بەحس ل ناڤێ چەکێ ئەتۆمی دکەین، ئێکسەر وێنەیێ وێرانییێ دهێتە بەر چاڤێن مە، بەلێ راستیەکا سیاسی یا تەحل هەیە کو دبێژیت ئەو چەکێ دشێت جیهانێ ژ ناڤببەت بوویە ئەگەرێ هندێ کو وەلاتێن زلهێز نەوێرن شەڕێن مەزن ل دژی ئێك بکەن.

ل ڤێرە پرسیار ئەوە چاوا هەڤسەنگیا ئەتۆمی ئاشتییێ دپارێزیت؟ ئەڤە د زانستێ سیاسەتێ دا ب (هەڤسەنگیا ترسێ)، دهێتە نیاسین خالێن گرنگ ئەڤە نە ترسا ژ ناڤچوونا هەڤپشك هەر وەلاتەکێ ئەتومی دزانیت کو ئەگەر هێرشێ بکەتە ل سەر وەلاتێ بەرامبەر دشێت بەری بهێتە ژناڤبرن بەرسڤەکا وەسا بدەت کو هەردو لایەن پێکڤە ژ ناڤ بچن، ئەڤە دبیتە ئەگەرێ سستکرنا بڕیارا شەڕی و رێگریکرن ل شەڕێن جیهانی، بۆ نموونە شەڕێ جیهانی یێ سیێ پشتی شەڕێ جیهانییێ دوییێ یێ جیهانێ چ شەڕێن راستەوخۆ د ناڤبەرا هێزێن مەزن دا نەدیتینە، چونکی کلیلێن ئەتومی ل سەر مێزێن وان بووینە دیپلۆماسی وەك هەلبژارتنا ئێکێ هەبوونا ڤی چەکی ولاتان نەچار دکەت کو ب رێکا دانوستاندنێ کێشەیێن خۆ چارەسەر بکەن، نەکو ب رێکا مۆشەکان سەرەڕای هندێ کو ئەڤ هەڤسەنگیە وەك (ئاشتیەکا سار) کار دکەت، بەلێ مەترسی هەر هەیە کەفتنا ڤی چەکی بۆ دەستێن نەبەپرس، هەر شاشیەکا تەکنیکی یان تێگەهشتنەکا نە دروست د ناڤبەرا وەلاتان دا ئەنجام هەڤسەنگیا ئەتۆمی نە نیشانا ئەولەهیەکا نموونەیی یە، بەلێ ئامرازەکێ دژوارە بۆ رێگریکرن ل کارەساتێن مەزنتر، ئاشتیا راستەقینە ب وێ دەمی دهێت کو مرۆڤایەتی بگەهیتە ئاستەکێ هوشیاریێ کو پێدڤی ب ترسێ نەبیت بۆ پاراستنا ژیانی، بەلێ ب بۆچوونا من ئەگەر ئاشتی هەتا رادەکی ژێ هەبیت یا گونجایە و دشێن پشتبەستنێ ل سەر بکەین کو بۆ ماوەکی دەستنیشانکری و کێم جیهان بەرەف ئیمناهیێ ڤە بچیت و ململانێن جیهانی بهێنە ئارامکرن د زانستێ پەیوەندیێن نێڤدەولەتی دا، قوتابخانەکا ب هێز هەیە؛ پشتەڤانیێ ل ڤێ هزرێ دکەت کو دبێژن ئاشتی ب رێکا هێزێ دهێتە پاراستن، نموونە ژی ل سەر ڤێ چەندێ، هەڤڕکیا چەکداری یا سارڕ: د ناڤبەرا سالێن 1947 تا 1991 د سەر هەبوونا کێشەیێن مەزن د ناڤبەرا ئەمریکا و ئێکەتیا سۆڤیەت دا، بەلێ چەکێ ئەتومی کار کر و نەهێلا شەڕەکێ راستەوخو د ناڤبەرا وان دا روو بدەت.

سەقامگیریا هندستان و پاکستانێ: ئەڤ هەردو وەلاتە چەندین سال بوون د شەڕێن بەردەوام دا بوون، بەلێ پشتی هەردویان چەکێ ئەتۆمی بدەستخۆڤە ئێخستی (ل سالا 1998) شێوازێ شەڕێ وان هاتە گوهۆڕین بۆ پێکدادانێن بچویك و نەوێریان شەڕەکێ گشتگیر بکەن، چونکی دزانی ئەنجام دێ وێرانکرن بیت بۆ هەردوو لایەنان.

تێچوونیێ شەڕی: چەکێ ئەتۆمی یا وەل سەرکردەیان کری کو تێچوونیێ شەڕی گەلەك بلندتر بیت، ژ هەر دەستکەفتەکێ کو بشێن د شەڕی دا بدەستڤە بینن، هەروەسا ئاشتی هندەك جاران پێدڤی ب هێزەکێ هەیە کو کەس نەوێریت تێك بدەت و د جیهانەکا تژی هەڤڕکی دا هندەك جاران ترس ژ وێرانکاریێ ئێکەم رێکە کو مرۆڤایەتیێ ل سەر مێزا دانوستاندنێ کۆم بکەت و رێگریێ ل شەڕێن بێ دوماهی بکەت، ترسا ژ ئەتۆمی دیپلۆماسی کرە تاکە بژاردە نەکو هەلبژاردەیەکا لاوەکی، چونکو بێ چەکێ ئەتۆمی شەڕێ سارڕ دا بیتە شەڕێ جیهانییێ سێییێ و ب ملیۆنان مرۆڤ، دا د ناڤ دا چن و ل پشتی سالا 1945 چ شەڕێن راستەوخۆ د ناڤبەرا زلهێزان دا نەچێبووینە، چونکی هەڤسەنگیا ترسێ نەچارکرن ل سەر مێزا دانوستاندنێ بروینن، نەکو ل گۆڕەپانا شەڕی رابوەستن.





## سوپا بەهێزەکانی جیهان

# سوپـــای ئەڵمانیا

● ئامادەکردنی: کاکۆ توتمەرەیی

سوپای ئەڵمانیا یەکێکە لە سوپا بەهێز و کاریگەرەکانی جیهان، چ لەڕووی چەک و تەکنەلۆژیای زۆر پێشکەوتوو، چ لەڕووی دیسپلین، قەبارە و خەرجییەکانییەوە. سوپای ئەڵمانیا کە بە ئەڵمانی بە (بوندسڤێر-Bundeswehr) ناودەبرێت، هێزی چەکداری کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیایە. بوندسڤێر کە بە مانای هێزی بەرگریی فیدراڵە، لە دوو باڵی سەرەکی پێکدێت:

١- باڵی هێزی چەکدار: کە هەریەکێک لە ڕشتەکانی هێزی وشکانی، هێزی دەریایی و هێزی ئاسمانی لەخۆدەگرێت و بنەمای سەرەکیی هێزی بەرگریی ئەڵمانیایە.

٢- باڵی مەدەنی یان خزمەتگوزاریی هاوبەش، کە هەر یەکێک لە بەشەکانی: خزمەتگوزاریی پشتیوانی هاوبەش، خزمەتگوزاریی پزیشکی هاوبەش و خزمەتگوزاریی ئاسایشی ئەلیکترۆنی و تەکنەلۆژیای زانیاری لەخۆدەگرێت.

سوپای ئەڵمانیا لەم بیست ساڵەی دواییدا بە شێوەیەکی بەرچاو فراوان بووە، بە جۆرێک تا ٣١ی ئایاری ٢٠٢٣ ژمارەی سەربازانی ئەرکی سەربازی چالاک گەیشتووەتە (١٨١,٦٧٢) سەرباز و ژمارەی کارمەندی ئەرکی مەدەنی (٨١,٦١٢) کەسی لەخۆگرتووە. جگە لەوەش سوپای ئەڵمانیا نزیکەی (٣٤,٦٠٠) سەربازی یەدەگی هەیە کە بۆ هەر کاتێک پێویست بکات، تەنها لە ماوەی کەمتر لە سێ ڕۆژ ئامادە دەکرێن. بەمەش دەبێتە یەکێک لە ٣٠ گەورەترین هێزە سەربازییەکانی جیهان و دووەم گەورەترین هێزی یەکێتیی ئەورووپا لە دوای فەرەنساوە.

هەروەها هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا لەڕووی خەرجی و داراییەوە لە پلەی حەوتەمی جیهاندایە کە زۆرترین پارەیان بۆ سوپا خەرج کردووە. خەرجییە سەربازییەکانی گەیشتووەتە (٦٦.٨) ملیار دۆلار، بەڵام خەرجییە سەربازییەکانی تا ئەم دواییانە تا ڕادەیەک بە نزمی مابوونەوە کە تێکڕای ١.٥٪ی بەرهەمی ناوخۆیی بووە، ئەمەش زۆر لە خوار ئامانجی ناپابەندی هاوپەیمانیی ناتۆیە کە پێویستە خەرجییەکانی سوپا بە تێکڕایی ٢٪ بێت، بەڵام لە ساڵانی ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥ خەرجییەکانی گەیاندە ئاستی ستانداردی ناتۆ و گەیشتە (٩٠) ملیار دۆلار بۆ ساڵی ٢٠٢٥. هەروەها بەنیازە بۆ ساڵانی ئایندە خەرجییەکانی زیاتریش بەرزبکاتەوە، بە ئامانجی ئەوەی بوندسڤێر فراوان بکات بۆ نزیکەی (٢٠٣) هەزار کارمەند، تا باشتر بەرپرسیارێتییە گەشەسەندووەکانی بەڕێوەببات.

هاوکات لە ئەنجامی شەڕی گەرمی ئۆکرانیا و ڕووسیا، نیگەرانییەکانی ئەڵمانیا زیادی کرد و گۆڕانکارییەکی گەورەی لە سیاسەتەکانیدا ڕاگەیاند و بەڵێنی دا (١٠٠) ملیار یۆرۆ بۆ سوپا تەرخان بکات بە ئامانجی قەرەبووکردنەوەی کەمی وەبەرهێنان،



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هەروەها بەرزکردنەوەی بودجەی سەربازی بۆ زیاتر لە ٢٪ی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی.

سوپای ئەڵمانیا لە ١٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٥ بە دروشمی "ئێمە خزمەت دەکەین بە پاراستنمان" دامەزرا.

**هەماهەنگیی سەربازیی سوپای ئەڵمانیا:**

* ناوی فەرمی: بوندسڤێر.
* ناوی ناسراو: هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا.
* لقەکانی سوپای ئەڵمانیا:
  * هێزەکانی وشکانی.
  * هێزی دەریایی.
  * هێزی ئاسمانی.
* لقە مەدەنییەکانی سوپای ئەڵمانیا:
  * خزمەتگوزاریی پشتیوانی هاوبەش.
  * خزمەتگوزاریی پزیشکی هاوبەش.
  * خزمەتگوزاریی مەیدانی و زانیاری و ئینتەرنێتی شەڕکردنی هاوبەش.

**سوپای ئەڵمانیا فەرمان وەردەگرێت لە:**

* وەزیری بەرگریی فیدراڵ (لە کاتی ئاشتیدا).
* ڕاوێژکاری ئەڵمانیا (لە کاتی شەڕدا).
* فەرماندەی گشتیی سوپای ئەڵمانیا: ڕاوێژکاری ئەڵمانیا.
* فەرماندەی باڵا: وەزیری بەرگریی ئەڵمانیای فیدراڵ.
* فەرماندەی جوڵاندن: سەرۆکی ئەرکانی سوپا.
* تەمەنی گونجاو بۆ خزمەت: (١٧) ساڵ.
* وەرگرتنی سەربازی: پێشتر ناچاری (تەوزیفی) بووە، بەڵام لە مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠١١ـەوە بۆ ماوەیەکی نادیار ڕاگیراوە و لە ئێستادا تەنها سیستەمی خۆبەخشی پەیڕەو دەکرێت.
* ژمارەی سەربازی ئەرکی خزمەت: (١٨١,٦٧٢) سەرباز.
* ژمارەی کارمەندانی مەدەنی: (٨١,٦١٢) کارمەند.
* ژمارەی سەربازی یەدەگ: (٣٤,٦٠٠) سەرباز.

## ڕۆڵی سوپای ئەڵمانیا لە چاکسازیی کەرتی ئەمنی و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە باشووری کوردستان

بەپێی دواین ڕاپۆرتی سەنتەری ئەورووپی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و لێکۆڵینەوەی هەواڵگری – ئەڵمانیا و هۆڵەندا – لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتەکان وای دەردەخەن:

حکومەتی ئەڵمانیا بە هاوکاری لەگەڵ هەرێمی کوردستان و شارەزایانی مەدەنی، پاڵپشتیی هەرێم بۆ چاکسازی لە کەرتی ئەمنی دەکات، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تاوانە ڕێکخراوەکان. ئەڵمانیا هەوڵدەدات بەردەوام بێت لە پاڵپشتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرقەرارکردنی سەقامگیری و پاراستنی ئەو سەرکەوتنانەی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دژی داعش بەدەستی هێناون، هەروەها چارەسەرکردنی هەموو ناکۆکییە ناوخۆییەکان لەسەر بنەمای دەستووری عێراقی فیدراڵ کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا دەنگی زۆرینەی بەدەستهێناوە و پەسەندکراوە.

## هەڵوێستی حکومەتی ئەڵمانیا لەسەر هەرێمی کوردستان

لە مانگی ئاداری ٢٠١٨، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا ڕایگەیاند، کردنەوەی فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی بەڕووی گەشتە نێودەوڵەتییەکاندا هەنگاوێکی یەکەمی گرنگ بوو بۆ کەمکردنەوەی قەیرانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیی عێراق لە بەغدا. وتەبێژەکە ئاماژەی بەوەش کرد، سەرکەوتنی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ بۆ شکاندنی ئەو بنبەستەی نێوان هەردوولا زۆر گرنگە و حکومەتی ئەڵمانیاش هەوڵی بەرچاوی داوە بۆ بەدیهێنانی ئەمە. لەو چوارچێوەیەدا، لیژنەیەکی هاوبەش لە لیژنەی کاروباری دەرەوە و بەرگریی پارتی سۆسیال دیموکرات لە پەرلەمانی ئەڵمانیا، لە شوباتی ٢٠١٨ لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە بۆ تاوتوێکردنی دۆخی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستان و دواین پێشهاتەکانی گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدا و ڕێگاکانی بەرزکردنەوەی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان حکومەتی هەرێم و ئەڵمانیا.





# شۆڕشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان

## چەکی هەرزان و شکستی سیستەمە گرانبەهاکان

وەرگێڕانی : دیار عەلی

ئێستا جەنگ تەنها لەسەر خێرایی و هێز نییە، بەڵکو لەسەر هەرزانییە، واتە چۆن بە فڕۆکەیەکی ٥٠٠ دۆلاری، تانکێکی ٥ ملیۆن دۆلاری لەناوببەیت و چۆن بە لەیزەرێکی ١٠ دۆلاری، درۆنێکی ٥٠٠ دۆلاری بخەیتە خوارەوە. لە کاتێکدا پێشتر تەنیا دەوڵەتە دەوڵەمەند و توانادارەکان خاوەنی چەک و هێزی ئاسمانی کاریگەر بوون، بەڵام دەرکەوتنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ئەم هاوکێشەیەی بە تەواوی گۆڕی. ئێستا وڵاتانی ئاست مامناوەند و تەنانەت گروپە چەکدارەکانیش دەتوانن بە تێچوویەکی زۆر کەم و بەهۆی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، کە نرخەکەی لە ئاستێکی ئاساییدایە هێرش بکەنە سەر نەیارەکانیان و ئامانجە گرنگەکان بپێکن. ئەم گۆڕانکارییە بووە هۆی ئەوەی فڕۆکە جەنگییە گرانبەهاکان و تانکە قورسەکان کە ملیۆنان دۆلار تێچوویانە لە بەرانبەر ئەم ئامێرە هەرزانانەدا بکەونە مەترسییەکی گەورەوە و پێگەی خۆیان لە دەست بدەن.

### ململانێی پیشەسازی

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە مەیدانی سەرەکی بۆ تاقیکردنەوەی ئەم جۆرە چەکانە و نیشاندانی هێز. وڵاتی تورکیا فڕۆکەی جۆری بایراقداری کردووەتە ئامرازێکی سیاسی و سەربازی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتان و هەناردەی زۆر وڵاتی جیهانی کردووە کە لە جەنگەکاندا سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێناوە. لە بەرانبەردا ئێران پەرەی بە قوتابخانەیەکی جیاواز داوە کە زیاتر پشت بە فڕۆکە خۆکوژەکان دەبەستێت. ئەم کارە هاوسەنگی هێزی گۆڕیوە و جۆرێک لە کێبڕکێی پیشەسازی و سەربازی دروست کردووە.

### تەڵەی تێچووی ئابووری و جەنگی نایەکسان

ئەمە یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکان بۆ لێکۆڵینەوەی سەربازی لە سەردەمی نوێدا. دەزگا بەرگرییە گرانبەهاکان بۆ پێکانی فڕۆکە و مووشەکی گەورە دروست کراون نەک بۆ فڕۆکەیەکی بچووک کە لە پلاستیک دروست کراوە و زۆر نزم دەفڕێت. تێچووی تێکشکاندنی یەک فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هەرزان بە موشەکێکی بەرگریی پێشکەوتوو دەگاتە چەندین ملیۆن دۆلار. ئەم نابەرانبەرییە لە تێچوودا وای کردووە کە دەوڵەتە گەورەکان لەڕووی ئابوورییەوە تووشی زیانی گەورە ببن، چونکە تێکشکاندنی کۆمەڵە فڕۆکەیەکی هەرزان پێویستی بە خەرجییەکی یەکجار زۆر هەیە کە بەرگەی ناگرن.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## نیشانەشکێنە ئاسمانییەکان و گۆڕینی تاکتیکی مەیدانی

فڕۆکە زۆر بچووکەکان کە لە ڕێگەی چاویلکەی تایبەتەوە لەلایەن سەربازەکانەوە ئاراستە دەکرێن، بوونەتە نیشانەشکێنی ئاسمانی لە مەیدانی جەنگدا. ئەم ئامێرانە توانایەکی بێوێنەیان هەیە و دەتوانن بە وردی بچنە ناو پەنجەرەی ژوورەکان یان ناو دەرگای تانک و ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان. ئەم گۆڕانکارییە وای کردووە سەرباز لە ناو سەنگەرەکاندا خاوەنی چەکێکی نوێ و بکوژ بێت کە ڕێگری لێکردنی زۆر ئەستەمە و ترسی بەردەوامی لای دوژمن دروست کردووە، چونکە لە هەر چرکەیەکدا ئەگەری هێرشێکی کتوپڕ هەیە.

## چاوە تیژەکانی ئاسمان و کۆتایی نهێنییە سەربازییەکان

جگە لە هێرشبردن، ئەم فڕۆکانە وەک چاوی تیژی سوپا جیاوازەکان کار دەکەن. پێشتر زانیاریی وێنەیی تەنیا لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە بەدەست دەهات، بەڵام ئێستا فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان دەتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئاسمان بمێننەوە و بچووکترین جووڵەی نەیارەکان تۆماربکەن. ئەمە وای کردووە کە مەیدانی جەنگ بۆ هەمووان روون بێت و شاردنەوەی هێز و ئەنجامدانی هێرشی کتوپڕ بۆ هێزە پیادەکان زۆر گران بێت، چونکە ئاسمان پڕ بووە لەو چاوانەی کە هەموو شتێک دەبینن.

## جەنگی بێدەنگی شەپۆلەکان و راوکردنی ئامێرەکان

تاکە چارەسەری ئێستا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم فڕۆکانە لە بواری زانستی شەپۆلەکان و کارەباییدایە. جەنگەکە ئێستا لە نێوان شەپۆلەکاندا چڕبووەتەوە و هەوڵ دەدرێت پەیوەندیی نێوان فڕۆکەوان و فڕۆکەکە بپچڕێنرێت یان دەزگای دۆزینەوەی شوێن تێکبدرێت تاوەکو فڕۆکەکە ڕێگەکەی ون بکات یان بکەوێتە خوارەوە. ئەم ململانێیە لە پشت پەردەکانەوە بەڕێوە دەچێت و هەر لایەنێک لە بواری زانستی شەپۆلەکاندا بەهێزتر بێت، دەتوانێت ئاسمانی خۆی لەو مێرووە بکوژانە بپارێزێت.

## زیرەکی دەستکرد و داهاتووی هێرشە بەکۆمەڵەکان

داهاتووی ئەم جەنگە بەرەو بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد دەچێت کە تێیدا فڕۆکەکان بەبێ پێویستی بە مرۆڤ بڕیاری هێرش دەدەن. مەترسی گەورە لە هێرشی بەکۆمەڵدایە کە تێیدا سەدان فڕۆکەی بچووک بە یەکەوە و وەک یەک دەستە هێرش دەکەنە سەر ئامانجێک. لەم بارودۆخەدا هیچ دەزگایەکی بەرگری ناتوانێت ڕێگری لە هەموویان بکات. ئەمە قۆناغێکی نوێی جەنگە کە تێیدا خێرایی بڕیاردان و زانستی کۆمپیوتەر چارەنووسی سەرکەوتن یان شکستی دەوڵەت و قەوارە و هێزەکان دیاری دەکات.

# مووشەکی بالیستی بلو سپارۆ

● ئیبراهیم مستەفا



مووشەکی بالیستی بلو سپارۆ لەلایەن کۆمپانیای ڕافائێلی ئیسرائیلییەوە پەرەی پێدراوە و بە پلەی یەکەم وەک مووشەکێکی نیشانە بۆ تاقیکردنەوە بەکاردێت. ئەم مووشەکە بۆ تاقیکردنەوەی تواناکانی سیستەمی دژەمووشەکی ئارۆ دروستکراوە و دەتوانێت لاسایی مووشەکە بالیستییە جۆراوجۆرەکان لە مەودای مامناوەند و دووردا بکاتەوە. بلو سپارۆ بەشێکە لە خێزانی ئەو مووشەکانەی کە لە فڕۆکەوە هەڵدەدرێن، وەک سیلڤەر سپارۆ و بلاک سپارۆ، کە هەر یەکەیان جۆرێکی دیاریکراو لە مووشەکی بالیستی لاسایی دەکەنەوە.

درێژیی بلو سپارۆ ٦.٥١ مەترە و کێشی نزیکەی ١٩٠٠ کیلۆگرامە، هەروەها توانای گەیشتنی بە مەودای ٢٠٠٠ کیلۆمەتری هەیە لە بەرزییەکی زۆردا. یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم مووشەکە بریتییە لە بوونی بەشێکی جیاکەرەوە بۆ گەڕانەوە بۆ ناو بەرگەهەوا کە دەتوانرێت لە مووشەکەکە جیاببێتەوە و بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەرەو ئامانجەکەی بڕوات. خێرایی ئەم مووشەکە لە نێوان ٥ بۆ ٩ ماخ دایە، واتە ٥ تا ٩ ئەوەندەی خێرایی دەنگ.

لە ڕاپۆرتەکاندا ئاماژە بەوە کراوە کە بلو سپارۆ لەلایەن فڕۆکەی جەنگی ئێف ١٥ی هێزی ئاسمانی ئیسرائیلەوە هەڵدەگیرێت و دەتوانرێت لە دەرەوەی سنووری ئاسمانی وڵاتانی دوژمنییەوە ئاراستە بکرێت. هەندێک ڕاپۆرتی میدیایی باس لەوە دەکەن کە لە هەندێک ئۆپەراسیۆنی سەربازیدا بەکارهێنراوە، وەک هێرشەکەی سەر ئێران، بەڵام ئەم زانیارییە بە فەرمی پشتڕاست نەکراوەتەوە. ئەم مووشەکە بەهۆی توانای لاساییکردنەوەی هەڕەشە مووشەکییە ئاڵۆزەکان، ڕۆڵێکی گرنگ لە پەرەپێدانی سیستەمەکانی بەرگریی ئاسمانی ئیسرائیلدا دەگێڕێت.

# ژیریی دەستکرد کۆنترۆڵی ڕاجیمەکانی هایمارس دەکات

● ئەڤین سەفین



تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکرد لەگەڵ ڕاجیمە مووشەکییەکانی هایمارس، وەک وەرچەرخانێکی مێژوویی لە ستراتیژیی سەربازیی سوپای ئەمریکادا سەیردەکرێت؛ چونکە ئەم هەنگاوە یاساکانی شەڕ و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە لە مەیدانی جەنگدا بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەگۆڕێت. سوپای ئەمریکا کار لەسەر ئەوە دەکات کە ژیریی دەستکرد بۆ خێراکردنی پرۆسەی دەستنیشانکردنی ئامانجەکان و بڕیاردان لەسەر کاتی هێرشکردن بەکاربهێنێت، بە شێوەیەک کە پێشتر مەحاڵ بووە.

ژیریی دەستکرد لەناو سیستەمی هایمارسدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە شیکردنەوەی بڕێکی یەکجار زۆر لەو زانیاریانەی لە مانگە دەستکردەکان، فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان و هەستەوەرە جیاوازەکانەوە کۆدەکرێنەوە. ئەم تەکنەلۆژیایە دەتوانێت لە ماوەی چەند چرکەیەکدا ئامانجە گرنگەکان لە ناوچەیەکی فراواندا بدۆزێتەوە، پۆلێنیان بکات و باشترین جۆری مووشەک و کاتی گونجاو بۆ پێکانیان پێشنیاز بکات. ئەمەش کاتی پێویست بۆ ئەنجامدانی هێرش لە چەند کاتژمێرێکەوە بۆ چەند خولەکێک یان تەنانەت چەند چرکەیەک کەم دەکاتەوە؛ ئەم خێراییە بێوێنەیەش دەبێتە هۆی ئەوەی دوژمن نەتوانێت بە ئاسانی خۆی بشارێتەوە یان وەڵامی هێرشەکان بداتەوە.

یەکێک لە گرنگترین گۆڕانکارییەکان کە ژیریی دەستکرد لە یاساکانی شەڕدا دروستی دەکات، بریتییە لە پەرەپێدانی سیستەمی هاویشتنی خۆکار یان نیمچەخۆکار، کە تێیدا ڕاجیمەکانی هایمارس دەتوانن بەبێ دەستوەردانی ڕاستەوخۆی مرۆڤ لە هەموو قۆناغەکاندا ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن، بەڵام هێشتا بڕیاری کۆتایی بۆ تەقاندن لە دەستی ئۆپەراتۆر یان فەرماندە سەربازییەکاندا دەمێنێتەوە؛ ئەمەش هاوسەنگییەک لە نێوان خێرایی تەکنەلۆژیا و بەرپرسیارێتیی مرۆیی دروست دەکات.

هەروەها بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد یارمەتی سوپای ئەمریکا دەدات کە لە شەڕە ئاڵۆزەکاندا بە شێوەیەکی زیرەکانەتر کاربکات و تێچووی جەنگ و زیانە لاوەکییەکان کەم بکاتەوە.

ئەم گۆڕانکارییە تەکنەلۆژیایە وای کردووە کە هایمارس وەک چەکێکی هێرشبەر ببێتە بەشێک لە تۆڕێکی زیرەکی جیهانی، کە تێیدا هەموو یەکە سەربازییەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و زانیارییەکان بە خێراییەکی بێوێنە ئاڵوگۆڕ دەکرێن. ئەمەش هێزێکی یەکجار زۆر دەداتە سوپای ئەمریکا بۆ کۆنترۆڵکردنی مەیدانی جەنگ و سەپاندنی هەژموونی خۆی لە هەر شوێنێکی جیهاندا بێت. چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوودا ژیریی دەستکرد زیاتر پەرە بسێنێت و ببێتە بزوێنەری سەرەکیی هەموو سیستەمە بەرگری و هێرشبەرەکان، ئەمەش بە تەواوی شێوازی جەنگەکان لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەگۆڕێت.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

# سیستەمی مووشەکی HIMARS

● و/ رائید قانعە حەسەن عەولا

سیستەمی مووشەکی HIMARS یەکێکە لە کاریگەرترین و پێشکەوتووترین سیستەمەکانی مووشەکهاوێژەکان لە جیهاندا کە لەلایەن کۆمپانیای(لۆکهید مارتین - Lockheed Martin)ی ئەمریکییەوە بەرهەم هێنراوە. لە ئێستادا لە خزمەتی هێزی دەریایی ئەمریکادایە. ئەم سیستەمە بەهۆی وردییە کەموێنەکەیەوە بە (بکوژی نیشانشکێن) ناسراوە..

ئەم سیستەمە ڕاکێتهاوێژێکی فرەچەشن، سووک، چەرخدار و زۆر وردە کە لەسەر بارهەڵگری ٥ تۆنی جێگیر دەکرێت. ئەم سامانە توانای هاوێشتنی ٦ ڕاکێتی ئاراستەکراوی GMLRS (مەودای ٧٠ کم) و یەک مووشەکی تاکتیکی ATACMS (مەودای تا ٣٠٠ کم)ی هەیە. بەهۆی وردیی زۆر و خێرایی لە جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆندا، بۆ لێدانی بنکەکانی فەرماندەیی و لۆجیستی دوژمن بەکاردێت.

## مێژوو

یەکەم فڕین: ساڵی ١٩٩١.

خستنەکار: ساڵی ٢٠٠٥ بە فەرمی لە هێزی دەریایی ئەمریکا بەکارخرا.

## تایبەتمەندییە تەکنیکییەکان

جووڵەی خێرا: بەپێچەوانەی وەشانی زنجیردار (M270)، ئەم سیستەمە چەرخدارە و خێراییەکەی زۆرە و بە ئاسانی بە فڕۆکە سەربازییەکانی وەک C-130 دەگوازرێتەوە. هەروەها لەبەر ئەوەی لەسەر بارهەڵگرێکی سەربازیی ٥ تۆنی جێگیر کراوە، ڕێگەی پێ دەدات دوای تەقاندنی مووشەکەکان، لە کەمتر لە خولەکێکدا شوێنەکە چۆڵ بکات پێش ئەوەی دوژمن پەرچەکرداری هەبێت. ئەم تەکنیکە بە تەقێنە و ڕابکە (shoot-and-scoot) ناسراوە.

وردییەکی بێوێنە: بەپێچەوانەی تۆپخانە کۆنەکان، مووشەکەکانی HIMARS بە سیستەمی GPS ئاراستە دەکرێن، واتە دەتوانێت ئامانجێکی بچووک لە دوورییەکی زۆرەوە بە جیاوازیی تەنها چەند مەترێک بپێکێت.

## جۆرەکانی مووشەك و مەوداکەی

ئەم سیستەمە دەتوانێت چەند جۆرە مووشەکێک هەڵبگرێت:

مووشەکی GMLRS: مەوداکەی دەگاتە نزیکەی ٧٠ بۆ ٩٠ کیلۆمەتر، ئەم جۆرە زۆرترین بەکارهێنەری هەیە.

مووشەکی ATACMS: مووشەکێکی بالیستیی گەورەیە کە تەنها یەک دانەی لەسەر جێگیر دەبێت و مەوداکەی دەگاتە ٣٠٠ کیلۆمەتر.

مووشەکی PrSM: نەوەی نوێی مووشەکەکانە کە مەوداکەی دەگاتە زیاتر لە ٥٠٠ کیلۆمەتر.

## زانیاریی زیاتر

*ئەم سیستەمە لە ئێستادا یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی تۆپخانەی وردی سوپای ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی.

* دەتوانێت لە کەمتر لە ٣٠ چرکەدا هەموو مووشەکەکان بتەقێنێت.

*تیمی کاریگەر: ٣ کەسن، بەڵام ١ کەس دەتوانێت بیخاتەگەڕ.



*خێرایی لە ڕێگا: ٨٥ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا.

* ژمارەی مووشەک: ٦ مووشەکی ئاسایی، یان ١ مووشەکی بالیستی.

*کاتی ئامادەکردن: کەمتر لە ٥ خولەک بۆ تەقاندن.

## تێچووی سیستەمەکە و مووشەکەکانی

* تێچووی یەکەیەک (Launcher): نرخەکەی نزیکەی ٣.٥ بۆ ٥ ملیۆن دۆلارە.

*تێچووی ڕاکێتی GMLRS: هەر ڕاکێتێکی ئاسایی (مەودای ٧٠-٨٠ کم) نزیکەی ١٠٠ بۆ ١٥٠ هەزار دۆلارە.

*تێچووی مووشەکی ATACMS: ئەم مووشەکە گەورە و دوورمەودایە زۆر گرانترە و نرخی هەر دانەیەکی نزیکەی ١.٥ ملیۆن دۆلارە.

## بەکارهێنەرانی ئەم سیستەمە

جگە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە گەورەترین بەکارهێنەرە و زیاتر لە ٤٠٠ دانەی هەیە، چەندین وڵاتی تر ئەم سیستەمە مووشەکییەیان کڕیوە وەک: ئوردن، ئیمارات، ڕۆمانیا، سینگاپوور و پۆڵەندا.

# فڕۆکەکانی سووتەمەنیبەخش
# بڕبڕەی پشتی هێزە ئاسمانییەکان لە ئاسماندا

ئەرسەلان ساڵح

فڕۆکەکانی سووتەمەنیبەخش کە بە تانکەرە ئاسمانییەکان دەناسرێن، یەکێک لە گرنگترین و ستراتیژیترین بەشەکانی هێزی ئاسمانیی هەر وڵاتێکی پێشکەوتوو پێکدەهێنن؛ چونکە ئەم فڕۆکانە وەک بەنزینخانەیەکی گەڕۆک لە ئاسماندا کار دەکەن و ڕێگە بە فڕۆکە جەنگییەکان و بۆمبهاوێژەکان دەدەن بۆ ماوەیەکی زۆر درێژتر لە ئاسماندا بمێننەوە و مەودایەکی یەکجار زۆر ببڕن، بەبێ ئەوەی پێویستیان بە نیشتنەوە هەبێت. ئەم توانایە وای کردووە کە هێزە ئاسمانییەکان بتوانن لە هەر شوێنێکی جیهاندا بن ئامانجەکانیان بپێکن، ئەمەش وەک زیادکەری هێز (Force Multiplier) سەیردەکرێت، چونکە کارایی و کاریگەریی فڕۆکە جەنگییەکان چەند هێندە زیاد دەکات.

دوو شێوازی سەرەکی بۆ گەیاندنی سووتەمەنی لە ئاسماندا هەیە؛ یەکەمیان پێی دەگوترێت سیستەمی بۆم (Flying Boom) کە تێیدا بۆرییەکی ڕەق و درێژ لە کلکی فڕۆکە تانکەرەکەوە دەردەچێت و ئۆپەراتۆرێکی تایبەت لەناو تانکەرەکەدا کۆنترۆڵی دەکات و دەیخاتە ناو دەرچەی سووتەمەنیی فڕۆکە وەرگرەکە. ئەم شێوازە خێراترین ڕێگەیە بۆ گواستنەوەی بڕێکی زۆر لە سووتەمەنی و زیاتر لەلایەن سوپای ئەمریکاوە بەکاردێت. شێوازی دووەم پێی دەگوترێت سیستەمی پرۆب و درۆگ (Probe-and-Drogue) کە تێیدا بۆرییەکی نەرم لە باڵەکانی تانکەرەکەوە بەردەبێتەوە و لە سەرەکەیدا پارچەیەکی وەک چەتر هەیە؛ لەم شێوازەدا فڕۆکە جەنگییەکە دەبێت خۆی بۆرییەکەی سەر فڕۆکەکەی بخاتە ناو ئەو چەترە. ئەم ڕێگەیە سادەترە و ڕێگە دەدات کە تانکەرەکە لە یەک کاتدا سووتەمەنی بداتە دوو فڕۆکە.

فڕۆکەی KC-135 Stratotanker چەندین دەیەیە وەک تانکەری سەرەکیی سوپای ئەمریکا کار دەکات و ڕۆڵێکی یەکجار گەورەی لە هەموو جەنگەکاندا هەبووە، بەڵام لە ئێستادا فڕۆکەی نوێتر و پێشکەوتووتر وەک KC-46 Pegasus جێگەی گرتووەتەوە کە دەتوانێت بڕێکی زۆرتر سووتەمەنی هەڵبگرێت و سیستەمی بەرگریی پێشکەوتووی بۆ پاراستنی خۆی لە هێرشەکان هەیە.

هەروەها فڕۆکەی Airbus A330 MRTT کە لەلایەن وڵاتانی ئەورووپا و چەندین وڵاتی دیکەوە بەکاردێت، یەکێکە لە سەرکەوتووترین تانکەرە ئاسمانییەکان کە دەتوانێت لە هەمان کاتدا وەک فڕۆکەی گواستنەوەی سەرباز و کەلوپەلیش بەکاربهێنرێت.

ئەم فڕۆکانە یارمەتیی فڕۆکە جەنگییەکان دەدەن کە بە کێش و سووتەمەنییەکی کەمترەوە لەسەر زەوی هەڵبستن، تا بتوانن بڕێکی زۆرتر چەک و تەقەمەنی هەڵبگرن؛ دوای ئەوەی دەگەنە ئاسمان، سووتەمەنیی پێویست لە تانکەرەکان وەردەگرن. هەروەها لە کاتی نائاساییدا، ئەگەر فڕۆکەیەک کێشەی تانکی سووتەمەنی هەبێت یان نەتوانێت لە شوێنی مەبەست بنیشێتەوە، ئەم تانکەرانە دەبنە فریادڕەس و ڕێگە لە کەوتنی فڕۆکەکە دەگرن. بەمەش دەردەکەوێت کە بەبێ ئەم تانکەرە ئاسمانییانە، هیچ هێزێکی ئاسمانی ناتوانێت ئۆپەراسیۆنی گەورە و دوورمەودا ئەنجام بدات.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# فڕۆکەی EA_18G Growler
# پێشەنگی شەڕی ئەلیکترۆنی

جووتیار ئەحمەد

فڕۆکەی EA-18G Growler کە لەلایەن کۆمپانیای بۆینگەوە پەرەی پێدراوە، بەهێزترین و پێشکەوتووترین فڕۆکەی جەنگیی ئەمریکییە کە تایبەت کراوە بە ئەنجامدانی ئەرکەکانی شەڕی ئەلیکترۆنی. ئەم فڕۆکەیە لەسەر بنەمای فڕۆکەی F/A-18F Super Hor-net دروستکراوە و جێگرەوەی فڕۆکە کۆنەکانی وەک EA-6B Prowlerـە؛ بە شێوەیەک دیزاین کراوە کە بتوانێت لە هەموو جۆرە ژینگەیەکی جەنگدا کاربکات و سیستەمە ئەلیکترۆنییەکانی دوژمن پەک بخات. ئەم فڕۆکەیە پارێزەری سەرەکیی فڕۆکەکانی دیکەیە لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکە ئاسمانییەکاندا، چونکە دەتوانێت ڕادار و سیستەمەکانی پەیوەندیکردنی دوژمن لەکار بخات.

تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم فڕۆکەیە لەو سیستەمە ئاڵۆزانەدایە کە هەڵیگرتوون، وەک سیستەمی تەشویشی تاکتیکی ALQ-99 و سیستەمی وەرگری ALQ-218، کە پێکەوە کار دەکەن بۆ دۆزینەوە، ناسینەوە و پەکخستنی هەموو ئەو شەپۆلە ڕادیۆیی و ڕاداریانەی لەلایەن دوژمنەوە ئاراستە دەکرێن. ئەم فڕۆکەیە دەتوانێت لە مەودایەکی زۆر دوورەوە تەشویش بخاتە سەر ڕادارەکانی دژەفڕۆکە و وایان لێ بکات نەتوانن هیچ فڕۆکەیەک ببینن، هەروەها توانای ئەوەی هەیە کە پەیوەندییە بێتەلەکانی نێوان هێزەکانی دوژمن ببڕێت یان زانیاریی هەڵەیان بۆ بنێرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی تەواوی پلانی سەربازیی بەرانبەر.

جگە لە تواناکانی لە شەڕی ئەلیکترۆنیدا، فڕۆکەی Growl-er خاوەنی چەکی هێرشبەریشە بۆ لەناوبردنی ڕادارەکان بە شێوەیەکی فیزیکی، وەک مووشەکی AGM-88 HARM کە بەدوای شەپۆلی ڕادارەکاندا دەگەڕێت و لەناویان دەبات. هەروەها مووشەکی AIM-120 AMRAAM هەڵدەگرێت بۆ بەرگری لە خۆی لە بەرانبەر فڕۆکە جەنگییەکانی دوژمندا.

ئەم فڕۆکەیە لەلایەن دوو فڕۆکەوانەوە بەڕێوە دەبرێت، کە یەکێکیان بەرپرسە لە فڕین و ئەوی دیکەیان -کە بە ئەفسەری جەنگیی ئەلیکترۆنی ناسراوە- بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی سیستەمە ئاڵۆزەکانی تەشویش و شەڕی ئەلیکترۆنی.

بەکارهێنانی ئەم فڕۆکەیە لەلایەن هێزی دەریایی و هێزی ئاسمانیی ئەمریکاوە، وای کردووە کە باڵادەستییەکی تەواویان لە مەیدانی جەنگدا هەبێت؛ چونکە هیچ سیستەمێکی بەرگریی ئاسمانی ناتوانێت بە ئاسانی لە بەرانبەر تەشویشە بەهێزەکانی ئەم فڕۆکەیەدا خۆی ڕابگرێت. لەبەر ئەوە، Growler بە "چاو، گوێ و قەڵغانی" هێزە هاوپەیمانەکان دادەنرێت لە هەر شەڕەکی هاوچەرخدا و بەردەوام پەرەی پێ دەدرێت بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووبەڕووی نوێترین تەکنەلۆژیاکانی ڕادار و بەرگریی ئاسمانی ببێتەوە کە لەلایەن وڵاتانی دیکەوە بەرهەم دەهێنرێن.



# هاوپەیمانیی ئیسپانیا و ئیتاڵیا بۆ بەرهەمهێنانی کەشتییە جەنگییەکان

شالاو حەمید

هاوپەیمانیی نێوان هەردوو کۆمپانیای زەبەلاحی کەشتیسازیی ئەورووپی، ناڤانتیای ئیسپانی و فینکانتییێریی ئیتاڵی، وەک هەنگاوێکی ستراتیژیی گرنگ بۆ پەرەپێدانی نەوەی نوێی کەشتییە جەنگییەکان سەیردەکرێت. ئەم پرۆژەیە لەژێر چەتری هاوکارییە هەمیشەییەکانی یەکێتیی ئەورووپادا بەڕێوەدەچێت و ئامانجی دروستکردنی کەشتییەکی جەنگیی پێشکەوتووە کە بتوانێت ڕووبەڕووی ئاستەنگە دەریاییەکانی داهاتوو ببێتەوە. ئەم هاوپەیمانییە تەنیا لە نێوان ئەم دوو کۆمپانیایەدا نییە، بەڵکوو کۆمپانیای "ناڤال گرووپ"ی فەرەنسیش هاوبەشێکی سەرەکییە لەم پرۆژە گەورەیەدا کە چوار وڵاتی سەرەکی وەک ئیتاڵیا، ئیسپانیا، فەرەنسا و یۆنان سەرکردایەتی دەکەن و چەندین وڵاتی دیکەی وەک ڕۆمانیا، دانیمارک و نەرویجیش پشتگیریی لێ دەکەن.

ئەم پرۆژەیە کە بە "دێوەزمەی دەریاکان" وەسف دەکرێت، زیاتر لە ٤٠ کۆمپانیای تایبەتمەند لە بواری سیستەمە دەریاییەکان و کەرەستە سەربازییەکان لەخۆ دەگرێت کە لە ١٢ وڵاتی جیاوازی ئەورووپییەوە بەشدارن. ئامانجی سەرەکییان دروستکردنی کەشتییەکە کە تایبەتمەندیی پێشکەوتووی هەبێت، واتە بتوانرێت بە ئاسانی بەپێی جۆری ئەرکە سەربازییەکە کەرەستە و چەکەکانی بگۆڕدرێت. ئەم کەشتییانە بۆ ئەنجامدانی ئەرکی جۆراوجۆر وەک پاراستنی سنوورە دەریاییەکان، بەرەنگاربوونەوەی چەتە دەریاییەکان و هەروەها بەشداری لە ئۆپەراسیۆنە جەنگییە ئاڵۆزەکاندا دیزاین دەکرێن. بەهۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و سیستەمی دیژیتاڵیی هاوچەرخەوە، دەتوانن بە هەماهەنگییەکی بەرز لەگەڵ هێزە دەریاییەکانی دیکەی وڵاتانی هاوپەیمان کار بکەن.

گرنگیی ئەم هاوپەیمانییە لەوەدایە کە یەکەمین پرۆژەی هاوبەشی سەربازیی دەریاییە لەسەر ئاستی ئەورووپا بەم شێوەیە فراوان بێت، ئامانجیشی بەهێزکردنی سەروەری و توانای بەرگریی ئەورووپایە لە دەریاکاندا. ئەم کەشتییە نوێیانە کە کێشیان نزیکەی ٣٠٠٠ تۆن دەبێت و درێژییەکەیان دەگاتە ١١٠ مەتر، بە شێوەیەک دیزاین کراون کە تێچووی دروستکردن و چاککردنەوەیان کەمتر بێت و لە هەمان کاتدا کارایییەکی یەکجار بەرزیان هەبێت.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# دیسپلینی هەست و سۆز لە ژینگەی سەربازیدا

## کۆنترۆڵکردنی تووڕەیی وەك جۆرێك لە هێز

● ئا: هەوراز ساڵح مەلەکی



تووڕەیی یەکێک لە باوترین هەستەکان لە ژیانی سەربازیدایە، بەڵام زۆرجار لێکدانەوەی هەڵەی بۆ دەکرێت. سەربازان لە ژێر گوشاری بەردەوامی ئەرکدان. لە دیسپلینێکی توندا، تووڕەیی نیشانەی لاوازی نییە، بەڵکو وەڵامێکی سروشتیی جەستە و مێشکە بۆ گوشاری درێژخایەن.

لە کولتوری سەربازیدا زۆرجار هەستەکان دەرنابڕدرێن، بەڵکو بەبێدەنگی بەرگەیان دەگرێت. لە کاتێکدا ئەم ڕێگایە دەتوانێت بۆ ماوە کورتخایەنەکاندا کاریگەر بێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات دەتوانێت ببێتە هۆی باری زۆری سۆزداری. کاتێک گوشار بەبێ دەربرین کۆدەبێتەوە، ڕەنگە تووڕەیی لەناکاو و بە توندی سەرهەڵبدات، تەنانەت سەربازەکەش سەرسام بکات کە تووشی بووە. تێگەیشتن لەوەی کە تووڕەیی نیشانەیە- نەک شکست- یارمەتی سەربازەکان دەدات دەست بکەن بە مامەڵەکردن لەگەڵ تووڕەییەکەیاندا نەوەک دەربڕینی بەشێوەیەک کە ببێتە هۆی ئازاردانی کەسانی بەرامبەر بەهۆی ئەو گوشارە دەروونییەی بۆیان دروست دەبێت.

### چی ڕوودەدات لە ناو جەستە و مێشك پێش ئەوەی تووڕەیی زاڵ بێت؟

پێش ئەوەی تووڕەیی لە دەرەوە دەربکەوێت، لە ناوەوە دەست پێدەکات. کاتێک سەرباز تووشی گوشاری دەروونی دەبێت، مێشک دەچێتە دۆخی مانەوە (دۆخی شەڕ یان پاشەکشە). هۆرمۆنەکان وەک ئادرینالین و کۆرتیزۆل بەرزدەبنەوە، دڵ خێراتر لێدەدات، ماسولکەکان توند دەبن، هەناسە قورس و بیرکردنەوە سنووردار دەبێت.

لە مەیدانی شەڕدا، ئەم دۆخە زۆرجار ژیانی سەرباز پارێزراو دەکات، بەڵام ئەم سیستەمە دەتوانێت لە دۆخە ئاساییەکانداش چالاک ببێت؛ وەک گفتوگۆیەکی توند، هەستکردن بە نادادپەروەری، یان کێشەیەکی بچووک. کاتێک سیستەمی هۆشیاریی بەردەوام چالاک بمێنێت، سنووری تووڕەیی نزم دەبێت، فێربوونی ناسینەوەی نیشانە جەستەییە سەرەتاییەکان وەک قورسی ددان، گرتنی مشت و هەستکردن بە گەرمبوونی ناوەوەی لەش، ئاماژەیەکی گرنگ بە سەربازەکان دەدات بۆ کۆنترۆڵکردنی خۆیان پێش ئەوەی تووڕەیی پەرەبستێنێت.

### کاتێك تووڕەیی ڕوو لە سەرباز دەکات

کاتێک تووڕەیی کۆنترۆڵ نەکرێت، تەنها لە یەک ساتدا نامێنێت، بەڵکو کاریگەرییەکانی بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی سەرباز دەچێت. لە ناو یەکەدا، دووبارەبوونەوەی تووڕەیی متمانە کەمدەکاتەوە، ترس زیادەبێت و هاوکاری کەمدەبێتەوە. لە کارە سەربازییەکاندا، تووڕەیی دەتوانێت بڕیاری خێرا و هەڵە دروست بکات کە ژیان و ئەرک بخاتە مەترسییەوە. لە دەرەوەی ئەرکدا، تووڕەیی زۆرجار لەگەڵ سەرباز دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ و کاریگەریی خراپ لەسەر خێزان و پەیوەندییەکان دروست دەکات.

### کۆنترۆڵی سۆزداری وەك جۆرێك لە هێز

یەکێک لە تێڕوانینە زیانبەخشەکان لە کولتووری سەربازیدا، ئەو باوەڕەیە کە کۆنترۆڵی سۆزداری بە واتای سەرکوتکردنی هەستەکان لێکبدرێتەوە. ڕەنگە سەرکوتکردن لە کورتخایەندا کاریگەر دەربکەوێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات گوشاری ناوخۆیی زیاد دەکات. کۆنترۆڵی ڕاستەقینەی سۆزداری واتە توانای ناسینەوەی هەستەکان و ڕێکخستنی کاردانەوە فیزیۆلۆژییەکان و هەڵبژاردنی وەڵامی باش و سوودبەخش نەوەک وەڵامی دەرەوەی ویست و ئیرادەی سەرباز.

ئەو سەربازەی کۆنترۆڵی هەستەکانی دەکات، بێ سۆز نییە. ئەم توانایە پیشەیی و دیسیپلین و تەندروستی دەروونی درێژخایەن دەپارێزێت. ڕێکخستنی سۆزداری ڕێگە بە سەربازەکان دەدات بەرگەی گوشاری زۆر بگرن و لە هەمان کاتدا ڕێگری لە زیانگەیاندن بە خۆیان و کەسانی دیکە دەکەن.

### شێوازە پراکتیکییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی تووڕەیی

تووڕەیی زۆرجار بە بێ هۆ نایات، کەم خەوتن و ماندووبوون توانای کۆنترۆڵی هەست کەم دەکەن. کاتێک جەستە خاوەن هێز نییە، مێشکیش ناتوانێت وەڵامی گونجاو بدات. تێگەیشتن لە گرنگی خەوتن و ئارامگرتن بۆ سەلامەتی دەروونی، گرنگییەکی سەربازی هەیە. هەناسەی هێواش نیشانەی ئارامی بۆ جەستە دەنێرێت. جوڵەی جەستەیی، وەک ڕاهێنان یان بە پێ ڕۆشتن، گوشاری کۆکراو کەمدەکاتەوە. قسەکردن لەگەڵ هاوڕێیەکی متمانەپێکراو یان پرۆفیشنال، ڕێگایەکی گرنگە بۆ ڕزگاربوون لە گوشاری ناوەوە.

سەرچاوە:

- American Psychological Association (2019). Anger control and emotional regulation under stress.
- U.S. Department of Defense (2020). Psychological health and resilience in military personnel.
- National Institute for Health and Care Excellence (2022). Stress management and emotional regulation.



# ڕۆڵی پزیشکی لە ناو یەکە سەربازییەکاندا

● ڕائید/ قاسم جاسم عەزیز

هەر لە کۆندا دوور لە سیستمەی نوێی پزیشکی، لە جەنگە دوور و درێژەکانی مێژوودا، کاتێک سەرباز بریندار دەبوو، چارەسەرێکی دەسپێکی بۆ دەکرا کە زۆر سادە بوو، وەک (پاککردن و بەستنی برین) بە کەرەستە ئاساییەکان وەک پارچە پەڕۆ و ئەو دەرمانانەی کە بەکاریان دەهێنا هەموویان دەرمانی سروشتی بوون، کە زۆرجار لەبەر سەختی برینەکەی و نەبوونی چارەسەرێکی گونجاو، دەبووە هۆی مردنی بریندار. پاشان زانستی پزیشکی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گۆڕانی بەسەر داهات و بووە یەکێک لە بڕبڕەکانی پشتی هەر هێزێک کە بیەوێت کەمترین زیانی بەربکەوێت. لە ناو مێژوودا ژمارەی ئەو پزیشکانە زۆرن کە لە ناو یەکە سەربازییەکان ئیشیان کردووە. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا پزیشکێکی فەرەنسی کە لە ناو سوپای (ناپلیۆن پۆناپارت) بە ناوی (دۆمینیک ژان لاری) یەکەم کەس بوو کە سیستەمی ئەمبوڵانسی خێرای دروستکرد، ئەم سیستمە بووە هۆی ڕزگاربوونی زۆرێک لە سەربازانی سوپایەک کە لە مەیدانی جەنگدا بریندار ببوون و بە خێرایی دەگەیەنرانە تیمی پزیشکی دواوە، تا ئێستاش ئەم سیستمە لە ناو سەربازیدا بەپێی توانای لۆجستی یەکەکە پەیڕەو دەکرێت. لە ناو فیکر و ئایدۆلۆژیای سوپادا پێویستە ڕۆڵی پزیشکی کارا بێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارە دوای گۆڕینی هێزی پێشمەرگە بۆ هێزێکی یەکگرتووی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە، یەکەی گۆڕەپانی پزیشکی دروستکرا، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو لە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بەهۆی چاودێری و ڕێنمایی پزیشکی، بووە هۆی ئامادەبوونی فیزیکی و بەرەوپێشچوونی جەستەیی پێشمەرگە، تا بتوانن تەندروستی خۆیان بەهێز بکەن. هاوکات ئەم تایبەتمەندییە توانای هەموو ئەندامان و کارایی و لێهاتووی یەکەکەش بەهێز دەکات. لێرەدا گرنگترین ئەو خاڵانە دەخرێتەڕوو کە یەکەی گۆڕەپانی پزیشکی لەسەر ئاستی فرقە ڕۆڵی تێدا دەبینێت:

١- یەکەم: پلاندانانی باشی تەندروستی و فریاکەوتن بۆ هەموو ئەو ئۆپەراسیۆنانەی کە فرقە ئەنجامی دەدات و دیاریکردنی شوێنی نەخۆشخانەکان و ڕێکخستنی ڕێگا بۆ ئەوەی برینداران لە مەیدانی جەنگ بە سەلامەتی بگوازرێنەوە.

٢- دووەم: بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی تیمی پزیشکییەکان و دڵنیابوون لە بوونی دەرمان و کەلوپەلی لۆجستی و هاوکاریکردنی تەواوی نێوان نەخۆشخانە سەربازییەکان.

٣- سێیەم: چاودێری تەندروستیی بڵاوی هێزەکان کە دەبێت پشکنینی گشتیان بۆ بکرێت و هەروەها چاودێری بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گوازراوەکان بکات لە کۆکردنەوەی نووسین و داتای تەندروستی.

٤- چوارەم: پشتگیریی دەروونی هەموو هێزەکان بکات و مۆراڵی هێز لەڕووی تەندروستییەوە بەرزبکاتەوە.

٥- پێنجەم: فێرکاری و ڕاهێنانی جەستەیی کە پێویستە بۆ هێزەکە ڕێکی بخات.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# ووشەی یەکتربڕ

| 14 | 13 | 12 | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ■ | | | | | ■ | | | | | | | 1 |
| | | | | | ■ | | | | | | ■ | | | 2 |
| | ■ | | ■ | | | | | | ■ | | | | | 3 |
| | | ■ | | ■ | | | | ■ | | | | | | 4 |
| | | | | | | | ■ | | | | ■ | | | 5 |
| ■ | | | | | | ■ | | ■ | | | | | ■ | 6 |
| | | | ■ | | ■ | | | | | ■ | | ■ | | 7 |
| | | | | | ■ | | | | ■ | | | | | 8 |
| | ■ | ■ | | ■ | | | | | ■ | | | | | 9 |
| | | | | | | ■ | | | | | | | ■ | 10 |
| ■ | | | ■ | | | | ■ | | | | ■ | ■ | | 11 |
| | | | | ■ | | | | ■ | | ■ | | | | 12 |
| | | | | | ■ | | | | | ■ | | | | 13 |
| | | ■ | | | | | ■ | | | | | | | 14 |

ئامادەکردنی: عەمید منیر ئەحمەد

**ئاسۆیی:**

١-ناوی هونەرمەندێکی کوردە- دوژمنی بووک – وەکو یەکە.
٢-تۆ بە ئینگلیزی (پ) – لەتکە تێکەڵاو – پایتەختی پۆلۆنیا.
٣- ئاورێژی سەخفی خانوو – کەپر.
٤- یانەیەکی ئیتالییە – جۆرە بارهەڵگرێکە – (لەت)ی سەربڕاو.
٥- (وەن)ی بنبڕاو – لە خوری دروست دەکرێت (پ) – جۆرە مووشەکێکە.
٦-ناوی کچانە (پ) – جۆرە پێنووسێکە.
٧- چوار پیت لە سیتیزێن – باڵندە.
٨- ناوی براندێکی ئەلیکترۆنی وڵاتی ژاپۆنە (پ) – باو تێکەڵاو – جۆرە پیشەیەکە.
٩-دراوی هندستان – جۆرە میوەیەکە.
١٠-کیتۆیا تێکەوڵاو – رۆلبیس تێکەوڵاو.
١١-شارێکی باکووری کوردستانە – جووڵەیەکی شەترنجە- (یار)ی بنبڕاو.
١٢-کەرەستەیەکی کۆنی دروستکردنی خانووبەرەیە (پ) – قازانج – درنک تێکەوڵاو.
١٣-شارۆچکەیەکی رۆژهەڵاتی کوردستانە(پ) – رۆژێکی هەفتەیە – ئامێرێکی گواستنەوەیە.
١٤-شارێکی کوردستانە – جۆرە پۆشاکێکی ئافرەتانە – بێدەنگ (پ).

**ستوونی:**

١-پایتەختی نەرویج – بەرهەمێکی چێلە – کەرەستەیەکی دروستکردنی خانوبەرەیە.
٢- نەهالیا تێکەڵاو – بەرهەمێکی کشتوکاڵییە – شارێکی رۆژهەڵاتی کوردستانە.
٣-خیرا (پ) شارێکی باکووری کوردستانە – جۆرە حەشەرەیەکە دەکەوێتە پرچی مرۆڤ (پ).
٤-پیرۆنە تێکەڵاو – جۆرە ساردیەکە.
٥-(کەو)ی ناوقەدبڕاو – رۆژئاوا بە ئینگلیزی - پایتەختی پۆلەندا.
٦-لسر تێکەڵاو – ناوی کچانە – (رەک)ی سەربڕاو.
٧-چێژ – وڵاتێکی ئەفریقایە – پێڵاوی ئەسپ.
٨-رۆژنامەیەکە – برین – مۆکی تێکەڵاو.
٩-ناوی کچانە (پ) – دەرمان بە فارسی (پ).
١٠-سووتاو بە بادینی- شارێکی رۆژهەڵاتی کوردستانە – میوەیەکی هاوینییە (پ)- ئێمە بە فارسی.
١١- (وار)ی بنبڕاو – جۆرە درەختێکە – جۆرە گیایەکی ناو چایە – خەڵک بە عەرەبی.
١٢- دەموچاو بە بادینی – لیسە تێکەڵاو - شارێکی باکووری کوردستانە.
١٣- گومان (پ) – تەولک تێکەڵاو – پێچەوانەی باشوور.
١٤-چیایەکی کوردستانە – بەرهەمی دارێکی خۆرسکە – پێچەوانەی گوڵ.

## وەڵامی ژمارە ٤٨

| 14 | 13 | 12 | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ك | ك | ■ | و | س | ه | خ | ■ | ر | و | ن | ی | ا | ئ | 1 |
| و | ش | ر | ا | و | ■ | ه | ت | ل | ك | ه | ■ | ی | و | 2 |
| ر | ■ | و | ■ | ت | ا | ب | ا | س | ■ | ▯ | و | ل | س | 3 |
| ه | ل | ■ | ك | ■ | ن | ا | م | ■ | و | ی | ز | ا | ل | 4 |
| ك | و | ه | ا | م | و | ت | ■ | س | ی | ر | ■ | ه | و | 5 |
| ■ | ك | ی | ▯ | ا | م | ■ | ل | ■ | س | و | س | ن | ■ | 6 |
| م | ه | ل | ■ | ك | ■ | ز | ی | س | ت | ■ | ل | ■ | ش | 7 |
| ا | ت | س | ه | و | ■ | ا | ب | و | ■ | س | و | ن | ی | 8 |
| ز | ■ | ■ | ی | ■ | و | م | ی | ل | ■ | ی | ▯ | و | ر | 9 |
| ی | ب | س | ل | و | ر | ■ | ا | ی | و | ت | ی | ك | ■ | 10 |
| ■ | ا | ی | ■ | ت | ا | م | ■ | ن | ا | و | ■ | ■ | ب | 11 |
| د | ك | ر | ن | ■ | د | و | س | ■ | ر | ■ | ك | س | ل | 12 |
| ر | و | ت | ا | م | ■ | ی | م | ه | ش | ■ | ش | ن | و | 13 |
| ك | ر | ■ | س | ا | ر | ك | ■ | ك | و | ك | ر | ه | ك | 14 |

# ڕووداوە سەرسوڕهێنەرەکانی ژیانی سەربازی

● ئامادەکردنی: ئارمان

## شەڕی ئیمۆ لە ئوستورالیا



لە ساڵی ١٩٣٢ حکومەتی ئوستورالیا بڕیاریدا شەڕێکی فەرمی دژی باڵندەی ئیمۆ ڕابگەیەنێت، چونکە ئەم باڵندانە زیانیان بە کێڵگەی گەنم دەگەیاند. سوپا بە چەکی قورسی وەک ڕەشاش هێرشی کردە سەر باڵندەکان، بەڵام باڵندەکان ئەوەندە خێرا و زیرەک بوون کە نەیاندەهێشت سەربازەکان بیبانپێکن. دوای سەرفکردنی هەزاران فیشەک سوپای ئوستورالیا شکستی خۆی ڕاگەیاند و پاشەکشەی کرد، لەبەرئەوەی نەیتوانی باڵندەکان لەناو ببات.

## ورچە سەربازەکە



لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا کۆمەڵێک سەربازی پۆڵەندی ورچێکی بچووکیان لە ئێران کڕی و ناویان نا وۆیتێک. ئەم ورچە لەگەڵ سەربازەکان گەورە بوو و فێری جگەرەکێشان و مەشروب خواردنەوە ببوو. ورچەکە بە فەرمی کرا بە سەرباز و پلەی عەریف و مووچەی بۆ بڕایەوە. لە شەڕی مۆنتی کاسینۆدا ئەم ورچە یارمەتی سەربازەکانی دەدا و سندوقی قورسی تەقەمەنی بۆ دەگواستنەوە بێ ئەوەی یەک سندووقیش بخاتە خوارەوە.

## تانکە لاستیکییەکان



لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا ئەمریکا یەکەیەکی سەربازی نهێنی هەبوو کە پێکهاتبوون لە وێنەکێش و ئەکتەر و ئەندازیاری دەنگ. ئەمان تانکی ڕاستەقینەیان بەکارنەدەهێنا، بەڵکو تانکی لاستیکیان هەبوو کە بە هەوا پڕ دەکرانەوە. لە دوورەوە وەک تانکی ڕاستەقینە دەردەکەوتن. هەروەها بڵندگۆی زۆر گەورەیان بەکاردەهێنا بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگی جووڵەی تانکەکان. بەم شێوەیە سوپای ئەڵمانیایان هەڵدەخەڵەتاند و وایان نیشان دەدا کە سوپایەکی گەورە لەو شوێنەیە.

## شەڕی بەراز



لە ساڵی ١٨٥٩ لە نێوان ئەمریکا و ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا کێشەیەکی گەورە لەسەر دوورگەیەکی بچووک دروست بوو. هەموو شتێک لەوەوە دەستی پێکرد کە جووتیارێکی ئەمریکی بەرازێکی بینی لە ناو زەوییەکەیدا پەتاتە دەخوات، ئەویش تەقەی لێکرد و کوشتی. دەرکەوت بەرازەکە هی هاووڵاتییەکی بەریتانی بووە. ئەم ڕووداوە ئەوەندە گەورە بوو کە هەردوو وڵات سوپایەکی زۆریان کۆکردەوە و ئامادەی شەڕ بوون. بۆ ماوەی چەندین مانگ سەربازەکان ڕووبەڕووی یەک وەستابوون، بەڵام لە کۆتاییدا بە ئاشتی کۆتایی هات و قوربانی ئەو جەنگە تەنها ئەو بەرازە بوو کە کوژرا.

## ئەو سەربازەی بە کەوان و تیر شەڕی دەکرد



لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا کە سەردەمی فڕۆکە و تانک و چەکی پێشکەوتوو بوو، ئەفسەرێکی بەریتانی هەبوو بە ناوی جاک چێرچڵ کە بە جاکە شێتەکە ناسرابوو. ئەم پیاوە ڕەتی دەکردەوە بە چەکی ئاگرین شەڕ بکات. ئەو لە هەموو شەڕەکاندا شمشێرێکی گەورە و کەوان و تیرێکی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرت. تەنانەت توانی لە ناوەڕاستی جەنگی جیهانی دووەمدا سەربازێکی ئەڵمانی بە تیر بکوژێت. ئەو دەیوت هەر ئەفسەرێک بێ شمشێر بچێتە ناو جەنگ، ئەوا بە جوانی جلی نەپۆشیوە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




بۆ بەئاگابوونت لە نوێترین
هەواڵی پێشمەرگە

سەردانمان بکەن لە سەرجەم
سەکۆی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان

@KRG.MOPA.OFFICIAL

No
49

# PESHMARGA

PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

## سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی غەدر و خیانەت



شەهید (رامین عادل قاسم)



شەهید رائید (شەهاب بریندار بێخشاشی)




شەهید ملازم (ڕێبەر عەبدال ئەحمەد)



شەهید (کەیوان موزەفەر قادر)



شەهید (پشتیوان مەلا موسا)



شەهید (زکری شاکر محەمەد)



شەهید (مژدە ئەسعەد حەسەن)



شەهید (مووسا ئەنوەر رەسول)



شەهید ( وەیسی ئاخر سەعید )

Spring 2026

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku